عەزیز گەردی

رەوانبێژی
لە ئەدەبی کوردی دا

بەرگی یەکەم

البیان

رەوانبێــــژی

لــە ئەدەبی کــوردیدا

بــەرگی یەکەم

ڕوونبێژی ـ البیــان ـ

عەزیز گــەردی

سەرچاوەی زاراوەکان

لەبە ئەوەی ئەم کتێبە بە هەرسێ بەرگیەوە هەندێ زاراوەی ڕەوانبێژی تیا بەکار هاتووە ، کە تا ئێستا باو نین و هەندێ نووسەر لەسەر ئەو ڕایەن کە ئەو زاراوانە جارێ هەر بە عەرەبی بهێشترێنەوە ، تا ڕۆژی خۆی دێ . بەڵام من وام بە چاك زانی کە ئەم زاراوانە لە نووسینا بە کار بێنم و بۆ ئەوەی بزاندرێ کە من لە خۆمەوە ئەو زاراوانەم نەهێناون بۆیە وا لە خوارەوە سەرچاوەکان تۆمار دەکەم :

١ ـ ئەدەبی کوردی و لێکۆڵینەوە لە ئەدەبی کوردیدا .. علاء الدین سجادی

٢ ـ دەستوورو فەرهەنگی زمانی کوردی و عەرەبی و فارسی .. علاء الدین سجادی

٣ ـ زاراوەی زانستی نەقابەی مامۆستایان ـ لقی سلێمانی

٤ ـ هەندێ زاراوە زانستی جمال نەبەز

٥ ـ فەرهەنگی خال شیخ محمدی خال

٦ ـ فەرهەنگی رابەر گیو موکریانی ـ

پێشەکی

خوێنەری بەڕێز :

ئێستا کە خۆمان بەرامبەر ئەم باسە دەبینین وا چاکە ئەوە پیشان بدەم کە چۆن ؟ وەکەی ؟ وە بۆچی ؟ ملم دایە ئەو باسەو کەوتمە سەر نووسینی رەوانبێژی کوردی •

بەر لەوەی سنووری قوتابخانەی ناوەندی بشکێنم ئەوەندە چەشەم لەگەڵ شتی ئەدەبی نەئەبزووت بەڵکو تاسەو ئارەزووم بەتێکڕایی رووی لە باسە زانیاری‌یەکان بوو • بەڵام ئەو کاتەی کە خۆم لە قوتابخانەی مامۆستایانی سەرەتایی دی ، وا ئەکەم لێرە ، ئەو زانیاری‌یانەی دڵیان گۆش کردبووم بەرەو کزی ئەڕۆن‌و ئەو شتانەی تا ئێستا چەشەم لەگەڵیانا نەئەبزووت وەکو باسە ئەدەبی‌یەکان وا خەریکن یەکە خۆیان بەسەرما سائ ئەکەنەوەو ئەمخەنە داوی خۆیانەوە •• ئیتر ناچار بووم ئەوەی تا ئێستا لە مێشکا بوو بیسڕێنم یاخود بڵێین بیخەمە خەوەوە بەرەو ئەو مەیدانە بێ‌پایانە سنگ بنێم کە لەوێوە ئاڵای هونەرو ئەدەب‌و نووسین ئەدرەوشێتەوە ، ئیتر ئەوە بوو کەوتمە خوێندنەوەو لێووردبوونەوەی ئەدەبی عەرەبی‌و کوردی••

هەر لەگەڵ کۆتایی بوونیشم لە قوتابخانە بە تایبەتی پاش ئەوەی کە لە سەرەتای ساڵی ١٩٦٨ لە هەولێر دامەزرام • وا ئەکەم لە لایێ بێ ئیشی دەستم ماچ ئەکات‌و لە لایەکی تریشەوە کتێبخانەی گشتی باوەشم بۆ ئەکاتەوە • ئیتر کەوتمە هات‌و چۆ بۆ کتێبخانەی گشتی •• لە کتیبانەی ئەمخوێندنەوە زیاتر حەزم لە کتێبی رەوانبێژی ئەکرد • ئەوەشمان لە بیر نەچێ لەگەڵ خوێندنەوەی هەر کتێبێکا تێبینی‌و سەرەقەڵەمی تایبەتیم ئەنووسیەوە تا وای لێ‌هات چەند دەفتەرێکم پڕ کردەوە •• رۆژێکیان لە کاتێکا کە ئەو کۆمەڵە دەفتەرەم هەڵگێڕو وەرگێڕ ئەکرد لەپڕ شتێکی سەیرم بە بیردا هات کەوتمە پرسیارو لێکدانەوە : ئایا کورد رەوانبێژی نی‌یە ؟! ئەی بۆچی تا ئێستا لەم رووەوە هیچ هەولێکی رێک‌وپێک نەدراوە ؟ بۆچی ئەم لایە گرنگەی ئەدەب پشت گوێ خراوە ؟ هەر لەم لێکدانەوەیەدا بووم کە

ئەو بیرەم بە مێشکا تێپەڕبوو کە من ئەم ئەرکە بگرمە ئەستۆو بکەومە سەر نووسینی رەوانبێژی کوردی .. فەیدی چی یە ؟ با تەختێ ئەو کورتی تیا بێ ! با لە مەودوا رۆڵە دڵسۆزەکانی کورد زمان وورده وورده خاوێنی بکەنەوەو رێکی بخەن . کەمو کورتی تەواو بکەنو زیادەی لێ بسڕنەوە .. بۆ ئەوەی ئێمەش وەکو نەتەوەکانی تر بتوانین پڕ بە گەروو دەنگ هەڵبڕینو بتوانین بڵێین زمانەکەمان خزمەتێکی کراوەو هەوڵێکی بۆ دراوە ! جا بە هۆی ئەم سەرنجو تێبینییانەو بە پێی ئەو نەخشەی کە بۆ پڕۆژەکەم کێشابووم توانیم بکەومە ئیش کردنەوە .. لە هەمان کاتیشا شالاوم بۆ دیوانو گۆڤارو رۆژنامەکانی کوردی برد بۆ دۆزینەوەی نموونەی تەواوو زیندوو بۆ هەر یەکێ لە پیشە رەوانبێژییەکان ، بۆ ئەوەی باسی لێکۆڵینەوەکە ساردو سڕو لاوەکی ـ غریب ـ دەرنەچی بەڵکو لە جەرگەی ئەدەبێکی خۆڕسکی کوردییەوە هەڵبقوڵێ .. ئەمەوێ ئەوەش دەربخەم کە دژوارترین تەگەرەم کەوتبێتە رێ نەبوونی یاخود کەمی سەرچاوەی کوردییە ، لەگەڵ زاراوەکانی ئەم زانیارییە .. بۆ سەرچاوەکان ناچار بووم هێز بدەمە سەرچاوەکانی عەرەبی ، خۆ رەوانبێژیش لە هەموو ئەدەبێکا ، واتە ئەدەبی هەموو میللەتێکا هەر یەکە ئەوەندە هەیە زمانی نووسینەوەو نموونەکان ئەگۆڕێن وبەس ! ئەگینا گەوهەری زانیارییەکە هەمووی هەریەکەو وەك هەر زانیارییەکی تر سەرچاوەکەی بۆ لای یۆنانەکان ئەچێتەوە .

پێش ئەوەی دوا بەم پێشەکییە بێنم ئەمەوێ بڵێم رەوانبێژی کوردی وەکو رەوانبێژی هەر زمانێکی تر ئەکرێ بە سێ بەشەوە :

رەوونبێژی ـ البیان ـ ، واتاشناسی ـ المعانی ـ ، جوانکاری ـ البدیع ـ نیازم وابوو هەر سێ بەشی کتێبەکە پێکەوە لە بەرگێکا چاپ بکەم ، بەڵام لە ئەنجامدا ناچار بووم بەش بەش پێشکەش خوێنەرانی بکەم ، جارێ وا بەشی یەکەم ئەخەمە بەر چاوانەوە کە رەوونبێژی ـ البیان ـ ە تا ئەو رۆژەی دێت بەشەکانی تریش بە رۆناکی شاد ئەبن .

ئەوەی پێویستی گوتنە لێرەدا ئەوەیە کەمن دوو ساڵ خۆم بەم

بەرهەمەوە خەریك کردن ، بۆ ئەوەم نەبووەو نییە کە بیکەم بە پرۆگرامێك و لە کاتی نووسین و لێکۆڵینەوەدا پەیڕەوی بکەم چونکە ئەمە باسێکە سەردەمەکەی لە ئێستا بەولاوەترە بەڵام ئەوەندە هەیە هەستم بە کەلەبەرێکی زۆر گەورە ئەکرد کە هەر ئەبوایە پڕ بکرێتەوە بۆ ئەمەش پێ بە پێ ئەچوومە پێشەوەو تا ئەهات زیاتر لەسەری رشت ئەبووم !

دوا جار ئومێدەوارم کە ئەم بەرهەمە بچکۆلەیەم جێگای رەزامەندی هەموو کوردێکی مەردو دڵسۆز بێت و بەدڵێکی فراوانەوە ئەم دیارییەم لێوەربگرن .

عەزیز گەردی

هەولێر ۱۹۷۰/۱۱/۲۰

ئەدەبو رەوانبێژی

ئێمە کە ئەمانەوێ لە رەوانبێژی بدوێین پێویستە لە پێشا مانای ئەدەب بزانین ئەو کاتە بێینە سەر رەوانبێژی ...

ئەدەب بە جۆرێکی تێکرایی ئەو هەموو مرواری قسەی جوانو نەخشی دلفرێنو نیگاری پەسندو ئاوازی بەجۆش ئەگرێتەوە ، کە لە کۆنەوە لە باوکو باپیران بۆمان ماوەتەوە ؛ جا لەسەر بەرد هەڵکەنرابێ یا لەسەر پێستەی خۆشکراو نووسرابێ یا لە دیواری ئەشکەوتەکان چەسب کرابێ (١) ! بەڵێ ! ئەدەب ئەم هەموو شتانە ئەگرێتەوە لە هەمان کاتیشا بەو هەستە ناسکە ئەڵێین کە لە دڵی ئادەمزاد پەیدا ئەبێو دەر ئەبڕێ . بەو وشەی جوانو بەتینو دارشتنی هونەری‌یەوە دەرئەبڕێ ؛ خۆ ئەگەر دەر نەبڕێ ئەوە ئەبێ بە هەستێکی پەنگ خواردوو و ئەدەب دروست نابێ یاخود ئەتوانین بڵێین ئەدەب : ئەو پارچە نووسراوە بەهێزەیە کە لە سۆزێکی زیندووەوە هەڵقوڵاوەو بۆ بزواندنی سۆزی گوێگر یا خوێنەر هەوڵ ئەدا؛ ئەمەشیان بە هۆی ئەم بیرو خەیالو شێوە دارژاوە ئەبێت کە بەجوانترین شێوەو توندترین جۆر دەر ئەکەوێ ! ئەمە هێماو ئیشارەتێکی خێرایی بوو بۆ ئەدەب ئنجا بێینە سەر پەیوەندیو ماوەی نێوان ئەدەبو رەوانبێژی ..

بێگومان کە ئەدەب گوزارشت لە هەستو نەستی خاوەنەکەی بداتەوە، مانای ئەوەیە کە هەر لەگەڵ پەیدابوونی ئادەمزاد ئەدەب هەبووە ؛ چونکە مادام ئادەمزاد هەبووبێ هەستو هۆشی هەبووە . با هەستەکەی ئەوسای وەکو هەستی ئێستای ناسك نەبووبێ . یا هۆشو ژیری ئەوسەردەمی بەرادەی ئێستا گەشاوەو پێشکەوتوو نەبووبێ . بەڵام رەوانبێژی یاخود بڵێین لێکوڵینەوە پاش داهاتنو پەرەسەندنی ئەدەب بە هەزارەها بەلکو بە ملیۆنەها ساڵ داهاتووە . یەکەم جار لێکۆڵینەوە لە خاکی بە پیتی یۆنانەکانەوە ، چووزەرەی دەرکرد ، لە ناوەڕاستی سەدەی نۆبەمی پێش میلاد هۆمیرۆس لە (ئەلیازە)و (ئۆزیسە) باسی ئەم

---

(١) ئەمە پوختەی باوەڕی مامۆستا (سجادی)یە بڕوانە (ئەدەبی کوردیو لێکۆڵینەوە لە ئەدەبی کوردی)ل ٩ .

[illegible]

سەردەمە وەکو ئەدەبەکەی دەوری بەرایی لە قالبێکی رێك‌و رەوانا نەمەیی بوو • بەڵام هەر هاتە پێش‌و سەرکەوت تا لە سەدەی چوارەمی پێش میلاد پالەوانێکی ئاقوڵای لێ راست هات ، (ئەرەستۆ)ی لێ پەیدا بوو کە ئەو لێکۆڵینەوەی خستە بەرگێکی رێك‌و پێکەوە •• ئیتر هەر هات‌و گەشایەوە پەرەی سەند تا هەموو زمانەکانی تریشی گرتەوە •• لێردا لە ئەنجامی زۆر لێدوان‌و تەتەلە کردن بەلای هەندێ نەتەوە ــ وەکو عەرەبەکان ــ ئەم لێکۆڵینەوەیە بە دوو فلیقانی سەرکەوت‌و بەرز بووەوە ! لقێکی بوو بە رەوانبێژی ــ البلاغة ــ لقەکەی تریشی بوو بە رەخنە ــ النقد ــ یاخود کە مامۆستا (علاء الدین سجادی) هەر بە (لێکوڵینەوە) ناوی ئەبات •

جارێ ئێمە ئەوەمان بۆ دەرکەوت کە ئەدەب پێش رەوانبێژی ئەکەوێ واتە عەرەب گۆتەنی « ئەدەب سابقەو رەوانبێژی لاحقە » چونکە پێویستە ئەدەبەکە هەبووبێ ئنجا لەپاش شێ کردنەوەو لێکدانەوەیەکی زۆری ئەم ئەدەبە هەندێ یاساو دەستوور دەرهێنرابێ‌و ناوی نرابێ (رەوانبێژی) ! واتە ئەگەر ئەدەب نەبێ رەوانبێژی نابێ ! ••

لە لایەکی تریشەوە ئەدەب راستەو خۆ روو لە ژیانی کۆمەڵ ئەکات‌و لەگەڵیا ئەدوێ : رەخنەی لێ‌ئەگرێ ، پێی هەڵ ئەڵێ ، پشت گیری ئەکات ، پەردە لە ناگوزووری یەکانی هەڵ ئەمالێت •• بەڵام رەوانبێژی نە ، بەڵکو لە ئاوێنەی ئەدەبەکەوە سەیری ژیان ئەکات ، لە پێشا روو ئەکاتە ئەدەب‌و لێکی هەڵ ئەوەشێنێ ئنجا لەو دیو ئەو ئەدەبەوە باوەڕی خۆی بەرامبەر ژیانی کۆمەلایەتی دەر ئەبڕێت ••

هەروەها ئەدەب لایەنێکی (ایجابی)و داهێنەرە ، چونکە نووسەر یا هۆنەر لە خۆیەوە شتێك بەرهەم ئەهێنێ جا هۆنراوە بێ یا چیرۆك یا ووتار •••• بەڵام رەوانبێژی وا ئەبێ (سلبی) بێت کە روو لە لایەنی کزی بەرهەمێکی ئەدەبی بکات‌و دەری بخات ، یا وا ئەبێ کە (ایجابی) بێت بە هۆی ئاراستەکردنی نووسەر هێنانەوەی بۆ سەر راستەڕێ‌و رزگارکردنی لە هەڵدێری هەڵەو کۆسپی تێ‌کەوتن ••

١

دیسان ئەدەب ئەمیتی نووسەر پیشان ئەدا ئاوێتەی بیر و ...
بەهرەو باوەڕەکانی‌یەتی بۆیە شتێکی (خودی ــ ذاتی)یە بەڵام ڕەوانبێژی چونکە تا رادەیەك پشت بە دەستووری سنوور کێشراوو داڵن پیانراو ئەبەستێ شتێکی (بابەتی ــ موضوعی)یە . بەڵام لەگەڵ ئەمەشا نووسەری ڕەوانبێژی ناتوانی دەست لە چەشەی تایبەتی خۆی بە تەواوی بەرێداو باوەڕی خۆی هەر پێشان ئەدا بۆیە ڕەوانبێژی لە هونەرو زانیاری پێك هــاتووە .

ئەمە بوو بە تێکڕایی پەیوەندی نێوان ئەدەبو ڕەوانبێژی ؛ جا ئێستا دێینە سەر ئەوە ئاخۆ ڕەوانبێژی چۆن ؟!وە بە چ ڕێگایەکەوە ؟! وە تاچ رادەیەك ؟! خزمەتی ئەدەب ئەکات . وە چۆن ئەبێتە ئەلقەیەك لــە نێوانی نووسەرو خوێنەردا ؟! بۆ ئەوەی خواستو مەرامی نووسەر بــۆ خوێنەر روون بکاتەوەو بیانگە یێنێتە یەکتر !! (1) .

ڕەوانبێژی وەکو لە پێشــەوە ووتمان ئەکــرێ بە سێ بەشــەوە : روونبێژی ــ البیان ــ ، واتاشناسی ــ المعانی ــ ، جوانکاری ــ البدیع ــ . هەریەکە لەم سێ بەشە چەند پیشەیەکی جوانو قەشەنگ ئەگرێتەوە ؛ جارێ روونبێژی لێکچواندنو خوازەو خواستنو درکە ئەگرێتەوە ، ئەمانەش لە ئەدەبدا دەستکردی سۆزن ؛ سۆز پەلامــاری ئــەم شــتانە ئــەداتو ئەیهانهێنێ ... جا روونبێژی ئەوەمان بۆ روون ئەکاتەوە : ئاخۆ نووسەر یا هونەر تاچ رادەیەك توانیویەتی لەم بەرهەمەیدا سەرکەوتووبێ ؟! ئایا ئەو پیشەیەی دەستی بۆبردووە تەڕوپڕەو ئەچێتە دڵی خــوێنــەرەوە ؟! ئایا خاوەنی چەشەو زەوقێکی‌ئەدەبی نەرمو ناسکە ؟! یان نەء ؟! ئایا لــە نووسینو هونەر نواندا بە شێوەیەکی کوێرانە ڕێچکەی کەسانی پێش خۆی گرتووە ؟! یاخود خۆی ڕێچکەی بۆ خەلکی تر شکاندووە ؟! ئایا ئــەو

---

(1) سارتەر ئەڵێ : نووسەر کە شتێ ئەنووسێ مەبەستێکی هەیە ؛ جا ئەرکو پەیامی رەخنە لەوەدایە کە خوێنەر لە مەبەستی نووسەر حالی بکــاتو بەتەواوی بۆی روون بکاتەوەو تێی بگەیەنێ !

پیشە رەوانبێژییەی نووسینەکەی پێ گەوهەربەند کردووە لەگەڵ ئەو
مەڵبەندو ئەو رۆژگارە ئەگونجێ کە نووسەری تیا ئەژی ؟! ئایا هیچ
رەنگیو نابەجێیی تیا بەدی ئەکرێ ؟! ئایا بەرهەمەکە چۆن دابڕژابوایە
کاریگەری بە گوڕتر ئەبوو ؟! ئایا بەرهەمەکە گرەوی جوانی بردۆتەوە ؟!
یا لە زەلکاوی تێکەوتنا پێ مەلەیەتی ؟! ئەگەر جوانە ؟ شوێنی جوانییەکەو
بنەڕەتی جوانییەکە لە چیایە ؟! ئایا نووسەر توانیویەتی بە تەواوەتی
جۆشی دڵی بدا بە خوێنەر ؟ یا نەیتوانیوە ؟! روونبێژی وەڵامی ئەم
پرسیارانەو هەزارەها پرسیاری تری وامان بۆ ئەداتەوە ..

ئنجا ! جوانکاری ، جوانکاریش دوو جۆرە : رازاندنەوەی ووشەو
رازاندنەوەی گوزارە . هەریەکە لەم دووەش چەند پیشەیەکی رێکو
جوان ئەگرێتەوە وە ئەرکی جوانکاری لەوە دایە کە سەیری پارچە
ئەدەبییەکە ئەکاتو لایەنی جوانی ئەدۆزێتەوەو لێیان وورد ئەبێتەوە.
هەڵیان ئەسەنگێنێ ! ئایا نووسەر کە ئەم شتانەی هێناوە لە جۆشو خرۆش
دڵیەوە هێناوینیو خۆیان جوانی خۆیان سەپاندووە ؟! یا بەزۆری
رایکێشاونو لەم شوێنەی پەستاون ؟! ئایاجوانیو ئەفسووناوی نووسینەکە
سەرچاوەی بۆ کوێ ئەچێتەوە ؟! ئایا ئەم ووشانەی کە هاتوون هەر یەکە
لە شوێنی خۆی هاتووەو مانای پڕ بە پێستی خۆیەتی ؟! یا تەنگو لەنگەو
راوەستاوە ؟! ئایا گوزارە بەسەر ووشەکاندا زالە ؟ یا ووشەکان جلەوی
گوزارەکانیان گرتووە ؟! ئایا ووشەو گوزارەکان بە ئەندازەی یەکتر
هاتوون ؟ یا ووشەی زۆری هێناوە بۆ گوزاری کەم ؟ یاخود گوزارەیەکی
زۆری بە کەم ووشەیەك دەربڕیوە ؟ ئایا ئەم پیشە جوانکارییانەی هێناوینی
بەراستیبەرهەمەکەیان ئارایش داوە ؟ یا بە پێچەوانە دزێوو ناشیرینیان
کردووە ؟ ریزی ووشەکان ؛ ناوەکان ، راناوەکان ، کردارەکان چۆن
هاتووە ! ئایا ووشەکان رێكو تەبانو لەگەڵیەك ئەحەوێنەوە ؟ یا ناکۆکیو
ناهەمواریيان لە نێوانایە ؟! ئەمەش سووچێ لەو مەیدانە پانو بەرینەی
کە تیشکی جوانکاری رۆشنی ئەکاتەوە !..

ئنجا با بێینە سەر بەشی سێیەم : واتاشناسی ، ئەمەشیان روو ئەکاتە

ناوەرۆك‌و واتای پارچەكە . ئایا ئەو گوزارەی خراوەتە روو ... تیژه
یا كول‌و بەنگە ؟!! ئایا مەبەست‌و خواستی نووسەر بەرزە یا نزمە ؟ ئایا
بە تەواوی لەو ئامانجە ئەدات كە نووسەرەكە ناویەتەوە ؟! یا رووی لە
لایەكی ترە ؟ ئایا نووسیەكە یا جۆری دەربڕینەكە لەگەل پەیوەستی باری
دوێنراو ـ مقتضی حال المخاطب ـ ئەگونجێ یا ناگونجێ ؟! ئایا دوو
ڕستەی بە شوێن یەك هاتوو لە كوێ لەیەك دابڕێن‌جوان‌و نەجێ ئەبێت ؟
لە كوێ پێكەوە بنووسرێن تیروپەڕە ؟! هەریەكە لە كورت بڕی‌و درێژی‌و
هەمبەری لە شوێن خۆی هاتووە ؟! ئایا گوزارەكان شایەنی ئەو ووشانەن
كە دەریان بڕیوە ؟ یان نەء ؟ ئایا نووسەر لەچ كلاوڕۆژنە یەكەوە
ئەڕوانێتە كۆمەڵ‌و ژیانی مرۆڤ ؟ ئایا ئەو بیرەی دەری بڕیوە پەسندە یان
گەندە ؟ زنجیرەی بیرەكە چۆن هاتووە ؟! ئایا وەكو ئاوێكی ڕەوان
لەسەرەتاوە تا كۆتایی بەبێ قۆرت‌و كۆسپ هاتۆتە خوارەوە ؟ یا بیرەكە
پچڕ پچڕەو یەكتر ناگرێتەوە ؟! پاش‌وپێش‌كردنی ناو‌و كردارەكان ،
هەلبژاردنی ووشەكانی پرسیار چۆن كارئەكەنە سەر مانای گشتی
بەرهەمەكە ؟! ئەمەش مشتێ لەو خەرمانە پرسیاردی واتاشناسی ئەركی
وەلامدانەوەیان ئەگرێتە ئەسكورد ! ..

بەم جۆرە هەر بەشێكی رەوانبێژی روو لە كونجێكی ئەدەب ئەكات‌و ئەپیشكنێ بۆ ئەوەی هەلەو راستی ، جوانی وناشرینی ، بەرزی‌و نزمی بە تەواوی دەر بكەوێ‌و بكەوێتە بەر چاوانەوە ؛ بۆ ئەوەی نرخی راستەقینەی بەرهەمەكە بۆ هەموو كەسێ دەربكەوێ‌و نووسەر یا هۆنەریش ئاگاداری خۆی بێتەوەو نرخ‌و پایەی بەرهەمەكەی خۆی بزانێت !!..

ڕەوانبێژی چیە ؟!

ئەگەر بمانەوێ مانای ڕەوانبێژی لێك بدەینەوەو ساخی بکەینەوە نابێ هەر تەنها یەك یەك جۆرە بیروباوەڕ بنوسینو بڵێین : ئا تەمەیە ڕەوانبێژی ! چونکە هەر کەسێ بە جۆرێ تێی گەیشتووەو وەری گرتووە کە جیایە لە تێ گەیشتنو وەرگرتنی کەسانیتر ، بۆیە ئەمانەوێ لە پێشا بە تێکڕایی بیروباوەڕی چەند نەتەوەیەکی وەکو : یۆنان ، ڕومان ، هیند ، فارس ، عەرەب ، کورد بەرامبەر ڕەوانبێژی بنوسین بە دوای ئەمیشەوە بیروباوەڕی هەندێ نوسەرو ئەدیبی ڕۆژهەلاتو ڕۆژاوا ئەنوسین • ڕەنگە لەم میانەدا مانای ڕەوانبێژی نەختێ دەربکەوێو بزانرێ •

(فارس) : باوەڕی وایە کە ڕەوانبێژی لێك جیا کردنەوەی (الفصل) و (الوصل)ە [1] »

(یۆنان) : ئەلێ «ڕەوانبێژی دابەش کردنی دابەش کردنی (التقسیم) دروستو گونجاوە لەگەڵ هەڵبژاردنی ووشەی پوختەو جوان •• »

(ڕۆم ئەلێ : (ڕەوانبێژی کەمگۆییە لە شوێنی ئاشکراو درێژبڕییە لە شوێنی ڕێسەدا •• »

(هیند) لای وایە : «ڕەوانبێژی بریتییە لە دەربڕینی هەستو سۆز بە ئاسانیو بە ئاشکرایی : لەگەڵ هەل وەرگرتنو هێنا بۆ مەبەست کردن» •

(عەرەب) لەو باوەڕە دایە کە : «ڕەوانبێژی کورتبڕی بێ کەمو کوڕیو درێژبڕی بێ زیادەیە •• »

(کورد) : بۆ ئەوەی بزانین کورد چۆن ئەماشای ڕەوانبێژی کردووە؛ بە چەندی هەڵگرتووە ، قسە لە قسەی ئەو کوردە ئەکەین کە ئامۆژگاری کورەکەی ئەکردو ئەیوت : « ڕۆڵە ! قسە بپێکێژە ، بیبێژە ، بیوێژە • »

---

(١) : الفصل والوصل) باسێکی سەربەخۆیە لە (واتاشناسی)دا لە بەرگی سێیەم باس کراوە .

واتە : ڕۆڵە ! ئەگەر ویستت بدوێو قسە بکەی لە پێشەدا وەکو چۆن گەنم ئەکەن بە سەرەنداو ئەیگێڕن ، لەپاشا ئەیکەن بە بێژنگداو ئەیبێژن ئەو وەختە پوخت ئەبێ وکەلکی ئەوە ئەدا کە لە گەڕۆمەی ئاش بکرێو بکرێ بە ئارد .. ڕۆڵە ! قسەکەی تۆش با بەم چەشنە بێت . پێش ئەوەی قسە بکەیت لێی وورد بەرەوە لە هەڵەو چەوتی ، لە شتی زیادەو نارەسەن پاکژی بکەوە تا پوختە ئەبێ جا بە پوختەیی دەری بڕە . لەو ئامۆژگاری‌یە بە نرخەدا وا دەرئەکەوێ کە کورد حەزی لە قسەی پڕو پووچ نەکردووەو ناکا ، هەر مەراقی پوختەیی‌یە ، ڕەوانبێژی ڕاستەقینەش وای ئەوی ...

جارێ تا ئێستا بیرو باوەڕی هەندێ نەتەوەمان بە تێکڕایی ختەروو ئێستا بیروڕای هەندێ لە نووسەرە بە ناوبانگەکان ئەنووسین :

لاهارب ئەڵێ : « ڕەوانبێژی دەربڕینو گوزارشت دانەوەی ڕاستو پەسندە لە سۆزو گوداز و هەستو نەستدا .. »

سۆرین ئەڵێ : «ڕەوانبێژی واتاو گوزارەی ڕێکو دروستە لە بۆتەی ووشەی لێوەشاوەدا .. »

لابرویر ئەڵێ : « ڕەوانبێژی نیعمەتێکی نهێنی گیانی‌یە ؛ هێزێکی وامان تیا ئەبزوێنێ کە دەسەڵاتمان بەسەر خەڵکیترا بێ .. »

سێنك وای داناوە کە ڕەوانبێژی یەزدانێکی پەنهایە لە سنگی مەردومدا ..

ئەوەش هەیە کە ئەڵێن (معاویە) لە (صحاری العبدی) پرسی : ڕەوانبێژی چی‌یە ؟ وەڵامی دایەوە : «ڕەوانبێژی کورتبڕی‌یە . » پرسی : «ئەدی کورت بڕی چی‌یە ؟» لە وەڵاما ووتی : « کورتبڕی ئەوەیە کە لەوەڵاما سستی نەکەیتو لە دەربڕینا هەڵە نەکەیت .. » (ابن المعتز)ئەڵێ ، « ڕەوانبێژی بڕتی‌یە لە وەرگرتنی ماناو مەبەست بە بێ ئەوەی ووشەکان درێژە بکێشن .. »

(خلیل بن احمد الفراهیدی) ئەڵێ : « ڕەوانبێژی ئەو شتەیە کە هەر

دوو سەری هاتۆتەوە یەکترو کەچی بناوانی بێ پایانە ...

ئەوەندەو سەدەهای تریش قسەیان لێوە کردووە بەڵام بەوەندە واز دێنین ، ئەوەش بزانین باشە کە کۆنینەکان بڕوایان وابووە رەوانبێژی پەیکەرێکی خواوەندی‌یە ئەدوێ‌و قەفی زنجیری زێرینی ئیان بەخشی لە دەم دێتە دەرەوەو راستەوخۆ بۆ گوێگر ئەچێ !!

باوەڕێکی‌تر هەیە کە مانای رەوانبێژی بەم تەرزە لێک ئەداتەوە : « کە عیبارەتێکی دڵگیری رەوانت بەرچاو ئەکەوێ لەبەر خۆشی‌و رەوانی تۆش لات وا ئەبێ کە وەکو ئەتوانی بڵێیت کەچی دێتە سەر ووتنەکەی پێت ناکرێ ..» یاخود بە جۆرێکی‌تر تەماشای ئەکەن : پڕ بە پڕی مەعنای جوانە لە بۆ ووشەی بێ گرێ‌و قۆرت » (۱) .

لە راستی‌دا بۆ ئەوەی قسەیەك یا نووسینێك بکەوێتە بەر بلێسەی گەشی رەوانبێژی پێویستمە رەوانی‌یەکەی لە دوولاوە بێت ، لە لایێ ووشەو لە لایێ گوزارە ، یا لەبارەی روخسارو لەبارەی ناوەرۆك ، چونکە ئەگەر جوانی‌و رەوانی تەنها لە گوزارەدابو ووشەکان پچڕ پچڕو شێوار بوون دڵ نەفرەتی لێ ئەکات‌و فرێی ئەدات .. خۆ ئەگەر ووشەکان رێك‌و پوختە بن‌و ماناو ناوەرۆکەکەی پووچەڵ بێت دیسان دڵ جێگای ناکاتەوەو نەفرەتی لێ‌ئەکات .

یا وەکو هەندێ ئەڵێن نووسین وەکو گیاندار وایە ، ووشە لەش‌و گوزارە گیانی‌یەتی دیارە لەش‌و گیانیش بەبێ یەکتر هەڵناکەن چونکە ئەگەر شیرازەیان لێك داپچڕێ گیان ئەبێتە هەناسەیەکی یەزدانی‌و لەشیش ئەبێ بە تەرمێکی ساردو سڕی بێ هەست .. بەم جۆرە ووشەو گوزارە بوونیان بە بوونی یەکترەوە لکاوە ، ئەگەر ووشە نەبێ گوزارە لە ناخەوە دەربکێشێ ئەو گوزارەیە هەر لە دونیای نهێنی دەرونا پەنگ ئەخواتەوەو هەستی پێ‌ناکرێ ، دیسان کە گوزارە نەبێ گیانێك بکا بە بەر ووشەدا ، ووشە ئەبێ بە قەپێلکێکی بێ کاکڵ‌و کەلکی نابێ.. بە کورتی ئەبێ گوزارە

---

(۱) ئەم باوەڕی پێشووم لە (مێژووی ئەدەبی کوردی ـ سجادی ـ) وەرگرتووە .

پڕ بە پیستی ووشە بێت ، لە واش بەرو ووتەکان زوربەی زۆری ئـوزارە مەبەستەکە دەرئەهێنن‌و دەری ئەبڕن ، گوزارەش کەولی بەتاڵی ووشەکان پڕ ئەکاتەوە .. ئەو کاتەی وشەو گوزارە دەست لە مل‌و شان بە شان دێن هەست‌و سۆزی قسەکەر وەکو ئاوی رەوان یا وەکو کزەبای بەیان هـەر ئەکشێ‌و هەر ئەکشێ تا ئەگاتە قوولایی دلی گویگرو لەوێوە ئەگیرسێتەوە، کە گیرسایەوە وە نەبێ بوەستێ ، بەلکو ئەتەقێتەوەو ئەتەنێتەوە لە خوێن‌و خیچکاوی دەمارەکانیا گینگلە ئەدا ، هەر لە بڕەودا ئەبێ تا هەر سیلێکی لەشی ئەکا بە کوورە ئاگرێکی پڕ جۆشەوە ؛ وە بە تەواوی گوێگر رائەکێشێ بۆ ئەوەی بکەوێتە سەر هەستی قسەکەرو روو لە رووگەی ئـەو بکـا ، کەواتە هاتینە سەر ئەوە : هەر قسەیەك کە ئەکرێ یا هەر نووسینێك کـە ئەنووسرێ ئەو کاتە ئەکەوێتە ژێر ئالای رەوانبێژی‌و دەنگ ئەداتەوە کـە بچێتە دلی گۆیگرو گۆیگر بخاتە سەر هەست سۆزێکەوە کە هی قسەکەرە. ئەگەر وانەبێ رەوان نی‌یە ، لە جۆش‌و خرۆشێکی گەرمەوە هەلنەقولاوە .

ئێستاش دێینە سەر بەشی یەکـەم لە رەوانبێـژی کە روونبێـژی ــ البیان ــ ە .

روونبێژی ـ البیان ـ

بەر لەوەی کە هەست دەربڕێ‌و بکەوێتە سەر کاغەزەوە ، لە دڵ‌و دەروونی مەردوما کڕ کەوتووە ، یا لە مێشکیا لوول ئەخوا ، روونبێژی باسێکی زۆر فراوانە ئەو هەموو شتانە ئەگرێتەوە کە پەردە لە رووی گوزارە لائەدەن‌و ئەیخەنە بەرچاوەوە ، یا بیروباوەڕێك ئەگرن‌و ئەیخەنە رووەوە تا گوێگر یا خوێنەر بتوانێ بگاتە بنج‌و بناوانی مەبەستەکەو تێی بگات .. رونبێژی مەیدانێکی پان‌و بەرینە قسەرو گوێگر ، یا نووسەرو خوێنەری تیا ئەسووڕێتەوە ، یەکەمیان سۆزی تواوەی دڵی خۆی ئەخاتە دڵی دووەمیان‌و لە سەرچاوەی بیروباوەڕی خۆی ئاوی دڵی ئەدات، وە دووەم دەم ئەنێتە شیلەی بیری یەکەم چوڕ چوڕ هەڵی ئەمژێ . جا ئەم گۆڕینەوەی سۆزو گودازە ، یا ئەو راگەیاندنی بیرو رایە بە هۆی هەر شتێکەوە بێت ، ئەو شتە روونبێژی‌یە !

بێ گومان هەست یا گوزارە گەلێ گەلێ جیایە لەگەڵ ئەو ئەداتەی کە دەری ئەبڕێ چونکە گوزارە دەریایەکی بێ پایانەو خەستی نهێنی دوورە دەستە ، ئەوەندەی پیاو خۆی بۆ هەڵبکوتێ‌و بیەوی دەرببڕێ هەر بەشێکی یەکجار زۆر کەمی پێ دەر بڕێ‌و بەس . بەڵام ئەو شتەی کە لوێچ لوێچ گوزارەکە هەڵدێنجی‌و پێشانی ئەدا ئەوەندە کەمن پەنجەی یەك دەست بێیان ئەژمێردرێت .. ئەوانیش ئەمانەن .

١ ـ زمان ـ ووشە ـ اللفظ

٢ ـ نووسین ـ الخـط ـ

٣ ـ هێما ـ الاشارة ـ

٤ ـ ژیوار ـ دۆخ ـ الحال ـ

٥ ـ ئەژمێر ـ العقد ـ

[illegible]
بە باسـەکەمانەوە نی‌یە ! بۆیە لە سە رۆشتیان زیادەیە ، هـەر تەنهـا قسە لە دووەکەی بەرایی ئەکەین کە (زمان)و (نووسینە) ٠ ئـەم دووەش ئامرازی هەرە گەورەی دەربڕینن ! ٠٠

زمـان :

گەیشتوون، تا کاتەی نووسین کەوتۆتە ناوەوە وە لە بارەی زمانو گفتوگۆ
ئادەمزاد ماوەیەکی زۆر دوورو درێژ هەر بە قسـە کـردن لەیـەك کردنەوە ووتوویانە :ـ

گیان کۆلەگەی لەشەو زانست کۆلەگەی گیانەو روونبێژی کۆلەگەی زانسـتە ٠٠ »هەروەهـا ووتوویانـە : « هـۆش ـ العقل ـ پێشەوای گیانە ، زانـستیش پێشەوای هۆشەو روونبێژیش وەرگێڕی زانستە ٠٠» هەروەها مامۆستا حەسەکەریم هەورامی ئەڵـێ : « بوونی زمـان هـۆی کۆمەڵایەتی‌یە ، کۆمەڵایەتیش یەکەم قۆناغی شارستانی‌یە ، زمانیش بناغەی کۆمەڵایەتی‌یە ٠٠» [1] یاخود «زمان بە شێوەیەکی گشتی یەکەم خۆماڵـە کـە ئادەمـزاد لە هەموو گیـان لەبەرێکی تر جیا ئەکاتەوە ، لەبـەر ئەوە مرۆڤ لە کۆنەوە بە ـ بوویەکی زیندووی وێژەر ناسراوە » [2] بەم جۆرە زمان ئەبێ بە یەکەم نیشانە بۆ جیا کردنەوەی ئادەمزاد لە هەمـوو گیاندارێکی‌تر ٠

نووسـین :

لە پاش زمان نووسین دێت بۆ دەربڕینو گواستنەوەی هەسـتو سۆز لە دڵی نووسەر بۆنووکی پێنووسەکەی‌و لەوێوەبۆ سەرپشتی پاگژی کاغەزو لەوێشەوە بە هۆی تیشکەوە بۆ چاوی خوێنەرو لە چاوەو بـۆ مێشكو دڵو بۆ هەموو ئەندامێکی‌تر ٠٠ لە بارەی نووسینو خوێندنـە ـ چونکە کە شتێ نووسرابێ ئەخوێنرێتەوە ، وە شتێ بخوێنرێتەوە دیارە لە پێشا نووسراوە ـ گەلێ قسەکراوە ٠٠ لە کوردەواری خۆمان ئەڵێن :

---

(١)(٢) (سایکۆلۆجی‌یەتی خوێندنەوە)

[illegible]
دلزار ئەڵێ :

لاوی کورد بخوێنە خوێندن مەرهەمە بۆ زامی گەل
تیشکی زانینە ئەدا رۆشن بە ئەستێرەی ئەمەل

احمد مختار بەگی جاف ئەڵێ :ــ

بخوێنن چونکە خوێندن بۆ دیفاعی تیفی دوژمنتان
هەموو ئانو سەعاتێ عەینی قەلغانو سوپەرتانە

هەر وەها وتراوە

ئیان فیدای دەستو قەلەم بێ ئەسپو زینم بۆ چی‌یە ؟
تا قەلەم هیممەت بکا برنەو کرینم بۆ چی‌یە ؟

نووسین زۆر گرنگترو بەردەوامترە لە قسەکردن ، قسە تەنها بە دەوروبەری شتی نزیكو بەردەم ئەسووڕێتەوە ، ئاراستەی کەسێ ئەکرێ کە بەرامبەرتە یا گەلێ لێتەوە دوور نی‌یە ، کەوابوو قسە لە ناوچەیەکی تەنگو تریسکا ئەسووڕێتەوە ،مەگەر ئەوەندە پەسند بکرێ کە ببێ بە پەندو بکەوێتە ناو دڵو سەر زارانەوەو بپارێزرێ ئەگینا خۆی لەبەر رەوردوی رۆژگار ناگرێ ، بەڵام ئەو شتەی ئەنووسرێ بۆ هەموو کاتو شوێنو بۆ هەموو کەسێ ئەبێت ، نووسەرێك کە ئێستا لە چەرخی بیستەم شتێك بۆ نەوەی ئێستا ئەنووسێ ، بۆی هەیە ئەو نووسینە ئەوەندە بە هێزو تەوژم بێت کە بتەقێتەوەو دەنگی بۆ گەلێ ناوچەو شوێنی‌تر بڕواو بەرچاوی بێجگە لە کوردیش بکەوێ ،هەروەکو بۆی هەیەنووسینەکە خۆی بۆسەدەو نەوەکانی داهاتوو هەر بهێڵێتەوەو تا دونیا دونیا بێ هەر بسینێ ! بەڵام ئەوەندە هەیە کە پیاو روو بە رووی یەکێك ئەبێ یا لە کۆڕێ دا ئەنیشێ ــ ئەوە ناڵێم ئەگەر کۆڕی خامۆشی پڕ رەمزی پێتوڵان بێت ــ ئەگینا هەر قسە بڕەوی ئەبێو نووسین سوودێکی وا نادا بە دەستەوە .. یەکێ کە ئەیەوێ بیرو بازەرێك یا هەستو سۆزێك دەربڕێ ــ بە هۆی قسەکردن بێت یا

نووسین [illegible] پێشنا [illegible]
زەینی‌یەوە ، ئەنجا بەرگی ووشەی بە بەرا ئەبڕێ ، کە دەریشی ئەبڕێ ئەیخاتە پێستی هونەرێکی روونبێژی‌یەوە ، روونبێژیش ئەم چەند پیشەو هونەرە جوانو نەشەنگە ئەگریتەوە .

١ ــ لێکچوانــدن ــ التشبیه ــ

٢ ــ خــوازە ــ المجــاز ــ

أ ــ خوازەی زمانی : ئەوەش دوو لقە :

- خواســـتن
- خوازەی بەرەللا

ب ــ خوازەی ژیری ــ المجاز العقلی ــ

٣ ــ درکە ــ الکنایــة .

روونبێژی کە ئەم هەموو شتانە ئەگریتەوە ، هەریەکــەیان پلــەو ئەندازەی خۆی هەیە لە رۆشنیو ئاشکرایی‌دا ، وە هەر یەکەیان جۆرە کار تێکردنێکی تایبەتی هەیــە .

پەسند کردنی یەکێ لەم پیشە روونبێژی‌یانە زیاتر لەوانــەی تــر ئەچێتەوە سەر چەشەی نووسەر یا قســەکەر ــ ئەمــە بە گوێــرەی دەربڕین ــ وە ئەچێتەوە سەر چەشەی گوێگر یا خوێنەر ــ ئەمەش بــە گوێرەی وەرگرتن ــ وە هەرگیز ناتوانرێ یەکێ لەمانە بە زۆرە ملــی بسەپێنرێ چونکە هەر شوێنێك هونەرێکی تایبەتی گەرەکە !

لێکچواندن

مانای لێکچواندن :

ئەگەر بتەوێ سیفەتێك بە لای کەسێکەوە یا شتێکەوە ساخ بکەیتەوە لەگەڵ پیشاندانی هووشەکاری‌و ئاشکرا کردنی ئەو سیفەتە ، ئەچی بە شوێن شتێکی ترەوە ئەگەڕێی کە ئەو سیفەتەی زۆر بە ئاشکرایی تیا بدرەوشێتەوە ، جا وێچون ــ مماثلة ــ یێك لە نێوان هەر دوو شتەکەدا ئەبەستی بۆ روون کردنەوەو دەرخستنی سیفەتەکە ، کەوابوو لێکچواندن بەستن‌و پەیداکردنی وێچوونێکە لە نێوانی دووشتا بە هۆی هاوبەش بوونیان لە یەك سیفەتا یا زیاتر بۆ مەبەستێك یا چەند مەبەستێکی دیار ..

گۆران ئەڵێ :

نوێــژ بــە تــاڵ ئــەبێ جــەماعــەت بــلاو
چەنــد پیــرێــك ئەبــن بــە خلتــەی لافــاو

بێ گومان لەگەڵ نرکەی مەلا بانگدانا لە هەموو لایەکەوە خەلکی بەسەر مزگەوتا دائەرژێن ، وەکو چۆن بەست‌و زێ لە هەموو لایەکەوە لە دەریا ئەکەنەوە .. تا نوێژ ئەکرێ ئنجا وەك لافاو شەپۆلی ئەم خەلکە ئەڕواو مزگەوت جێ دێلێ ، ئەوەی ئەمێنێتەوە چەند پیاوێکی پیرە .. جا (گۆران) دیمەنی ئەم پیاوە پیرانەی لە پاش لافاوی دەرچوونی خەلك لە مزگەوت بە جێ ئەمێنن بەو خلت‌و خاڵەی چواندووە کە پاش لافاو هەڵسان ونیشتنەوە لە جێ دەوسی لافاوەکە ئەمێننەوە .!

لێکچواندن لە بنەڕەتەوە لەسەر ئەوە هاتووە : کەم بە زۆر ، ناتەواوی بە تەواو ، نزم بە بەرز ، بچووك بە گەورە ، بێ باکی بە چالاکی ، ... بگەیەنرێ ئەمەشیان لە پیا هەڵدانا ئەبێ .. طاهر بەگی جاف ئەڵێ :ــ

لێوت کــە وەکــو لەعلــی درەخشــانــە بــە ئــالێ
گــەنجــووری نیگــەهبانــی دەهــان‌و دەمــی تەنگــە

لێ ‌دا! کە ابو... ... کردووە بە لەعلی درەخشان لە ئالیدا دیـارە
لێو بە چاو لەعلەوە هیچ نییە ، بەلام کە ئەو وەکو ... [illegible]
لە رووی پیـا هەلدانەوەیـە •

خۆ ئەگەر باس باسی خوسپەو داشۆرین بێت بە زەبری سروشتی باسەکەوە ئەبێ لێکچواندنەکە رێکچەیەکی پێچەوانە بگرێت واتە : ئەبێ گەورە بە گچکە ، بەرز بە نزم ، باش بە خـراپ ، رەنـد بە گەند ••• بچوێنرێ ، وەکو ئەوەی شێخ رەزا رایەلی ئاشنایەتی لەگەل مامی ئەپسێو شالاوی بۆ ئەباتو بە جنێوی زل زل دای ئەگرێ لە کاتێکا کە ئەلێ :

رەنگی کەر ، دەنگی بەقەر ، هەیئەتی سەگ ، خووی چەقەل •

کە مامی بەم شتانە ئەچوێنی : بە کەر لە رەنگیدا ، بە مانگـا لە دەنگیدا ، بە سەگ لە شێوەی دا ، بە چەقەل لە فرِوفێلا هەلبـەت بـۆ شـکاندنیەتـی !

لێکچواندن دیار (ظاهرة)ێکی سروشتییە

ئەگەر نەختێ هەست لە دەوروبەری خۆمانا رابگرین ، گوێ بۆ گفت ولفتی هاوزمانەکانمان شل بکەین بە ئاشکرا بۆمان دەر ئەکەوێ کـە لێکچواندن وەکو فرفرۆك لە ناو گفتوگۆکردنمانا هەلئەرچەرخێ بە بـێ ئەوەی هەر هەستیشی پێ‌بکەین • لێکچواندن وەنەبێ تایبەتی بێت بە هیچ نەتەوەو هۆزو عێلێکەوە بەلکو بەهرەیەکی گشتیو دیارێکی سروشتییە ، هەر بە زکماکییەوە هەموو دلێك بۆی ئەچێو بە پشێنەی ئەوەوە گرِی خۆی دائەمرکێنێتەوەو تەشنەیەك پەیدا ئەکا ••

ئەم رەمەکی مەردومەی کە فریان بە سەر خوێندەوارییەوە نییە بە بێ ئازارو تکلف گەلێ لێکچواندنی پەسندو جوان بەکار ئەهێنن ، وەکو لێکچواندنی قسەی خۆش بە هەنگوین ، لە شیرینیدا ، شتی نەرمو لووس بە ئارمووش ، شتی گەرمو گورِ بە ئاگر ، شتی سپییا ساردو سرِ بە بەفر !!

ئەوانە لە جەماوەرێ لێکچواندنا لەگەڵ دەستەی ڕۆشنبیرو نووسەران ئەگەنەوە یەکتر وەکو : لێکچواندنی پیاوی ئازاو نەترس بە شێر ، ڕووی جوان بە مانگی چواردە ، بەژنی بەرز بە تووله نەمام . بەڵام پیلەکە لەسەر ئەوە ناکەێ کە لێکچواندنی خەلکەکە زوورو دەڕە ، بە پێچوانەی لێکچواندنی نووسەرو شارەزاکان کە جوان دائەڕژێو پوختە تێك هەڵئەکێشرێی ، تەڕو پڕو پڕشنگ تیژە ، نەرم شڵو ڕوح ئەنگیزە ؛ چونکە بەرهەمی هۆشێکی فراوانو دەست چنی خەیاڵێکی بێپایانو داڕژاوی چەشەیەکی لە خەڕەك دراوە . ئەتوانین بڵێین لێکچواندن جۆرە پێوانێکە ، پێوانیش لە ناوچەی هۆشو ئیدراکەوە هەڵقەقوڵێ وەکو پێك گرتنو بەراوردکردن کە دوو سیفەتی ئادەمزادی سەرەتایین ، ئەمەشیان سیفەتێکی زۆر کۆنەو لە خوێنی دەمارەکانی هەموو کەسێکا تواوەتەوە ؛ بگرە مناڵێکی ساوای بەر مەمکان پەی بە پەیوەندی نێوان شتی لە یەكچوو ئەبات وەکو چۆنمەمەی دەستکرد ئەگرێتە دەمو ئەیمژێ ! چونکە دیارە پەیوەندیو وێچوونێکی هەست پێکردووە لە نێوان مەمەی دەستکردو مەمکی ڕاستەقینەی بەر بەرۆکی دایکی .

ئەم نموونەیە ئەبێ بە بەڵگەیەکی ڕۆناكو ئەمانگەیەنێتە ئەو باوەڕە پتەوە کە نەك هەر کورد بەڵکو ئادەمزاد بە تێکڕایی لە شلکەی ئێسقانو زکماکی سەر تەختی بێ گەردی دڵیانەوە دارە دارەی گاگۆڵان لێکچواندنیان تێکەڵ خوێنو خیچکاوەو بۆتە ماکی .

بنەڕەتەکانی لێکچواندن

لێکچواندن شتێکی سادەو ساکار نییە ، بگرە کردەوەیەکی قووڵو ئاوێتەو تێك داڕژاوە ، لەسەر چەند بنەڕەتو ڕەگەزێکەوە سەری هەڵداوە، بنەڕەتەکانیش ئەمانەن :ـ

١ ـ ئەبێ شتێك هەبێ ، ئەو شتەش سیفەتێکی تیا بێ ، ئەو سیفەتەش پێویست بە ئاشکراکردنو داگرتن ـ تأکید ـ بێت ، جا بۆ ئەوەی

ئەم سیفەتەی بە سەردا ساخ بکەینەوە دێین بە شتێکی تری ئەچوێنین
کە هەمان سیفەتی تیابێ .. ئەم شتەش کە خاوەتی سیفەتەکەیە پێی ئەووترێ (لێچوو ــ المشبه) .

٢ ــ ئەبێ شتێکی تریش لەولاوە هەبێت تا سیفەتی (لێچوو)ی پێ ساخ بکەینەوەو روون بکەینەوە ، بۆیە ئەبێ ئەمەشیان هەمان سیفەتی تیابێ بەڵام بە جۆرێکی وا گەلێ لەو گەش و پرشنگدارتر بێ ، ئەوەشیان پێی ئەووترێ (لەوچوو ــ المشبه به) .. ئنجا (لێچوو) و (لەوچوو)بە یەکەوە ئەبەسترێن و پێك ئەموێنرێن کە واش کرا سیفەتی کزی (لێچوو) لە ئاوێنەی سیفەتی گەشی (لەوچوو) دەر ئەکەوێ ..

٣ ــ ووتمان (لێچوو ــ لەوچوو) کە دوو لای لێکچواندن ئەبێ لە سیفەتێکا یەك بگرنەوە یا پەیوەندی‌یەکیان لە نێواندا هەبێت جا ئەو سیفەتە یا ئەو پەیوەندی‌یە کە هەر دوو لای لێکچواندن ئەگەیەنێتە یەکتر پێی ئەووترێ (لێکچوون ــ وجه التشبه) .

٤ ــ جگە لە (لێچوو ــ لەوچوو ــ لێکچوون) زۆر جار ووشەیەك ئەهێنرێ وەکو ئەلقەیەك سیفەتو پەیوەندی ئەم سەرو ئەو سەر بە یەکەوە ئەبەستێ ئەم ووشەیەش بە (ئەوزار ــ أداة) ناو ئەبرێ .. کورتەی ئەم باسە دێتە سەر ئەوە کە لێکچواندن چوار بنەڕەتی هەیە یەکەم : لێچوو ، دووەم : لەوچوو ، کە پێیان ئەووترێ : (دوولای لێکچواندن ــ طرفا التشبیه) ، سێیەم : لێکچوون، چوارەم : ئەوزار..

نموونەیەك :

هەردی ئەڵێ :

ئەو گەردنە بێ گەردە کە وەك تەختی بلوورە
ئەو لێوە کە وەك خونچە تەڕو ناسك سوورە

لە نیوەی یەکەم (هەردی) گەردنی بێ گەردی دڵخوازی کردووە بە تەختی بلوور لە سافی و بێ گەردی‌دا . (گەردن) لێچووە ، (تەختی بلوور)

لەوچووە ، پەیوەندی نێوانیان ساف‌و بە ئەزاکەتی‌یە [illegible] بە لێکچوونە ، (وەك) ئەوزاری لێکچواندنە .. یاخود زیاتر روونی بکەینەوە ، (هەردی) چاوی بە گەردنی بێ گەردی یارەکەی کەوتووە بینیویە کە چەند ناسك‌و پاگژە جا ویستوویەتی من‌و تۆش لەم هەستە ئاگادار بکا‌و ئەم [illegible] یە بۆ گەردنەکە بسەلمێنێ .. گەلێ گەڕاوە بە دوای شتێکی پاگژو خاوێنا تـا تەختی بلووری دۆزیوەتەوە ، جا گەردنی بەم تەختە بلوورە چـواندووە لـە پاگـــژیدا .

لە نیوەی دووەمیشا لێکچواندنێکی تر هەیە . لێوی تەڕو ناسـکی یاری بە خونچە چواندووە . (لێو) لێچووە ، (خونـچە لەوچـــووە ، (تەڕی‌و سووری‌و ناسکی هەر دوولا) لێکچوونە . (وەك) ئەوزارە .

وورد بوونەوەیەك لە بنەڕەتەکانی لێکچواندن

لێچوو ، لەوچوو :

ئەم دوودیان کە دوو ستوونی پتەون‌و لێکچواندنیان لەســەر ڕائەوەستێ پێیان ئەووترێ «دوولای لێکچواندن»ئەو دوو لایەش کــە بنچ‌و بناغەی لێکچواندنن پێویستە :

١ ــ یا « لە راستەقینەو خودا یەك بگرنەوەو لە خاسەوێژا لێك جیابینەوە»

٢ ــ یا « هەردووکیان لە خاسەوێژا بچنەوە سەر یەك رەگەز بەلام لـە راستەقینەو خودا هەر یەکە شتێك بێت .

چونکە هەر لێکچواندنێك پێویستی بەوە هەیە کە (دوولا) کەی لە هەندێ سە جیاوازو لە برێ لا وەکو یەك بن‌و لەیەك ئاوێنە دەربکەون ، چونکە هاوبەش‌بوونی هەر دوولا لە هەموو بارەیەکەوە ئەوە ئـەدا بـە دەستەوە کە هەردووکیان یەك شتن‌و دوو ووشە یا دوو واتە دەریان ئەبڕێ هەروەکو جیاواز بوونی هەردووکیان لە گشت سەرێکەوە مانای وایـە شتێ نامێنێ کە بیانگەیەنێتە یەکترو لێکچواندنەکە دروست بکات ..

پەڵ پەڵ نازداران گەردن پڕ خاڵان
روومەت پەڕەی گوڵ باڵا شمشاڵان
ـ سەلام ـ

کە لێرەدا (سەلام) روومەتی یار بە پەڕەی گوڵ ئەچوێنێ . (روومەت)و (پەڕەی گوڵ) ئەبێ بە دوولای لێکچواندنەکە، وە (لێکچوون) لێرەدا سووری‌و تەڕی‌و ناسکی‌یە نەك شتێکی‌تر ! وەکو بچووکی ، یا بێ گیانی یا ..

هەروەها کە ئەڵێی : «فلان وەکو شێر وایە» مەبەست چاوقایسی‌و نەترسی‌یە نەك چوارپەلداری ، یا تووکنی ، یابۆنی ناخۆشی ناو دەمی .. یاکیوی‌یاتی :

کەواتە راستە ئەبێ دوو لای لێکچواندن لە هەندێ لا جیاوازو لە هەندێ لا وەکویەك وابن .. بۆ نموونە .. کە تەماشای ئەم هەموو خەلکەی سەر رووی زەمین ئەکەی تێکڕا یەك کەلەخ‌و هەندام‌و سەرو سەکوتیان هەیە ، تێك هەڵکشانی جومگەو ئێسقان‌و بەشەکانی لەشی هەموویان وەکو یەکە ، کەچی هەریەکە لە بۆتەیەك‌و هەر یەکە بە رەنگ‌و بچێك دارێژراوە ، لە سەرەتای پەیدابوونی ئادەمزادەوە تا ئەمڕۆ وتا دونیاش ماوە دووکەس وا پەیدا نەبووەو نابێ کە کت‌ومت وەکو یەك بن‌و موویەك جیاوازی‌یان نەبێت‌و تێك بزربن ، وەکو ئەمە پەیدا نابێ ئەوەش هەر دەست ناکەوێ کە دوو کەس بە تەواوی وە لە هەموو شتێکەوە جیاوازبن چونکە هەر هیچ نەبێ رواڵەتی گشتی دەرەوەیان وەکو یەکە ، وەك ئەوەی‌هەر یەك دووچاو ، دوو دەست ، دوو پێ ، یەك سەر ، یەك دەم ، یەك لووتیان هەیە .. .

کەواتە دووکەس لە ئادەمزادا هاوبەشن لە بنەڕەت‌و رەچەلەك‌و راستەقینەدا کە بریتی‌یە لە بوونی هەر دوولا بەو گیاندارە بێژەندو بالا راست‌و هۆشمەندەی پێی ئەووترێ « ئادەمزاد » ، لە پاڵ ئەمەشەوە لە گەلێ خاسەوێژا یەك ناگرنەوە وەکو ئەوەی یەکێ کورت‌و ئەوەی‌تر درێژ،

[illegible]

که ئەڵێ بۆ لێکچواندنی دوو شت ئەبێ هەر دووکیان «لە راستەقینەو خودا یەك بگرنەوە و لە خاسەوێژا لێك جیابینەوە» •

ئەمجارە با بۆ نموونە ئادەمزادێك و ئەسپێك وەربگرین و لێیان وورد بینەوە ئەبینین لە رەگەزو راستەقینەدا لە یەك دوورن بەڵام مەبێنە لە خاسەوێژێکا یەك بگرنەوە • وەك ئەوەی لە بەزری‌دا وەکو یەك‌بن ، یا چاویان وێك بچێ یا ••• جا ئادەمزادو ئەسپ لە رەگەزو راستەقینەدا ئاسانو ریسمان لە یەك دوورن بەڵام لە خاسەوێژێکا کە بەزری‌یە ــ بڵێین ــ رەنگە ئادەمزادێك و ئەسپێك لە دەماری مل لە یەکتر نزیك‌بن ، کەواتە دیارە قسەکەی‌تریش سەری گرت کە ئەڵێ بۆ لێکچواندنی دوو شت پێویستە « هەر دووکیان لە خاسەوێژا بچنەوە سەر یەك بەڵام لە راستەقینەو خودا هەر یەکە شتێك بێت • »

مایەوە سەر ئەوە : ئایا کامەیان جوانترو پەسندترە لێچوو و لەوچوو گەلێ لەیەك بچن‌و لە گەلێ لاوە هاوبەشبن ؟! یا ئەوەتە گەلێ گەلێ لە یەك دوور بن‌و لە کەم لاوە لەیەك بچن ؟! بە باوەڕی من تا ئەم لاو ئەو لای لێکچواندن لە یەك دوور بن‌و جیاوازی‌یان زیاتر بێت لێکچواندنەکە جوانترو سەرنج راکێشەرتر ئەبێت بەو مەرجەی (لێکچوون)ەکە بە تەواوی دیاربێ‌و هەر دوو لا بگرێتەوە ؛ چونکە ئەو جۆرە شتە ئەوەمان پێشان ئەدا کە هۆنەر یا نووسەر هەستی لە هەستی خەڵکی سادە ناسك‌ترەو خەیاڵی باشتر قەڵبەزە ئەداو دووتر ئەڕوا ، سەرنجی ووردو تیژترە ، بۆیە توانیویەتی شتی وابێنێ کە هەموو کەسێ لە باری ئاسایی‌دا بە ئاسانی نەتوانێ بەدی بکات بە پێچەوانەی ئەمەشەوە ئەو نووسەرەی دووشتی باوو لە یەك نزیك بە یەك ئەچوێنێ هێچ هونەرێکی وا نانوێنێ کە شایەنی سەرنج راکێشان بێت •

بەسرانەوەی هەردوولا :

ئەوەیە کە لە کاتی لێکچواندنەکەدا هەر دوولا یا هەر یەکێکیان بە

١

مەرجێك یا چەند مەرجێکەوە بەستریٚ ، ئەمەشیان وائەبێ تەنها (لێچوو) بە مەرجێك یا پەیوەندی‌یەك بەستریٚ وەکو :

ژیـــان بەبـێ یـار وەکـــو زەریایـــــە
ئـەو ژینـە خۆشـــە کـــە یـــاری تیایـــە
بۆیـە نـــامەوێ بــە بـــێ یـــار بژیـــم
چونـــــکە معلومـــە هـــەر خـوا تەنیایـــە

- هەڵمەت -

لێرەدا ژیانی کردووە بە دەریا . (ژیان) لێچووە . (دەریا) لەچووە . (وەکو) ئەوزارە .. جا کە ئەم لێکچواندنە ئەکا وا نەبێ مەبەستی لـــە لێچوو کە ژیانە هەموو ژیانێك بێت ، بەڵکو مەبەستی جۆرە ژیانێکی تایبەتی‌یە ، مەبەستی ئەو ژیانەیە کە شەوقی روخساری یاری تیا وونە ؛ تەنها ئەو جۆرە ژیانە وەکو زەریا وایە . کەواتە لێرە مەرجێك بۆ ئەو ژیانە پەیدا بوو کە وەك زەریایە ئەویش بێ یاری‌یە ..

یاخود وائەبێ کە (لەوچوو) پابەندی مەرجێك بێت و بە دەستوورێك شەتەك بدریٚ وەکو :

چـــاوە وەك لێـــزمەی بارانـی بەهـــار
فرمێســکی خوێنیت بـــۆ پیـا دێتـە خـــوار
گریـــان کـــردەوەی بـــێ دەســـەڵاتـە
بـــێ دەســـەڵاتـان ئەڕژن لـە ژێـر بــار

- بلە -

مامۆستا فرمێسکی خوێنینی کردووە بە باران . (فرمێسك) لێچوو .. (لیزمەی باران) لەوچوو . بەڵام فرمێسکی نەکردووە بە هەموو بارانێك، بەڵکو کردوویە بە جۆرە بارانێکی تایبەتی کە بارانی بە گـوڕ دارژاوی

گەوارەی بەهارە • کەواتە (لەوچوو) لێرە کە بارانە مەرجێتی یایە لە بارانی بەهاریێت !

وەکو ئەگونجێ تاکە تاکی لێچوو و لەوچوو بە شتێك بەند بکرێن ئاواش ئەلوێ کە هەردووکیان پێکەوە بە مەرجێك یا چەند مەرجێك بەسرێنەوە :

کە خـالی بێت دلـی عاشق لە بادەو حبی مشوقی

بە خۆراییـت نەوێ چاکە وەکو شووشەی شکاو وایە

ـ حەریق ـ

لێکچواندنی (دلی عاشقی) کردووە بە (شووشەی شکاو) • کە نەختێ لەم لێکچواندنە وورد ئەبینەوە ئەوەمان بۆ دەرئەکەوێ کە ئەم لێکچواندنە مۆرکێکی گشتی پێوە نی‌یە واتە دلی هەموو عاشقێك وەکو هەموو شووشەیەك وانی‌یە ! بەلکو دلی ئەو عاشقانەی کردۆتە لێچوو کە لە بادەو خۆشەویستی خۆشەویست خالی‌یە کەواتە لێچوو لێرە مەرجێکی بەسەر سەپاوە کە خالی بوونیەتی لە خۆشەویستی • وە کاتێ تەماشای (لەوچوو)ش ئەکەین کەشووشەیە ، لەویش مەبەستی هەموو شووشەیەك نی‌یە بەلکو مەرجی شکانیشی هێناوەتە سەر ، واتە : نەك هەموو دلێ ، بەلکو تەنها ئەو دلەی لە خۆشەویستی بەتالە وەکو شووشە وایە بەلام وەکو شووشەی شکاو ! نەك شووشەی ساغ •

لێکچـوون :

ئەو کاتەی نووسەر یا هۆنەر دوو شت ئەکا بـە یەك و لێکیـان ئەچوێنێ ، ئەبێ گوزارە یەك یا پەیوەندی‌یەك یا خاسەوێژێکی تایبەتـی هەبێ ئەم لاو ئەو لا بگەیەنێتە یەکترو ئاشنایەتیان لەنێوان پەیدا بکات ، جا ئەو گوزارەیە یا ئەو پەیوەندی‌یە یا ئەو خاسەوێژە ئەبێ بە بنەی بناغەو لێکچواندنەکەی لەسەر دائەمەزرێ !

بەلێ ! ووتمان نابێ هەر دوولای لێکچواندن لە هەموو بارێکەوە

وەکو یەك بن چونکە بەم جۆرە هەردوولا ئەبن بە یەك شتو دوو ووشەی هاوتا دەری ئەبڕن ، ئەوەشمان ووت کە نابێ هەر دوولا سەراپا لەیەك جیابن‌و فریان بە سەر یەکەوە نەبێت چونکە ئەو حەلە هیچ شتێ نامێنێ پێکیان وە بنووسێنێ کەواتە مەرجێکی پتەوە کە پەیوەندی‌یەك هەبێ هەر دوولای تیا هاوبەش بن‌و لێکچواندنەکەی لەسەر هەڵ ببەسترێ ..

ئەو کاتەی لێکچواندنی شتێ ئەکرێ بە شتێکی‌تر مەرج نی‌یە ووردو درشتی لێکچوونەکە دەربخرێ چونکە ئێمە مەبەستمان دەرخستنی تەنها لایەنێکەو هیچی‌تر . وە پێویست ناکا لە هەموو کاتێکا هەموو بەشو پارچەکانی لێکچوون بە ووردی دەر بخەین چونکە ئەمەیان سەرنج لێ‌دانی زانایەکە نەك هی بۆیژێك یا نووسەرێك . بۆیە چاکتر وایە ئەو لایەنەی نووسەر خۆی مەبەستیەتی بیگرێ‌و بە تەواوی دەری ببڕێ ئیتر روو نەکا بەلای شتی ترەوە ..

لە کاتی داڕژتنی لێکچواندنا پێویستە ئاوڕێکی زۆر باش لە لێکچوون بدرێتەوەو بەچاوێکی تیژ سەیری بکرێ . بە چ جۆرێکەوە لێکچوونەکە تەووژمی بەگوڕ ئەبێت ؟! تا چ رادەیەك چەشە ئەبزوێنێ ؟! ئایا بۆی هەیە پیاو بخاتە گڕوگاڵ وەکو وورشەی چاوی کاڵ ؟! ئایا تا چ پلەیەك بەرز بەتەوەو وەکو کام ئەستێرە ئەدرەوشێتەوە ؟!

بێ گومان دۆزینەوەو هێنانی لێکچوونێکی پوختەو جوان‌و رۆشن چەشەیەکی ناسك‌و سەرنجێکی ووردو خەیاڵێکی تیژڕەوی ئەوێت ؛ خەیاڵێکی وا لە شاپەڕی شاهێن بە گوڕتر بێت تا بتوانێ وەك سیمرخ دونیا سەراو بن بکات‌و لەو پەڕی تاریکستانەوە دوڕو گەوهەری لێکچوونێکی رێك‌و لێوەشاوە بێنێت ! ..

لە راستی‌دا ئاگاداری کردنی لێکچوون‌و بایەخ پێدانی تەرازوویەکی راستگۆی لێکچواندنە ، بۆیە رەنگە سنووری راستی نەبەزێنین ئەگەر بڵێین : «لێکچوون تەرازوویەکە هەر نرخی لێکچواندن پێشان ئەدا بگرە توانا‌و لێ‌هاتن‌و چالاکی نووسەریش پێشان ئەدا ..»

ئەوزار هەبوونی مەرج نی‌یە ، بگرە لە هەندێ شـوێنا نەبوونـی باشتریشە ، ئەوزار تەنها یەك ووشە نی‌یە بەڵكو خەرمانە ووشەیەكی رەنگاو رەنگە ، ئەمەش هەندێ دانە لەو خەرمانە :ــ

١ ــ وەكو : : دڵــدار ئەڵێ :ــ

تێكۆشـــە دایـم هــەر وەكــو هەنگ بـــە
لــە مەیـــــدانی ژیــن ئامــادەی جەنــگ بــە

٢ ــ وەك : ناری ئەڵێ :

خەتی دەرسی عەشــقی ناری وەك رقوومی خاڵەكەت
وا بە لەوحەی گەردنی بــێ گــەردی وەك میناتــەوە

٣ ــ وێنــە : دیلان ئەڵێ :

ووردن هـــــەر وەكــو نەستــۆی نالەبـــار
خاشــن بــە وێنـــــەی زنجیــری زۆردار
وونن بـــە وێنــەی تــۆزێ بــا بــردوو
تەفــرن بـــە وێنـــەی تــۆزێ بابــردوو

٤ ــ چەشنی : گۆران ئەڵێ :

وەختێ كــە ئەكەی چەشنی نەسیم لەنجە بەرەو مــاڵ
ئەگریجەیی تەڕ پەخشــە لەسەر كوڵــمو خەتو خاڵ

٥ ــ ئاسا : علی كمال باپیر ئەڵێ :

گیانەكەم بەخوا لــە دووری تۆ هەمیشە شین ئەكەم
بولبــول ئاسا بۆ گوڵــی رووت گریــەو ناڵین ئــەكەم

كاتێ كە لە ئەوزاری (ئاسا) وورد ئەبینەوە ، ئەبینین زیاتر لە هەموو ئەوزارەكانی تر مەرجێكی تیایە ئەویش ئەوەیە كە هەر ئەبێ پاش (لەوچوو) بێت .. جا (لێچوو) لە پێشەوە بێت یا لە دواوە گرنگ نی‌یە ..

٦ ـ [illegible] . پیرەمێرد ئەڵێ :

سبەینێ بوو لە خەو هەستام کە روانیم بەفرە باریـوە
سلێمانی ئەڵێی بەلقیسە تارای زیـوی پۆشـیوە

٧ ـ لەو ... ئەچێ : حمدی ئەڵێ :

ئەحوالـی ئـەم زەمانـە لـە کایـەی منـاڵ ئەچـێ
دونیـایـەکی چـی پووچـە لـە زەرفی بە تاڵ ئەچێ

٨ ـ لەو ... ئەکا : علی کمال باپیر ئەڵێ :

هێندە گریـاوم لە دووریت خۆشەویستی مصر حسن
دەشت‌و سارای شارەزوور ئێستا لە دەریای نیل ئەکا

(لەو .. ئەچێ ، لەو .. ئەکا) ئەم دوو ئەوزارەش مەرجێکیان تیایە کـە
هەر ئەبێ (لەوچوو بکەوێتە نێوان (لەو ـ ئەچێ) یا (لەو ـ ئەکا).

٩ ـ تـەرز : .... ئەڵێ :

قامـــەت تـەرز تــوول سەول ســاوا کـــرد
ئـەو ســــاوا مـــاوای جنــت ئاوا کـــرد

١٠ـ چون : مەولەوی ئەڵێ :

گێج ســـەر کاوان چـــە ســـەردی بیـن کـەیل
بۆ مـــــەدان چـێو بـۆی بـــێ وەفایـی لەیـل (١)

---

(١) گێج = پێچ نـرم ، کاوان = بەرزاییەکان ، کەیل = پڕ ، واتە : پێچ‌و لۆفەی شاخەکان پڕ بووین لە سەرماو سۆڵ‌و بۆنی ساردییان لێـوە دێت ؛ بۆنی ئەو ساردو سڕیەش وەکو بۆنی بێ وەفایی لەیل وایە کە مەبەستی بە لەیل یارە ... بۆ ئەم روونکردنەوەیە سەیری (دیوانـی مەولەوی ـ لێکدانەوەی مەلا عبد الکریمی مدرس) کراوە

دابەشکردنی لێکچواندن

بە گوێرەی هەر چوار بنەڕەتەکانی

(لێچوو) و (لەوچوو) دوو ستوونی پتەون‌و لێکچواندنیان ڕاگرتووە، ئەگەر یەکێکیان کەم بێت یا ئەوەتە لێکچواندنەکە ئەبێتە تەم‌و ئەڕەوێتەوە یا ئەوەتە بە گورتر ئەبێ ئەو حەلەش ئەبێتە (خواستن) .. هەر چۆن بێت ناتوانین دەست بەرداری هیچیکیان بین .. ئەمینێتەوە ئەوزارو لێکچوون، ئەم دووەش هەندێ جار تاکەتاك دیار ئەبن‌و هەندێ جاری‌تر وون ئەبن ، هەروەکو ئەوەشیان ئەبێ کە هەردووکیان پێکەوە (ئەوزارو لێکچوون) ناویان بێت وەکو ئەشگونجێ کە هەر دووکیان پێکەوە فڕێ بدرێن ..

لێکچواندن بە گوێرەی هەر چوار بنەڕەتەوە بەم جۆرەی خوارەوە دابەش ئەکرێ :ـ

ا ـ بە گوێرەی ئەوزار :

ئەبێ بە دوو بە شەوە :

أ ـ لێکچواندنی بەرەللا :

ئەو جۆرەیە کە ئەوزاری تیا بێت ، ئەمەشیان وا نەبێ ئەوەندە بە تین‌و تاو بێت . وەکو :

چـاو هێلانـەی نارامـی دڵ
پەنجـەی ناسـك دەسـتی وەك گـوڵ

دەستی نەرمی بە گوڵ چواندووە ، ووشـەی (وەك) ئـەوزارە ؛ لێکچوون نەهاتووە . بەم جۆرە لێکچواندنی بەرەللا ئەوەیە کە لە لێچووو لەوچوو ئەوزار دروست بووبێ . لێکچوونی تیا نەبێ .

ب ـ لێکچواندنی جەختاو :

ئەو جۆرەیە کە ئەوزاری تیا نەبێ بەلاّم لێکچوونی تیابێ . کـە واتە ئەم لێکچواندنە لە لێچووو لەوچووو لێکچوون پێك دێت‌و ئەوزاری

١

تیا نابێ ، وەکو احمدی خانی ئەڵێ :

مشرق تۆی ئاگری‌تە ظاهـــر   مغرب ئـەزو باطنـی مــن ئاگـــر

دائم دەسوۆژینی هەرشتەی جان   تە ناسۆژێتن بە غەیـری ئەزمـــان

لەنیوەی یەکەم مەبەستی لە تۆ مومە ، ئەم مومە بە رۆژهەلات ئەچوێنێ ؛ موم لێچووە ، رۆژەلات لەوچووە ، ئاگـری هـەردوولا لێکچوونە • ئەوزار نەهاتووە • دیسان لە نیوەی دووەم خۆی بە خۆرنشین ئەچوێنێ ، خۆی لێچووە ، خۆرنشین لەوچووە • ئەوزار نەهاتووە • بەم جۆرە هەر لێکچواندنێك تەنها ئەوزاری کەم بێت‌و سێ بنەڕەتەکەی تری تیا بێت ئەوە لێکچواندنی جەختاوە •

٢ ـ بە گوێرەی لێکچـوون :

ئەگەر لە سووچی لێکچوونەوە تەماشای لێکچواندن بکەین ئەبێ بە دوو بەشـەوە :

أ ـ لێکچوانـدنی درێــژە :

ئەوەیە کە شان بە شانی لێچوو لەوچوو لێکچوونی تیا باسکرابێ، بەڵام ئەوزار نەبێ وەکو عوسمان عوزێری ئەڵێ :

لێـوی شیرینـی ئـالێ هەنگوینیـت
چـاوی خومـاری پـڕ لـە ئەفسـوونیت

هۆنەر لێوی ئاڵ‌و شیرینی یاری ئەکا بە هەنگوین • لێو لێچووە ؛ هەنگوین لەوچووە ، شیرینی‌و نەشئە بەخشی هەر دوولا لێکچوونە • ئەوزار نی‌یە •

ب ـ لێکچوانـدنی قوڵە :

ئەو لێکچواندنەیە لێکچوونی تیا نەبێت تەنها لە (لێچوو ، لەوچوو ، ئەوزار) پێك هاتبێ • بابا تاهیری هەمەدانی ئەڵێ :ـ

زبۆنی زولفی تۆ مەفتونم ئەی گوڵ   ز رەنگی رووی تۆ دلخوونم ئەی گوڵ

منی عاشق ز عەشقت بێ‌قـــەرارم   تو چون لەیلاو من مەجنونم ئەی گوڵ

ئەڵێن . ئەی گوڵ واتە ئەی یار لە بۆنی زوانی تۆوە کە وەک میشکی
خەتاو عەتری چین وایە مەستو بێ هۆشم . لە ڕەنگی ڕووی تۆنە وەکو
خوێنە دڵم لەت لەتو زامدارە منی ئەشقو ئەڤینداری تۆ ، سووتاو بە
گڕی خۆشەویستی تۆ ، ئەشقی تۆ بە جۆرێ لە سەرێ داوم وێڕو گاسی
کردووم ! وێڵو سەر گەردانو بێ جێگاو شوێن ماوم ! خۆشەویستی وا
لە هەناومەوە تواوەتەوە کە حەجمانم بڕاوە وەکو مەجنوونی شەیدا داوێنی
کێوو هەرەتو هەڵدێر ، بە دوای تۆوە ئەگەڕێم تۆ ! کە (وەکو لەیلەکەی
بێ مەیلەکە) وایت .. یاری بە لەیلا چواندووە ، یار لێچووە ، لەیلا
لەوچووە ، (چون) ئەوزارە . لێکچوون نەووتراوە ..

٣ ــ بە گوێرەی ئەوزارو لێکچون پێکەوە :

ئەگەر بە چاوێکی نەختێ فراوانتر بڕوانینە لێکچواندن کە ئەوزارو
لێکچوون پێکەوە بگرێتەوە ، لەم بارەیەوە لێکچواندن دوو بەشە :

أ ــ لێکچواندنی درێژەی بەرەڵلا :

ئەو لێکچواندنەیە کە هەر چوار ڕەگەزەکانی بە ئاشکرا تیا هاتبێ،
لطیف بەرزنجی ئەڵێ :

ئەو لێـــوە ســـوورە کە وەکـــو خوێنـــە
ناســـک ، ڕێـــکو جـــوان ، تـــاڵو بێ وێنـــە

لێوی دڵخوازی بە خوێن چواندووە لە سووریدا .. هەر چوار
بنەڕەت ئاشکرا هاتوون ، لێو لێچووە ، خوێن لەوچووە ، وەکو ئەوزارە،
سووری هـــەر دوولا لێکچـــوونە . ئەگـــەر بە ووردی ســـەیری ئـــەم
جـــۆرە لێکچوانـــدنە بکـــەیـــن دەبینیـــن لـــە پێشـــدا
ئـــەوزاری تیایـــە ، کـــە ئـــەوزاریش هەبـــوو ئەبـــێ بە
(لێکچواندنی بەرەڵلا) وەکو باسمان کرد ، لەگەڵ ئەمەشا (لێکچوون)
بە ئاشکرا هاتووە ، کە (لێکچوونیش) هاتبێ ئـــەبێ بە (لێکچـــواندنی

١

دریژه) وەکو لێی دواین • کەواتە (لێکچواندنی دریژەی بەرەڵا) لـە کۆکردنەوەو موتوربە کردنی لێکچواندنی (بەرەڵلا) و (دریژە) دروست بـووە •

ب ـ لێکچواندنی رەوان :

لەم لێکچواندنە تەنها لێچووو لەوچوو ئەووترێ و بەس ! واتـە لێکچوونو ئەوزار ناویان نابرێت (حریق) ئەڵێ :

خۆت وەکو سولتـانو چاوت حاکمو برۆت شمشیر

تـیری موژگانـت وەزیرە مەشـقی خونخواری ئەکـا

(حەریق) لەپێشا یاری کردووە بە سولتان ، بەڵام چونکـە ئـەوزاری لەگەڵا هێناوە سەیری ناکەین ، بەڵکو تەماشای ئەوە ئەکەین کە چـاوی کردووە بە حاکم • چاو لێچووە ، حاکم لەوچووە ، ئەوزارو لێکچـوون نەهاتوون• ئەگەر نەختێ لەم جۆرە لێکچواندنە وورد بینەوە ، ئەوزاری تیانییە،کە ئەوزاریش نەبوو ئەبێ (بەلێکچواندنی جەختاو) وەکو باسمان کرد • هەروەها لێکچوونیش نەهاتووە ، کە لێکچوونیش نەبێ ئەبێ بـە لێکچواندنی قولە • لەبەر رۆشنایی ئەم لێکدانەوە ئەشێ بـەم جـۆرە لێکچواندنە بووترێ «لێکچواندنی قولەی جەختـاو» یا وەکو (بەگـر گـەردی) ئەڵـێ :

پەپوولەی گیانم لـە ژیـن دژاوە	بادەی پڕ هیوام لـە دەسـت رژاوە
رۆناکی مانگـی گەنجیـم نەمـاوە	نەستوونی راستی شـادیم چەمـاوە
گـەلام لــە داری رازا وەریـوە	تاسـەم لە لانـەی بیـرا تەریـوە

لێرەدا شاعیر لە دۆزخێکی سەختی رەشبینی هەڵئەقرچێ بۆیە کـە دێتە دەنگ ئاوازی خەمو مەینەت بڵاو ئەکاتـەوەو بلێسـەی نائومێـدی ئەپرژێنێ • گیانی کردووە بە پەپـەوولە • گیـان لێچـووە ، پەپـوولە لەوچووە • لێکچوونو ئەوزار نەهاتوون •• سەیری جۆشی هەڵچووی دلی شاعیر بکە بەوەندە گری دانەمرکاوە کە لێکچواندنی رەوان بێنێ ،

بەلکو شەپۆلی ئازارو نائومێدی رای نەمانێ بـۆ نـەوەی زیانبـر پێ ئ
مەبەست هەڵبڕێ .. لەوچوو کە پەپوولەیە ئەکا بە موزافو ئەیداتە پـال
لێچوو کە گیانە ، ئەڵێ (پەپوولەی گیانـم) .. هەروەها بـە گوێـرەی
لێکچواندنەکانی تریش کە هەموویان لێکچواندنی رەوانن لەوچوویان تیا
دراوەتە پاڵ لێچوو .. «بادەی هیوا ، مانگی گەنجی ، ئەستوونی شادی ،
داری راز ، لانـەی بیـر .. » .

١

دابەشکردنی لێکچواندن

بە گوێرەی هەردوو لا ... (١)

لێکچواندن وەکو درەختێکی زل وایە گەڵی لق و چاڵی لێ ئەبێتەوەو بە هەموو لایەکا پەل بلاو ئەکاتەوە . لە عەرەبەکان : مبرد ، عسکری ، ابن رشیق ، عبد القاهر الجرجانی ، حلبی ، سکاکی .. ئەمانەو گەلێکی تریش هەر یەکە لە سووچێکەوە بە پێی بیرو باوەڕی تایبەتی خۆی لێکچواندنی دابەش کردووە ، نووسینی ئەم هەموو جۆرە دابەش کردنانە کات و شوێنێکی زۆری ئەوێت .. بۆیە جارێ لە پێشا بە گوێرەی هەستی و ژیری هەردوو لا بەم چەشنەی خوارەوە دابەش ئەکەین :

١ ــ لێکچواندنی شتی هەستی بە شتی هەستی :

شتی هەستی ئەوەیە کە بەر فەرمانی هەستێک یا پتر بکەوێ : هەستەکانیش ئەمانەن : ١ــ دیتن ، البصر ٢ــ بیستن ــ السمع ، ٣ــ بۆنکردن ــ الشم ، ٤ــ تام کردن ــ الذوق ، لێک خشان ــ اللمس ئەبێ ئەوەشمان لەبەر چاو بێت کە زاناکانی پەروەردەو هۆڵان سەلماندوویانە کە تا ژمارەیەکی پتر لەو هەستانە بکەونە کار لە ناسین و ف... ...ینی شت ، ئەو شتە باشتر ئەچێتە دڵەوە .. نموونە (گۆران) ئەڵێ :

کوڕی خێم ڕێبواری جوان و هەرزەکار
جیاوازی چیت دیوە
لە کانی و پلووسکی ژێر سێبەری دار
لە زیخی مرواری و ئاوی وەک زیوە

زیخی بە مرواری و ئاوی روونی بە زیو چواندووە ، لە یەکەم زیخ و مرواری هەر دووکیان شتی هەستین ، هەروەها لە دووەمیشا (ئاو وزیو) ، چونکە ئەدیترێن و دەستیشیان لێ ئەدرێ .

٢ ــ لێکچواندنی شتی ژیری بە شتی هەستی :

شتی ژیری ئەوەیە کە تەنها بە هۆش‌و بیرو لێکدانەوە بزانرێ‌و نەکەوێتە بەر پەلی هیچ یەکێ لە هەستەکانەوە ، جا لێرەدا شتێکی ژیری بە شتێکی هەستی ئەچوێنرێ ، ئەمەشیان زۆر بە تینو هێزە چونکە لێچوو کە شتێکی ژیری‌یەو هەستی پێ ناکرێ لەگەڵ لەوچوو کە شتێکی هەستی‌یە بەرامبەر یەك ئەکرین • وەکو (زیوەر) ئەڵێ :

تۆبەییکم کردووە وەك کێوی ئاسن مەحکەمە

تا لە دونیادا بمینم عەشقی چاو مەستانی خۆم

(تۆبە) شتێکی ژیری‌یە ، ئەم تۆبەیەی بە کێوی ئاسن چواندووە کە شتێکی هەستی‌یە لە بارەی دارژانو خۆ راگرتنەوە •

٣ ــ لێکچواندنی شتی ژیری بە شتی ژیری :

شتی ژیری ئەو زاهیرە نفسی‌یانە ئەگرێتەوە کە ناکەونە چەنبەری دەسەڵاتی هەستەکانەوە وەکو : «زیرەکی ، چالاکی زانین ، هێمنی ، ئازایەتی ، تووڕەیی ، •••» وەکو بڵێی : « هێمنی پیاوەتی‌یە » • هەردووکیان شتی ژیرین ، یا وەکو (درۆ بێ ئابڕوویی‌یە) ئەوانەش هەردووکیان شتی ژیرین •

٤ ــ لێکچواندنی شتی هەستی بە شتی ژیری :

ئەوەیە کە شتێکی هەست پێکراو بە شتێکی وا بچوێنرێ کە زەینی بێت‌و نەکەوێتە بەر هیچ هەستێکەوە ، کاکەی فەلاح ئەڵێ :

ئەوە کاسەکەم تاڵە وەك مردن

پڕە لە ژەهری خەفەت‌و ماتەم

کە ئەڵێ کاسەکەم مەبەستی ئەو شتەیە کە لە کاسەکەدایە • ئەمەشیان خوازەیەکی ــ مجاز ــ زۆر جوان‌و نایابە کە پەیوەندی نێوانیان

١

شوێنی‌یە !! کە ئەی فەلاح ئەم کاسەیە بە مردن ئەچوێنێ لە ئاودانی !
(کاسە) شتێکی دەستی‌یە ، تام ئەکرێ . بەڵام مردن شتێکی ژیری‌یە .

دابەشکردنی لێکچواندن

بە گوێرەی هەردوو لا ... [٢]

بە گوێرەی لێکچواندنی چەند شتێک بە یەک شت یا یەک شت بە چەند شتێک ؛ لێکچواندن ئەکرێ بە دوو بەشەوە :

١ ـ لێکچواندنی تەخت : ئەوەیە کە دووشت یا پتر بە یەک شت بچوێنرێ، واتە لێچوو چەند شتێک بێت‌و لەوچوو تاکە شتێک بێ .. وەکو گۆران ئەڵێ ،

نەسیمی بۆن خۆش ، کزەبای فێنک ، وەک نەوای ئیلهام
سەمای جوانی پەری تەبیعەت دێنێتە ئەنجام

گۆران دوو شتی (نەسیمی بۆن خۆش ، کزەبای فێنک) بە یەک شت (نەوای ئیلهام) چواندووە .

٢ ـ لێکچواندنی کۆ : ئەوەیە یەک شت بە دووشت یا کۆمەڵە شتێک بچوێنی ، واتە لێچوو یەک بێت‌و لەوچوو کۆمەڵە شتێک بێت . حاجی قادری کۆیی ئەڵێ :

بێخەویم دایێ ، نەخۆشیم لێ‌کڕی چاوی کەچی
وەک من‌و بەختی سیاهم هەر نەخۆش‌و نووستورە

پاش ئەوەی حاجی بە نرخێ بێخەوی نەخۆشی لە خۆشەو لیستەکەی ئەکڕێ ، دێ چاوی رەشی بە خۆی‌و بە بەختی رەشی خۆی ئەچوێنێ .. دیارە حاجی لێکچواندنی یەک شتی کردووە کە (چاوی یارە) بە دوو شت کە خۆی‌و بەختی رەشیەتی .

[illegible]

بـــە گوێـــــزی هـــەردوو لا ... (١)

وا ئەبێ هۆنەر لە یەك دێرە هۆنراوەدا زیاتر لە یـــەك لێکچوانـــدن دێنێ ، واتە دوو شت یا پتر بە یەك ئەچوێنێ • جا ئێستا لە بارەی چۆنیەتی هێنانو دارشتنی ئەم لێکچواندنانە لە دێرێکا ، لێکچواندن ئەکرێ بـــە دوو بەشەوە :

١ ـ لێکچوانـــدنـــی بـــــلاو :

ئەوەیە کۆمـــەڵە لێکچوانـــدنێك لەیەك دێرە هۆنراوەدا بێنی ، بـــە مەرجێ هەریەکەیان سەر بەخۆبێتو بە وانی ترەوە نەبەسترابێ • بە کورتی لـــەپێشا لێکچواندنێـــك بـــە تـــەواوی بێنـــی ئنجـــا کـــە کۆتـــایی بەو هێنـــا بچێتـــە ســـەر لێکچـــواندنێکی تـــر ، ئـــەویش بـــە تـــەواوی بێنێ ئنجا بچێتە سەر یەکێکی تر ، نەك هەمـــوویان تێـــك هەڵبکێشێ • (کـــوردی) ئەڵـــێ :

> کەبـــاب دڵ ، خوێـــــن مەیـــە ، ســـــاقی فیراقـــت
> قـــەدەح چـــــاوو مـــــەزەم ئەسرینـــــە بـــێ تـــۆ

لێکچواندنی (دڵی) کردووە بە (کەباب) ، (خوێنی) کردووە بە (مەی) ، (چاوی) کردووە بە (قدح ، پیاڵە) ، (ئەســرینی) کـــردووە بە (مەزە) • هەر لێکچواندنێکیشی لەمانە سەربەخۆیە •

٢ ـ لێکچوانـــــدنی پێچـــــراو :

ئەودیـــە کە ئەو لێکچواندنەی هۆنەر لەیەك هۆنراوەدا ئـــەیانهێنێ هەموو لێچووەکان لە تەنیشت یەکەوە ریز بکا پاشان هەریەکـــەیان بـــە

١

[illegible]
بەپێچەوانە ، لەپێشا لەوچووەکان بێنێ ئنجا لێچووەکان • (سالم) ئەلێ :

لە موژگانو برۆ کێشاویە چاوت
بەرابەر بۆ دلم شمشێرو خەنجەر

(سالم) موژگانو برۆی پێکەوە هێناوە ، ئەمە لە نیوەی یەکەم ، لە نیوەی دووەم شمشیرو خەنجەری هێناوە موژگان بە خەنجەرو برۆی بە شمشیر چواندووە ، وە ئەبێ هەر یەکە لەم لێکچواندنانە بە جیا جیا هاتبێ بەلکو تیزو فیز تێك هەلکشاون •• لەپێشا هەردوو لێچووی (موژگانو برۆ) هاتوون ، پاشان هەردوو لەوچوو (شمشیرو خەنجەر) هاتوون • شمشیر بۆ برۆو خەنجەر بۆ موژگان ئەگەرێتەوە • وەکو ئەوە ئەبێ ئەوەش ئەبێ کە هۆنەر لە پێشا لەوچووەکان بێنی ، ئنجا لێچووەکان • (نالی) ئەلێ :

گەر ئابو تابی جەنەتیو دۆزەخیت دەوێ
بڕوانە ناوچەوانی بەشوشو برۆی عەبوس •

لەپێشا لەوچووەکانی هێناوە (جەنەتو دۆزەخ) ئنجا لێچووەکان (ناوچەوانی بەشووشو برۆی عەبوس) •

لێکچواندنی پێچراو دوو بەشە :

أ ــ ئەوەیە چەند لێچووەك بە دوای یەکەوە بێنی ، ئنجا لەوچووەکان بەریز بێنی • واتە بەشوێن یەکەوە هاتنی لێچوو لەوچوو لە هەر دوولادا وەکو یەك بێت ، یاخود ئاشکراتر بلێێن ئەبێ یەکەم شت بۆ یەکەمو دووەم بۆ دووەمو سێیەم بۆ سێیەم ••• بچێتەوە •• مەولەوی ئەلێ :

وە بۆی ئەو بالاو خەتو کولمو فەم
سەرو سەوزەو گول خونچە بەو دەم

لەپێشـــا لێچووەکانی هێناوە : (بالا ، خەت ، کولم ، دەم) جا ئـــە لە نیوەی دووەم لەوچووەکان دێنێ بە پێی ئەم ریزەوە ریزیان ئەکـات ، یەکەم جار (سەروو) دێنێ کە بۆ یەکەم شت (بالا) ئەچێتەوە . بەم جۆرە دووەم بۆ دووەم وسێیەم بۆ سێیەم دەگەڕێتەوە . ئەمەشـیان پـێی ئەووترێ پێچانو کردنەوەی ڕێك [١] .

ب ـ ئەوەش وا ئەبێ کە ریزی بە شوێن یەکەوە هاتنی لێچـــووو لەوچووەکان لە هەردوو لادا وەکو یەك نەبێ .. بە کورتی لێرە گــوێ نادرێ بە ریزی لێچوو لەوچوو بەلکو هەر چۆن بێــت وا دائەنــرێ . طاهــر بــەگی جــاف ئــەلێ :

بــــــــرۆو روخســارو زولــف لێــوی ئالــــت
شـــەوو ڕۆژو هیـــــلالو عەقـــدو مەرجـــان

لەپێشا کۆمەلێك لێچووی ناو بردووە (برۆ ، روخسار ، زولف ، لێو) بەلام لە کاتی هێنانی لەوچووەکانا (شەو ، رۆژ ، هیلاك ، عەقدو مەرجان) گوێی نەداوە ، بە وەك یەکی ریزییان . ئەمەشیان پێی ئەووتــرێ (پێچانو کردنەوەی نارێــك) [٢] ..

لێکچواندنی دوو ســەرە

ئەوەیە کە نووسەر یا هۆنەر شتێك بە شتێکیتر بچــوێنێ ، پاشـان بگەرێنەوەو لێکچواندنەکە وەربگێرێ ، واتە لێچوو بکا بە لەوچووو بــە پێچەوانەش . بە کورتی ئەم جۆرە لێکچواندنە بریتییە لە لێکچواندنــی دوو شت بە یەکتری . (حمدی ئــەلێ :

هــەر نالــە وا لــە بورجــی جەلالا وەکو هیـــلال
هــەر ماهە وا لــە کونجــی مەلالا لــە نــال ئەچــی

(١،٢) لە بەرگی دووەمی رەوانبێژی کە (جوانکاری)یە بە دوورو درێـــژی باسی پێچـانو کردنەوە کراوە .

ئەڵێ : زەمانە بە بێچەوانە هەڵیچەرخاوە ، ئەو ناڵە بۆ زڕخێنی کێـ

جێگەی ژێر سمی وولاخانە بووە بە مانگی یەك شەوە ـ هیلال ـ (چونکە مانگی یەك شەوە خۆشەویستە ، ئەڵێ ئەم ناڵە بە تاڵە وەك ئەو مانگە جوان وایە ، نەك هەر ئەوەندە بگرە چەرخی چەواشە بە تەواوی پشتی لە پیاوی پیاو هەڵکردووەو فڕێی داوەتە چاڵی کەساسیو نەگبەتی کە وەکو مانگ ئەدرەوشانەوە .. ئێستا هیلال وەکو ناڵ وایە ..

تەماشای ئەم بیرە ووردەو خەیاڵە تیژە بکە ، یەکەم جار (ناڵ) ئەکا بە (هیلال)و ئەی باتە کەلووی جەلال ئنجا مانگ ئەکا بە (ناڵ)و دای ئەشکێنێ بۆ کونجی مەلال . ناڵ ئەکا بە هیلالو هیلال ئەکا بە ناڵ .. هەروەها (قانع) ئەڵێ :ـ

ئەی بولبولی بێ دانە منو ئێوە هەژارین
هەردوو وەکو یەك مونتەزیری فەسلی بەهارین
تۆ چەشنی منو من وەکو تۆ بێ کەسو کارین
داماوو گزو دەربەدەری کوچەیی شارین
پابەندی قەفەس خانە وە یا دیلی دیارین

لەم هۆنراوەدا لێکچواندنی دوو سەرە هەیە ، کە لە بێ کەسو کاریو بێ دانەو دەربەدەریو بەندایەتیدا خۆی بە بولبولو بولبول بە خۆی ئەچوێنێ !!!

لێکچواندنی ئاوەژوو

لێکچواندنی ئاوەژوو ئەوەیە کە لێکچواندنەکە وەربگێڕین ، واتە لێچوو بکەین بە لەوچوو بەو نیازەی کە لێکچوونەکە لەو جوانو بەهێزترە تا لە لەوچوو ، ئەمەشیان زادەی هووشەکارییە کە لە دوولاوە دەرئەکەوێ :

١ ـ لێکچواندنی ئاوەژوو وا پیشان ئەدا کە لێچوو بە تینو تەوژم

نره به له‌وچوو ده‌رباره‌ی لێکچوونه‌که نه‌ک ئه‌وه‌ی له راستیشدا وانی یه .

٢ ــ بایه‌خدان به له‌وچوو چ له‌باره‌ی واتاوه چ له باره‌ی روخساره‌وه، وه‌کو چاو برسی‌یه‌ك روخسارێکی جوان به نان بچوێنێ .. که برسی‌یه‌که ئه‌م جۆره لێکچواندنه ئه‌کا هه‌ر له‌به‌ر ئه‌وه‌یه که زۆر به مه‌راق‌و په‌رۆشه بۆ نان‌و ره‌نگه خه‌ونیشی پێوه ببینێ،که ئه‌وه‌ش ئه‌کا هه‌ر بۆ ئه‌وه‌یه‌تی که بایــــه‌خ دانی خۆی به نان ده‌ر بخا .. ئه‌مه‌ش پێی ئه‌ووترێ (ده‌رخستنی مراز ــ اظهــار المطلوب) که کابرا له په‌نای شتێکی تره‌وه ویست‌و مه‌رامی خۆی پێشــان ئــه‌دا ...

وه‌ك ووتمان ئه‌م چه‌شنه لێکچواندنه پڕاو پڕی هووشه‌کاری‌یه ؛ زۆرتر ئه‌و که‌سانه هانای ئه‌به‌نه به‌ر که لێکچواندنی ساده‌و ئاسایی کرمی سه‌ریان ناکوژێ . وه‌کو (هه‌ردی) ئه‌ڵێ :

ئه‌گـــــه‌رچی وه‌ك خه‌یـــــالی مـــــن

عه‌بـــــــا ده‌وری لــــــه‌شی داوه

هه‌ردی به‌وه‌نده جۆشی دڵی دانامرکێته‌وه که خه‌یالی خۆی به عه‌با بچوێنـــێ ، بـــه‌ڵکـــو ده‌وره‌دانـــــی خـــــه‌یـــالـــی خـــۆی لـــه قه‌دو بالای یار لووس‌و بێ که‌لێن‌تر ئه‌بینێ ــ یا ئه‌یه‌وێ وای پێشان بدا ــ لــه داپۆشین‌و پیا هاتنه‌وه‌ی عه‌با ، بۆیه عه‌با به خه‌یالی خۆی ئه‌چوێنێ . بــه پێی ئه‌م لێکچواندنه خه‌یاڵ ئه‌بێ به لێچـــوو ، کـــه له راستـــی‌دا خه‌یاله‌که وه‌کو عه‌با ده‌وری له‌شی داوه ، واته له بنه‌ڕه‌تا (خه‌یاڵ)لێچووه (عه‌با) له‌وچوو ، به‌ڵام که هه‌ردی هه‌ڵی گێڕاوه‌ته‌وه‌و ئاوه‌ژووی کردووه، هه‌ر بۆ ده‌رخستن‌و پێشان دانی هوشه‌کاری‌یه .

چه‌نـــد سه‌رنجــێ :

١ ــ هه‌ر له‌م جۆره لێکچواندنه‌یه که هونه‌ر به شێوه‌یه‌کی نه‌شاره‌زایانه دێته پێش‌و به پرسیار کردن خۆی له راسته‌قینه‌ی شته مه‌به‌سته‌که خه‌شیم ئه‌کات که له راستی‌دا خۆی زۆر چاك ئه‌زانێ چی‌یه ؟! پرسیاره‌کـــه‌ش

١

ئه ئه‌كا هه‌ر بۆ ئه‌وه‌یه‌نی كه خۆ خه‌شیم كردنه‌كه‌ی به شتێكی ... ...
قه‌له‌م ، وه‌ك هه‌لخه‌له‌تاندنێكی هونه‌ری له ژێره‌وه‌بێ .. وه‌كو كامه‌ران
ئه‌لێ :

به‌ژنی تو یا به‌ژنی ڤینۆس نه‌ی فریشته‌م شه‌نگتره
خونچه ته‌نگتر یا ده‌می تۆ یا دلی من ته‌نگتره

هۆنه‌ر ویستوویه‌تی به‌ژنی یار بكا به به‌ژنی ڤینۆس ، خۆ له منو تۆش باشتر ئه‌زانێ كه به‌ژنی یاری ئه‌و هه‌ر تۆزی به‌ژنی ڤینۆس ناشكێنێ به‌لام بۆ ئه‌وه‌ی لێكچواندنه‌كه به‌گورتر بێت هاتووه هێدم گرتوو خۆی خه‌شیم ئه‌كا ، گوایه كوڕ سه‌ری لێشێواوه نازانی كامه‌یان جوانتره ئه‌م نه‌زانینو خۆ خه‌شیم كردنه‌ش به پرسیار ده‌ر ئه‌خا (١) ..

له نیوه‌ی دووه‌میش سفره‌ی هه‌مان مه‌سه‌له‌ی پان كردۆته‌وه به‌لام نه‌ك له‌سه‌ر زه‌مینه‌ی لێكچواندن به‌لكو له‌سه‌ر زه‌مینه‌ی به‌راورد كردن .

٢ ـ چاكتر وایه له‌م جۆره لێكچواندنه له‌وچوو ـ پێش ئاوه‌ژووكردن ـ شتێكی هه‌ستی بێت چونكه به‌مه‌وه باشتر ئه‌چه‌سپێ .. (به‌كر گه‌ردی) ئه‌لێ :

كێوی سه‌فین له‌سه‌ر زه‌مین چه‌سپاوه وه‌ك په‌یمانی من
كه‌چی یارم تۆراوه لێم له‌به‌ر دیده‌ی دۆستو دوژمن

لێكچواندنی په‌یمانی نه‌گۆڕاوی كردووه به كێوی سه‌فین ! چۆن كێوی پۆلاینی سه‌فین داڕژاوه‌و ڕه‌گی چۆته ناخی زه‌مین دیاره په‌یمانی بوێژیش به‌م جۆره له دلو ده‌روونیا داڕژاوه‌و تێكه‌لاوی خوێنی ده‌ماره‌كانی بووه . بۆیه كه ئه‌بینی په‌یمانه‌كه‌ی به‌م چه‌شنه تێكه‌ل خوێنی دلیه‌تی به لایه‌وه سته‌مه بلێ : «په‌یمانی من وه‌ك كێوی سه‌فین» واته په‌یمانی به سه‌فین بچوێنێ ، به‌لكو لێكچواندنه‌كه‌ی ئاوه‌ژوو كردووه ، واته لێچوو كه

---

(١) ئه‌م جۆره هونه‌ره لقێكی جوانكاری‌یه به‌پێی ئه‌ووتری راگومكی ئاشنا ـ تجاهل العارف) له‌به‌رگی دووه‌م باس كراوه .

پەیمانی خۆبەتی، بە چەسپاوتری داناوە لە کێوی سەفین .. سەفینیش بە پەیمانی خۆی چواندووە .

لێکچواندنی پەسندیدە

وا ئەبێ ئەو کاتەی کە ئەتەوێ شتێك بە شتێکی تر بچوێنی لێچوو پەسندتر بکەی لە لەوچوو .. (سەلام) ئەڵێ :

چەند کەسێکی لاوو چەند گەنجی شەریفو دڵ قەوی
اسمی اعظمیان ئەزانی راپەڕین زوو دەستو برد
یەك دەسی یەکیان گرتو هەموو رووەو ئەفسوونی دێو
تێپەڕین وەك شێری بێشە ، شێر لە هەڵمەتیان ئەمرد

سەلام گەنجو لاوانی (ناوی أعظم زان)ئەکا بە شێری بێشە ، (لاو) لێچووە ، (شێر) لەوچووە . پاشان دڵی دانەمرکاوە بای داوەتەوە ئەڵێ : « شێر لە هەڵمەتیان ئەمرد » جگە لەوەی کە ئەم هونەرە پیشەیەکی سەربەخۆیەو پێی ئەووترێ (الرجوع ـ بادانەوە) بەڵام ئێمە هەر تەماشای ئەوەندە ئەکەین کە ئەڵێ نەك وەکو شێر وابوون بەڵکو لە شێر ئازاتر بوون چونکە کە شێر چاوی بە هێرشی ئەوان ئەکەوت لە ترسانا ئەمردو ئەتوایەوە .. سەلام ئەم لاوانەی پەسندترو چاوقایمتر داناوە لە شێر . هەر لەبەر ئەم پەسندکردنەشە پێی ئەووترێ « لێکچواندنی پەسندیدە » .

با وەکو : « راستە نێرگس لەبەر چاوی کاڵتا ، ئەگریجەی خاوتا ، خونچە لەبەر لێوی لەعلینتا ، بنەوشە لەبەر گەردتا ، سنەوبەر لەبەر کەمەرتا ، چنار لەبەر باڵاتا : سەر شۆڕو شەرمەزارن .. »

نووسەر ئەیەوێ : چاوی کاڵ بە نێرگس ، کوڵمی ئاڵ بە سێو ،

ئەگریجەی خاو بە بنەوشە ، لێوی لەعلین بە خونچە ، گەردنی بێ گەرد بە بنوور ، ئەمەر بە سنەوبەرو باڵای یار بە چنار بچوێنێ ... بەڵام بەم جۆرە لێکچواندنانە رازی نابێت بەڵکو هەموو ئەم شتانە بەرامبەر یارەکەی بە شەرمەزارو سەر شۆڕ ئەزانێ .. (قانع) ئەڵێ :ـ

گوتم بولبول بە دینی خۆت گوڵت پێ چاکە یا کوڵمی
بە دەنگی ئلشکرا بولبول دوو سەد طعنەی لە شەشپەردا .

تەماشای ئەو بیرە بەرزەی (قانع) بکە .. قانع نایەوێ راستەو راست کوڵمی یاری بە گۆڵ بچوێنی ، چونکە ئەم گوڵە بە لای ئەوەوە هەر هیچ نی‌یە بە چاو کوڵمی یارەوە ، ناشیەوێ خۆی فەرمانێك بدا کە کوڵمی یارەکەی لە پەڕەی گۆڵ ناسکترە ، چونکە ئەگەر وا بکات ئەترسێ قسەکەی لێ وەرنەگرن‌و بەر پەرچی بدەنەوە و بڵێن : چونکە تۆ دڵدارو سەوداسەری یارەکەتی بۆیە کوڵمی ئەوت بەلاوە جوانترە لە گوڵ . لە ترسی ئەم قسەیە (قانع) خۆی لە فەرمان دانا دەر ئەبات‌و بانگی بولبول ئەکات‌و ئەم پرسەی پێ ئەکا بۆ ئەوەی بولبول ببێ بە راوێژکار . کە بولبول دێت‌و سەیرێکی گوڵ ئەکات ـ کە یاری نازداری خۆیەتی‌و شەوو رۆژ وەکو پەروانەو چرا بە دەوریا ئەسوورێتەوە ـ پاشان چاو هەڵەبڕێت ئەڕوانێتە کوڵمی یاری (قانع)و بەراوردیان ئەکات ! لە شوێن خۆیا مات‌و شەرمەزار ئەبێ . چونکە کوڵمی یاری قانع لە گوڵ جوانترە ، لە حەیفانا ئەوەتە شەق نابات‌و لە جیاتی ئەوەی تەرازووی جوانی بۆ گوڵ دابگرێ ـ کە یاری خۆیەتی ـ ناچارە کوڵمی یاری قانع پەسندتر بکات .. نەك هەر ئەوەندە زیاتریش ! لە داخانا گوڵی ئەوەندە پەست‌و زیز دێتە بەرچاو ئەی داتەبەر تیرو نەشتەر ـ چونکە لە مەیدانی جوانی‌دا بۆڕی خواردووە ـ ئەزانی گوڵیش کامەی هەڵبژاردووە ؟ بێ‌گومان گوڵی بۆنخۆش‌و رازاوەی شەستپەڕ ...

لەم هۆنراوە یەدا (قانع) یەکەم جار ئەیەوێ کوڵمی یار بە گوڵ

بچوێنێ بەڵام پەشێمان ئەبێتەوە ، ئونمی پێ لە گوڵ جوانتــــر ، بۆ دڵنیاییش پرس بە بولبول ئەکات ، بولبولیش هەر گوڵم پەسندتر ئــەکات ، ئەم پرس کردنەشی بە بولبول جوانی‌یەکی یەکجار زۆر بە لێکچواندنەکـــە ئــەدا ..

ئەگەر لێکچــواندنی پەسندیدە لـــەگەڵ لێکچواندنی ئاوەژوو بەراوردبکەین ، ئەبینین ئەم دووە زۆر لەیەك ئەچن ، هەر دووکیان لێچوو پەسندتر ئەکـــەن لە لەوچـــوو ، ئەوەندە هەیە لە لێکچاندنی ئاوەژوو پەسندتر ئەکــەن لە لەوچــوو ، ئەوەندەهەیە لە لێکچوانــدنی ئاوەژوو، لێکچواندنەوە دەرناچێ ... بەڵام لە لێکچواندنی پەسندیدە هـــــەر ئەوەندەیە لێچوو پەسندتر ئەکرێ لە لەوچووو بەس !..

لێکچوانــدنی وێنــە

ئەم لێکچواندنانەی تا ئێستا باسمان کردن‌و نموونەمان بۆ هێنـــان هەموویان بریتی بوون لە لێکچواندنی تاك ، واتـــە شتێك بە شتێکی‌تر . لێرەدا باسی جۆرە لێکچواندنێکی‌تر ئەکەین کە (لێکچواندنی وێنە)یـــە . لەم جۆرەدا لە جیاتی ئەوەی شتێك بە شتێکی‌تر بچوێنرێ ، وێنەیەك بـــە وێنەیەکی‌تر ئەچوێنرێ . مەبەست لە وێنە ئەوەیە لە چـــەند پارچەیەکی زۆر پێك هاتبێ‌و ئەو پارچانە بە رەنگێکی وا تێك هەڵکشابن کە بووبن بـــە یەك شت‌و وێنەیەکیان دروست کردبێ .. (نالی) ئەڵێ :

زولفت ســـەبەبە دڵ بە عـــوزارت کە دەســـووتێ
ســـووچی شـــەوە وا قاتلی پەروانە چرایـــــــە

ئەڵێ : چۆن تاریکی شەوە ئەبێتە هۆی ئەوە چرا پەروانە رابکێشێ‌و بسووتێنێ ، هەر بەم چەشنە زولفی رەشی تۆ - یارە نازدارەکەم - بۆتـــە هۆی ئەوە کە روومەتی گەش‌و رۆناکت دڵم بسووتێنێ ، چونکە ئەو کاتەی پەردەی زولفت بەسەر روخسارا بڵاو ئەبێتەوە رۆژی روخسار ئەکەوێتـــە

پەنەوەی ڕۆناکی لە دونیادا چت نەبینێ ، جا لەناو ئەم دونیا تاریکـەدا دڵی گڕ گرتووم بە شوێن ڕۆناکیێ ئەگەڕێ لەپڕ لە ڕوخسارت راســــت دێتو ئەوەندە بە دەوری‌یا خوڵ ئەخوا تا ئەبێ بە خۆڵەمێش !

(نالی) وێنەیەکی دیوە «زولفە ئەبێتە هۆی سووتانی دڵی بە ئاگــری رووەوە» جا ئەم وێنەیە بە وێنەیەکی‌تر ئەچوێنێ کە باوترە ئەویش ئەوەیە : « شەوە ئەبێتە هۆی سووتانی پەروانە بە گڕی چرا ٠» لەم دوو وێنــەدا لێکچواندن نەکەوتۆتە نێوان (زولفو شەو) بە تەنها ، نەشکەوتۆتە بەینی (دڵو پەروانە) بە جیا ، هەروەکو نەشکەوتۆتە میانەی ڕوخسارو چرا ٠٠» راستە ئەتوانیــن زولف بکەین بە شەو لە رەشی‌دا ، روو بکەین بە چرا لە گەشی‌دا ، دڵ بکەین بە پەروانە لە گەڕانو سووڕانا بــەلام (نالــی) مەبەستی ئەم تاکە تاکانە نی‌یە ، بەڵکو مەبەستی ئەم وێنانەیە کە لە پشــت ئەم تاکە تاکانەوە هەن ٠٠ کەواتە لێکچواندنی وێنە ئەوەیە وێنەیــەك بە وێنەیەکی‌تر بچوێنرێ کە هەریەکە لەم دوو وێنەیە لە چەند پارچەیەك پێــك هاتبێو مەبەستیش پارچەکان نەبێت بەڵکو ئەم وێنەیە بێت کە پاژەکــان دروستیان کردووە ٠ یا (حەریق) ئەڵێ :

پێی بڵێن زاهیــد بە خێــری خۆی لە وەعــزی من گــەڕێ
عەشــقی من شوعلــەو بڵێسە ، وەعزی ئەو وەك خارو خەس

(حەریق) لەم لێکچوانــدنە بــەرزەدا (عەشقی دڵــی خــۆی) بە (گڵپەو بڵێســەی ئاگر) ئەچوێنێ ٠ (پەندو وەعزی واعیز) بە (خارو خەس ـ دڕكو داڵ) ئەچوێنێ ٠٠ بێ‌گومان ئەگەر مەبەستەکە هەمووی هــەر ئەوەندە بێت ماناي وایە ئێمە نەگەیشتین بە هیچ ، بەلام (حەریق) بەبەستی ئەوە نی‌یە کە بە تەنها عەشقی دڵی خۆی بکا بە شوعلەو بڵێسە ، وە وەعزی واعیز بکا بە دڕكو داڵ وبەس بەڵکو لەو دیو ئەو تاکە تاکانەوە وێنەیــەك بەدی ئەکرێ ، دیمەنێك ئەکەوێتە بەر چاو ، ئەویش مەبەستی ئەو وێنــەو دیــــەنەیە !

حەریق ئەو دیمەنە ئەخاتە پێش چاو کە چۆن ئاگرێك ئەگەر (کڵپەو بنیسەی) بەرزبێتەوە ئەو چەندە پووش و پەلاش سەرپێی ئەخەو تێکەڵاوی ئەکەی بخەیتە سەر بە نیازی کپ کردنەوەی لە لایێ ئاگرەکە بەو پووش‌و پەلاشە خۆشتر ئەبێت‌و لە لایەکی تریشەو ، ئاگرەکـە ئەم پووش‌و پەلاشە هـەڵ ئەلوفێ‌و قووتی ئەدا جا ئەڵێ عەشقی دڵی منیش وەکو ئەو ئاگرە بلێسەی ئەڕوا بە ئاسمانا ، وەعزو پەندو ئامۆژگاری واعیزیش وەکو پووشەکـە وایە ، ئەیەوێ بەو وەعزانە گڕی دڵم دامرکێنێتەوە بەڵام نازانێ کە بەگڕین ئەکا بەئاگرا نازانی ئەم وەغزو ئامۆژگاری‌یانە لە لایێ گڕی ئەم عەشقەم لە دڵا خۆشتر ئەکەن‌و لە لایـەکی تریش عەشقی من وەعزەکـا ئەخواو نـایەیڵـێ [1] .

لێکچواندنی وێنە زۆر جۆری هەیە لەوانە :

١ ـ ئەوەیە کە تەنها مەبەست روون کردنەوەو پێشاندانی وێنەکی بێت‌و نەگونجێ تاکە تاکە وێنەکان بە یەك بچوێنرێن وەکو :

شێر کە هات گیرۆدە بوو سەد نەعرەتەو ناڵەی بەهیچ

عاقلێك گوێی لێ نەگیرێ پیری سەد ساڵەی بە هیچ

لێرەدا راستە مـەبەست پێشاندانی وێنـەکەیە بـەڵام کـە سـەیری پارچەکانی ئەم لاو ئەو لا ئەکەین بۆمان دەرئەکەوێ کە ناگونجێ تاکـە تاك بە یەك بچوێنرێن ، لێکچواندنی پیاوی عاقل ناکرێ بە شێر ، بەڵکو پیاوی ئازاو بە جەرگ بە شێر ئەچوێنرێ ، (پیری سەد ساڵە) ناکـرێ بە (نەعرەو ناڵـە) .. جا دیارە لێرە هەر تەنها وێنەکان بە یـەك ئەچـن‌و بـەس !!

---

(١) ئەم لێکچواندنەی حەریق زۆر لەوە ئەچێ کە (احمدی خانی) لە (مەم وزینا) هیناویـە ئەڵـێ :

عەشق ئاگرە نەفحـەیە نصیـحەت سـر پەردەیە لۆمـەیە فضـیحەت

سالمیش ئەم راستی‌یەی پێشان داوە بەڵام نەك بە لێکچواندن کە ئەڵێ :

دەس لە تۆ هەڵناگـرم تا نەمکـوژن حەرفی ناصح سەر بەسەر ئەفسانەیە

١

٢ ـ ئەوەیە کە بکرێ تاکە تاکی وێنەکان بە یەك بچوێنرێن بەڵام ئەمەیـان مەبەست نەبێ بەڵکو مەبەست پێشاندانی وێنەکە بێتو بەس ! حەریق ئـەڵێ :

مجمعـه سـینه ، وەفنجـان مـەم وەشەربـەت دەم
خەلعـەتی یـارە کـە زانیـویە غەریبـی وەتەنـم

ئەڵێ کە یارەکەم منی بە ئاوارە دیوە ، هاتووە ئەم خەڵاتەی پێشکەش کردووم : چۆن خوان ئەڕازێنرێتەوەو شەربەتو فنجانی لەسەر دائەنرێو پێش کەش ئەکرێ هەر بەم جۆرەش یارەکەم دوگمەی ترازانوودو سینەی خۆی بـۆ کردوومەتەوەو مەمکی وەکو فنجـانی پێشـکەش کـردووم شەربەتیشی بۆ ئامادە کردبووم کە ماچی لێوی بوو !!

لێرەدا ، وایە ، مەبەستی دەرخستنی وێنەکەیە بەڵام لە پاڵ ئەمیشەوە ئەگونجێ بە جیا جیا (سینە) بە (سنی) و (مەم) بە (فنجان) و (دەم) بـە (شەربەت) بچوێنرێ .. لەم لێکچواندنە رەکاکەتێك هەیە چونکە راستە شەربەشت ئەکرێتە فنجانەوە بەڵام کەی ماچی دەم ئەکرێتە ناو مەمکـەوە بۆ ئەوەی ماچی دەمو مەمك بە شەربەتی ناو فنجان بچوێنێ .. یا وەکـو گۆران ئەڵـێ :

تـۆو مـەلاو شـیعرو فەلسـەفەی ئیسـلام
گـوێ راگرتنـی تـاو تـاوی عـەوام
بە بـێ زیـادو کـەم دێتێتـە پیش چـاو
سـەرنجـی کوێـران لـە نامـەی نووسـراو

چۆن کوێر بە دیار نامەی نووسراوەوە ماتەڵ ئەبێتو تەقەی سەری دێت ، مەسەلەی تاو تاوی عەوامیش هەمان شتە کە گوێ بۆ شـیعرو فەلسەفەی ژیان رائەگرن ..

تا ئێستا نەختێ بە فراوانی باسی جۆرەکانی لێکچواندنمان کرد ، ئەوەمان ووت کە لە لێکچواندنی ئاوەژوو شوێنی لێچوێنراو لەوچوو ئەگۆڕێ ، وا پیشان ئەدرێ کە ئاشکرایی سیفەتی لێچوو گەیشتۆتە رادەیەك کە لەگەلی زیاترە لەوچوو ..

کە لێکچواندنیدوو شت ئەکرێ بە یەکتر هەر ئەبێ یەکێکیان سیفەتەکەی پەسندتر بێ لە وەی تر چونکە کە ئەلێی « ئەبرۆی وەکو مانگی یەك شەوە وایە • » راستە ، لێرە ئەبرۆ بە مانگی یەك شەوە چوێنراوە بەلاّم لە هەمان کاتیشا ئەوەمان بۆ دەرئەکەوێ کە مانگی یەك شەوە لە ئەبرۆ جوانترە بۆیە داوای ئەوە ئەکرێ کە ئەبرۆ وەکو ئەوی لێ بکرێ •

زۆر جار وا ئەبێ ناویستری دوو شت لە لێکچوونا یەکێکیان لەوەی تر پەسندتر بکرێ بەلاّم ئەویسترێ کە (وەك یەکی) هەردوو لا پیشان بدرێ وبسەلمێنرێ ، ئەم هونەرەش پێی ئەووترێ (وەك یەکی ـ التشابە) لێرەدا مەبەستەکە ناخرێتە پەردەی لێکچواندن نەوەك بەمەوە پەسندی یەکێکیان بەسەر ئەویترا زال بێت ، چونکە هەر دەم لێکچوون لە لەوچوو پەسندترە تا لە لێچوو • تەنیا لە لێکچواندنی ئاوەژوو نەبێ کە پەسندتر دەر ئەکەوێ .. لە (وەك یەکی) کە ئەلێی : (گۆل و رووومەتی یار وەکو یەك وان •» هیچ درزێك نامێنێتەوە کە گول لە رووی یار ، یا رووی یار لە گول جوانتر دەر بکەوێ ، بەلکو هەردووکیان لەیەك رادە ئەوەستن و هیچ جیاوازییەك ناتوانێ خۆیان بخاتە نێوانەوە ، بەلاّم کە ئەلێی : (رووومەتی یار وەکو پەڕەی گولە) لێرەدا راستە ئەمانەوێ بە رووومەتا هەلبێین بەلاّم (ضمنا) ئەوەی هەر تیایە کە ناگاتە گول لە جوانیدا ، کەواتە جیاوازییەك هەر ئەمێنێ لە نێوان (رووومەت) و (پەڕەی گول) .. یا کە ئەلێی : « پەڕەی گول وەك رووومەتی نازکی یار وایە » ئاشکرایە کە (پەڕەی گول) بە (رووومەت) چوێنراوە ، ئەمەش لێکچواندنی ئاوەژووە

١

چونکە لە ئاستێدا ئەبێ روومەت بکرێ بە گوڵ .. جا لە دوو توێی ئەم لێکچواندنە وامان بۆ دەر ئەکەوێ کە روومەتی یار لە گوڵ نازکترە : کەواتە لێرەش یەکسانیو وەك یەکی هەر دەست ناکەوێ ، کە چاوێك بە (وەك یەکی) و (لێکچواندنی ئاوەژوو)دا ئەخشێنین بۆمان دەر ئەکەوێ کە لە (وەك یەکی‌دا) هەر ئەوەندە هەیە دوو شتەکە ئەبن بە یەکو هیچیان لە هیچ پەسندتر ناکرێ ، بەڵام لە لێکچواندنی ئاوەژوودا لێ‌چوو گەلێ پەسندتر پیشان ئەدرێ .. لە (وەك یەکی)دا نالی ئەڵێ :

عەرعەر عەدیلی قەدیەتی یەعنی بەرانبەرن

سونبول شەبیهی زولفیەتی فەرقی نی‌یە موێ

کە عەرعەرو قەدی یار بەرانبەر یەك دائەنێ مانای وایە هیچ جیاوازی‌یەکیان لە نێواندا نامێنێ ، هەروەها کە زولف ئەکا بە سونبول لێی ناگەرێ بەڵکو دوا بەندی بۆ دێنێتەوەو ئەڵێ : (فەرقی نی‌یە موێ) واتە هەردووکیان بێ جیاوازی یەك شتن ..

مەبەست لە هێنانی لێکچواندن

بێ گومان لێکچواندن پیشەیەکی رەوانبێژی بە کاریگەرەو کە ئەهێنرێ بۆ مەبەستێك یا چەند مەبەستێکی تایبەتی ئەهێنرێ هەموو مەبەستەکانیش بۆ (لێ‌چوو) ئەگەرێنەوە کە شادەماری لێکچواندنە ، ئەمەش هەندێ لەو مەبەستانە :

١ ـ دەرخستنی گونجانی لێ‌چوو :

ئەمەش وا ئەبێ ئەو کاتەی نوسەر یا هۆنەر قسەیەك ئەکات نەختێ پێچەوانەو سەیر بکەوێتە بەر چاوو هەموو ئەقڵێك بە ئاسانی وەری نەگرێ ، جا لەو کاتەدا دێ ئەو شتەی مەبەستیەتی بە شتێکی‌تر ئەچوێنێ بۆ ئەوەی پەردەی گومانی نەگونجانەکە لابدات .. وەکو (کامەران) ئەڵێ :

ئەگەرچی شەماڵ نـەرم‌و نیـانە   پەڕی گوڵاڵەش هەڵئەوەرێنـێ
چاوی تۆش گەرچی ئارامی گیانـە   بەڵام پڕیشکی دڵ ئەسووتێنـێ

(کامەران)¹ گەر هەر ئەوەندە بڵێت : «چاوی تۆ ئارامی گیـانەو پڕیشکیش دڵ ئەسووتێنێ » رەنگە ئەم داوایە نەچێتە هەموو دڵێکەوە، رەنگە بووترێ : « چاوی کە ئارامی گیان بێت چون دڵ ئەسووتێنێ ؟ یا کە دڵ ئوسووتێنێ چون ئارامی گیانە ؟ ئارام گرتن‌و سووتان چۆن لـە گیان‌و دڵا پێکەوە ئەگونجێن ؟ » واتە قسەکە پێچەوانەیەکی لێ بـەدی ئەکرێ جا بۆ ئەوەی کامەران ئەم پێچەوانە نەهێڵێ‌و بسەلمێنێ کە چاو ئارامی گیانەو دڵیش ئەسووتێنێ ، دێ ئەم چاوە بە شەماڵ ئەچوێنـێ ، چۆن شەماڵ نەرم‌و نیانە لەگەڵ ئەوەشا پەڕی ناسکی گوڵاڵە هـەڵ ئەوەرێنێ بەم تەرحەش چۆن شەماڵ نەرم‌و نیانە ئاواش چـاوەکە ئارامی گیانە وە چۆن ئەویان پەڕی گوڵاڵە هەڵئەوەرێنێ ئەمەیان پڕیشکی دڵ ئەسووتێنێ . لێرەدا مادام ئـەوە بگونجێ کە شەماڵ سەرەڕای نەرم‌و نیانی پەڕی گوڵاڵە هەڵبوەرێنێ ئاواش ئەبێ بگونجێ کە چاو لەگـەڵ ئەوەی ئارامی گیانە پڕیشکە بە هێزەکەی دڵ بسـووتێنێ ، یا وەکـو (نـالی) ئـەڵێ :

بۆچـی نەگریـم سـەد کەرەتـم دڵ دەشکێنـێ
مەی بـۆچ نەرژێ شـووشە لەسـەد لاوە شـکاوە

٢ ـ دەرخستنی دۆخی لێچـوو :

ئەوەش ئەو کاتە ئەبێ کە سـیفەت‌و دۆخـی لێچـوو کـز بـێ بەڵام سیفەتی لەوچوو باوی هەبێ . جا مەبەستیش لە لێکچواندن ئـەوە بێت کە لێچوو لە شێوەو دۆخی لەوچوو دابڕێژرێ . وەکو (حەریـق) ئەڵـێ :

بـۆ گوڵـی رووت هاتـم‌و پەرچـەم دەبینـم بۆیـە وا
ماهی نەورۆزم بـە شیوەن وەك محـرم خۆی نوانـد

ئەلێ : چۆن بۆ گوڵێ رووت ئەهاتم لە پڕ پەرچەمی رەش سەرەڕێی لێ گرتم ! ئاواش مانگی نەورۆزم کە سەر دەمی گوڵو ڕێحانەو سەرەتای ژیانێکی پڕ ئارایشی نوێیە بە شێوەنو گریانو ئازارەوە بوو : (محرم) ٠

ئەمە جگە لەوەی باری رووی یارو پەرچەم پێشان ئەدا لە هەمان کاتیشا بارێکی دروونیو هۆڵمانی شاعیرمان بۆ روون ئەکاتەوە !! کە لەو کاتەدا تێدا ژیاوەو پاڵی داوە بۆ ئەوەی پەیوەندییەك بخاتە نێوان ئەو بارە هۆڵمانییە تایبەتییەی ناوەوەو سروشتی دەرەوە ٠٠

بۆ بەجێ هێنانی ئەم مەبەستە (کە دەرخستنی دۆخی لێچوو)ە چاکتر وایە لەوچوو شتێکی هەستپێکراو بێت تا زوو وەربگیرێو باشتر بچەسپێ !!

٣ ــ دەرخستنی ئەندازەی بە هێزی یا بێ هێزی لێچوو :

ئەوەش وا ئەبێ ئەو خاسەوێژەی کە ئەویستری ساخ بکرێتەوە بە سادەیی بزانرێ ، واتە گوێگر ئەزانێ خاسەوێژەکە هەیە بەڵام پلەی بەهێزی ئەم خاسەوێژەی لا روون نییە ، (نالی) ئەڵێ :

تیژاوی سروشکم وەکو ئیکسیری سوهەیلە
روخسارەی زەردم وەکو ئەوراقی خەزانە

٤ ــ چەسپاندنی لێچوو لە مێشکی گوێگردا :

ئەو مەبەستەش زۆرتر ئەو کاتە دێ کە شتێکی بژونی ــ معنوی ــ بەشتێکی هەستی بچوێنرێ وەکو :

هۆشم وەکو خۆم سەر لێشێواوە
لەسەر جوابێکی تۆیە داماوە

ئەم جۆرە لێکچواندنەش گەلێ بە هێزو دلکێشە چونکە (گوزارەو مانای ژیری ئەگەرچی چەسپاوەو ناگۆڕێ بەڵام بەراوردکردنی لەگەڵ شتی هەستیو پێکچواندنیان باشتری ئەچەسپێنیو دائەڕێژێ ٠

٥ ـ [illegible] :

لێرەدا نووسەر یا هۆنەر لێچوو ئەگرێو بە هەموو توانایـــەوە ئەیرازێنێتەوە بە بە جۆرێکی وا کە گوێگر یا خوێنەر چەشەی لەگەڵ بیزوێو دڵی بەسەرەوە بنیشێ ، (کاکەی فەلاح) ئەڵێ :

سروشـــت بـە بەرگــــــی ئـــاڵو وڵاوە
تـــازە بووکێکــــە خــۆی لە تەل داوە

کاکەی فەلاح سەرنجی لە سروشت داوە لە کاتی بەهارا ، ئەو کاتەی زەوی مافووری سەوزی خۆی رائەخاتو دارو دەوەن گوارەی گۆپکـە لە گوێ ئەکەنو بەفری کاوانی ئەم کوێستانە ئەتاوێتـــەوەو شـــاخە سەرکەوشەکان پنت لەپنتك ئەبن ، بۆنی عەنبەرینی گوڵو گوڵاڵە لەگەڵ هەوای فێنکی ئەم بەهارە تێکەڵ ئەبێو ئەبێ بە هەناسەیەکی گیان بەخش !! لێرەدا شاعیر ئەو سروشتە رازاوەیـە پێشان ئــەداو بــە تۆبووکێکــی ئارایشدراوی ئەچوێنێ ٠٠

٦ ـ دزێــو کــردنی لێچوو :

ئەمەش لە خوسپو داشۆرینا ئەبێ : شیخ رەزا ئەڵێ : رەنگی کەر ، دەنگــی بەقەر ، هەیئەتی سەگێ ، خۆی چەقەڵ

ســوودی لێکچواندن

لێکچواندن کە ئەهێنرێ سوودێك یا چەند سوودێکی لێ رەچـاو ئەکرێ ، ئەمانەش هەندێ لەو سوودانە :

١ ـ کورتبـــڕی :

وا ئەبێ نووســەر یەوێ کۆمەڵە سیفەتێك بداتە پاڵ شتێ ، یا کەسێ، جا کە پەنا ئەباتە بەر لێکچواندن بۆ ئەوەیەتی لە درێژدادڕی رزگاری بێ٠

(پیرەمێرد) ئەڵێ :

تاڤگـــــەکەت ســــەربەرز ســـــاردە وەك تـــەرزە
دانـــــەی مرواری لەنجــــەی ســــەد تــــەرزە

ئەوە هەر لێ گەڕێ کە رەگەزدۆزی ـ الجناس ـ لە ووشــــەی تەرزە کەوتۆتەوە کە دووجار هاتووەو هەر جارەی مانەیــەك ئــەدات . پیرەمێرد لە جیاتی ئەوەی بە دوورو درێژی بە تانو پۆی ئاوی تاڤگەکە بێتە خوارەوەو باسی ساردی بکات ، هاتووە بە دوو ، ووشە مانای تەواوی داوە بە دەستەوە « ساردە وەك تەرزە »

۲ ـ بۆ روون کــــــردنەوە :

ئەمەیان شا نیشانەی لێکچواندنە چونکە یەکەم ئەرکو فەرمانــی لێکچواندن لابردنی گومانو دوودڵی یە بەرامبەر ئەو شتەی ئەخرێتــە روو .. بۆیە یەکەم نەنگیو کەمو کورتی لێکچواندن ئەوەیە مەبەستەکەی پۆشراو بێت یا بە تەواوی روون نەکرابێتەوە . (پیرەمێرد) ئەڵێ :

جاهیــــل زلیش بـــێ وەك کــەندوی بۆشـــە
دەنـــگی دەهۆلیش هـــەر لـــە دوور خۆشە

جاهیلی بە کەندووی بۆش چواندووە ، ئەمەش بۆ ئاشکرا کردنی مەبەستەکەیە ..

۳ ـ هووشــــــەکاری :

کە شتێك بە شتێکیتر ئەچوێنرێ دیارە نیاز لەم لێکچواندنە ئەوەبە کە لێچوو لەسەر شێوەو دۆخی لەوچوودەر بکەوێ، ئەمەشیان هەلبەت هووشەکاری گەرەکە ؛ ئەم هووشەکاری یەش ئاوی گیانی هــــەموو لێکچواندنێکــە ، کوردی ئەڵێ :

گــەردنی کــوردی لە کێــوی بێستوون مەحکەمترە

چونکــە ســەد ســاڵە لە ژێــر باڵی خەمایەو نانەوێ

کوردی گەردنی خــۆی کــردووە بــە کێــوی بێســتوون ، لێکچواندنەکەش پەسندیدەیە .. چونکە کێوی بێستوون لە کــوێ ؟ گەردنی زراوی لە کوێ ؟ جا هەرچی بڵێیت دەربارەی ئەم هووشەکاری یە هــەر هیچت نــەووتووە ..

٤ ـ داگرتــن و جــەخــت کــردن :

کە لێکچواندنێك ئەکرێ مەبەست داگرتن و جەخت کردنی سیفەتی لێچووە ، کاکەی فەلاح ئەڵێ:

هەر کەســێ ئۆباڵی ئیشی خۆی لەسەر ئەستۆیەتی

وەك برۆ چۆن پشتی چاوی گرتووە جــێی خۆیــەتی

لێرەدا راستەقینەیەك هەیە : « هەر کەسێ ئۆباڵی ئیشی خۆی لەسەر ئەستۆیەتی . » جا بۆ جەخت کردنی ئەو مانایە هاتووە بە (برۆ)و پشــت چــاو گرتنی چوانــدووە ..

پلەی کاریگەری لێکچوانــدن

لێکچواندن هەر جۆرێك بێت و بۆ هەر مەبەستێــك بێــت لــە کاریگەرو ئەنگافتنا سێ پلەی هەیەی :

١ ـ **لێکچوانـــــدنی رەوان :**

ئەمەیان لە هەموو جۆرەکانی تر بە هێزترە ، تەنها لە لێچووو لەوچوو دروست ئەبێ و بەس ، ئەوزارو لێکچوون باسیان ناکرێت ، ئەوەش ئەبێ کە لەوچوو بکرێتە موزاف و بدرێتە پاڵ لێچوو ، وەکو : (بەهەشتــی دڵداری ، دۆزەخی دووری ، داری ئازادی ... »

٢ ـ پلـــەی نـاوەنجـی :

ئەوەیە کە ئەگەر لێچوون لێچوو یا بەس [illegible]
بەس لێکچوون • کەواتە ئەم جۆرە یا (لێکچواندنی بەرەلا) ئەگرێتەوە ،
یا (لێکچواندنـی درێـژە) ••

٣ ـ پلـــەی نــزم :

ئەو لێکچواندنەیە کە هەر چوار بنەڕەتەکانی بە ئاشکرایی تیـا
بـاس کـرابێ !

ئەمەو هەڵبژاردنی یەکێ لەم جۆرە لێکچواندنانە ئەچێتەوە سەر
چەشەی نووسەرو شوێنیش پیشەی رەوانبێژی رائەکێشێ •!

لێکچواندنی زۆر لە دێرە هۆنراوەیـەکا

زۆر جار وا ئەبێ کە هۆنەر لە دێرە هۆنراوێکا چەند لێکچواندنێك
دێنێ ، ئەمەش چەند نموونەیەك :

١ ـ لێکچواندنی یەك شت بە یەك شت : صافی ئەڵێ :

یار لەبـەر نازی جوانی مامـزە ســارەم دەکـــا
یا لــە ناڵەی عاشـــقانە روو لە عالــەم کـەم دەکـا

٢ ـ دوو شت بە دووشت : مەولەوی ئەڵـێ :

نـە شـــەو راحەتـم ، نـــە رۆ دڵشــادم
شـــەو زولف ، رۆ رووت مەوزۆ ئـەو یـــادم

٣ـ سێ بە سێ شت : (نالی) ئەڵێ :

ئاسـمانی حوسنی حەبیبـم لە ئەبرۆ زولفو روو
دوو هیلالو دوو شـەوو دوو ماهی تابالـی هەیـە

٤ ـ چوار شت بە چوار شت : (حاجی) ئەڵێ :

ئەمن گیوم ، سەرم شانەیە ، هەناسەم
نەسیمە ، چاوەکانم ، مێزەرم تەم

٥ ـ پێنج شت بە پێنج شت : (ناری[1]) ئەڵێ :

ڕووت وەکو ئاگر موژەت وەك شیشە ، ئەبرۆت قیمەکێش
مرووەحەت زولفو کەبابت جەرگی پارەی ناری یە

٦ ـ شەش شت بە شەش شت : ئەدەب ئەڵێ :

بە زولفو برۆو موژگانو خەتو پەرچەمو باڵا
کەمەندو تیغو تیر ، چەوشەنو خەفتانو والایی
بە کوڵمەو ڕوومەتو ڕان بە مەمكو سینەو گەردن
عەقیقو لەعلو یاقووتو دووڕو بلووڕو مینایی

٧ ـ حەفت شت بە حەفت شت : (کوردی[1]) ئەڵێ :

کەبك خەتو باز ڕەوشت ، سەقەر سەدا ، پەیجە عوقاب
چاو مەڕاڵ ، ئاسك نیگە ، شێر کەمەن ، سمت غەزاڵ

ڕەوانی لێکچواندن

ڕەوانی لێکچواندن لەوە دایە نووسەر وێنەی شتێکی دوورو شاراوە بێنێتو بە هۆی شتێکی دیارو نزیکەوە دەری بڕێو پێشانی بدا ، جا هەر چەندە ئەو گواستنەوەیە لە لێچوو بۆ لەوچوو دوورو قوڵتر بێ لێکچواندنەکە ئەنگێوتر ئەبێ .. « چاوی کاڵ ئاسا لێکچواندن تەلەسمو ڕاکێشانو مەبەست بەخشی تیایە ، بەندی دڵو ڕشتەی جەرگ ڕائەهەژێنێو ئەی خاتە جۆشو خرۆشەوە .. » (١)

دیسان ڕەوانی لێکچواندن لەوەوە دەرئەکەوێ پەردەی لێڵو پێڵی شت دابدڕێو وێنەو دیمەنێکی دڵ ڕاکێشەر بخاتە بەرچاو ، ئەمەشیان

(١) اسرار البلاغة فی علم البیان

[illegible] لە بیرێکی تیژو خەیاڵێکی بەرز [illegible]

دەرچووبێ شتەکە پەسندترو دلگرتر ئەبێ ! ٠ عبد القاهر الجرجانی گوتەنی هەر لێکچواندنە ئاوو ئاگر پێکەوە کۆ ئەکاتەوەو شتێ بێ گیان وە دەنگ دێنێ ٠٠ وەکو ئەدەب لە دووری یاری ئاگری لە دڵ بەر ئەبێو دەریای فرمێسکی لە چاوەکانا سەر ئەکا وئەڵێ :

شەو لەبەر سۆزی دەروونو ئەشکی دیدەم نازەنین
لایەکی ئاوی رەوانو لایەکی نارە ئەدەب

بێ گومان هەر لێکچواندنە بتوانێ ئاوو ئاگر پێکەوە کۆ بکاتەوەو وا لە ئەدەب بکا کە لە دەرەوە نوقمی دەریای فرمێسك بێتو لە ژووردوەش دەروونی کوورەی ئاگرێکی بە جۆش بێت ٠٠

ئەگەر بێتو بڵێیت (فلان وەکو فلانە لە درێژیدا) یا (زەوی وەکو تۆپ خڕە) یا « ئەو کاغەزە ئەوەندە سپییە سەد سوێند ئەخۆی بەفرە ٠٠ بێ گومان ئەم جۆرە لێکچواندنانە هیچ بۆنێکی رەوانبێژییان لێوە نایەت ، چونکە لێکچوونەکە زۆر زۆر دیارو ئاشکرایە ، هیچ قووڵییەکی تیا نییەو پێویست بە لێکدانەوە ناکات ، خەیاڵەکەی تەسکەو نەیتوانیوە پەڵ باوێ ، بەڵام هونەرمەند ئەو بلیمەتەیە کە بیریووردی ئەخاتە کارو ئەم لێکچواندنە دادێنێ :

گیانە لە پرخەی خەوی خاومدا
پێت بنێ وەبان هەردوو چاومدا
مەڵێ بۆرژانگت تیژە وەك چقل
نەچەقێتە پای نازکتر لە گول

ئەمە کە پیسارانی وتوویەو پیرەمێرد کردوویە بە سۆرانی ئەوپەڕی جوانی تیایە ، بژرانگی خۆی ئەکا بە چقل ، پا ـ پێ ـ ی ناسکی یار ئەکا بە گوڵ ، نەك هەر ئەوەندە بەڵکو جوانی لە وێنەو دیمەنەکە دایە کە خەیاڵی هۆنەر دروستی کردووە کە خۆی لە پرخەی خەوا بێتو یارەکەی بە پێیە گوڵینییەکەی بە سەر چاوی بکەوێ ، سەرەرای ئەوەش

ئەڵێ من ئازارێکیش نابم بەڵام خەمی تۆیە ئەی یارە نازدارەکەم کە
برژانگی کاڵم وەك چەقڵ دائەنێن لە پێی ئاسکی ئەوی ئازاری ئەدەن ..
ئەوەی لەم لێکچواندنە سەرنج رائەکێشێ ئەوەیە خەیاڵی بۆ ئەوە چووە
پێی ئاسکی یار بە گوڵ دابنێ‌و هەستیش بەوە بکا کە بۆ ئەم پێ ناسکە
برژانگی ئەو وەك چقڵ وان . ناسکی پێ‌و تیژی برژانك ئەو پەڕی جوانی
ئەنوێنێ ، هەر وەکو هۆنەر لە ریزکردن‌و دارشتنی ووشەکان دەستێکی
باڵای هەیە ، کە ئەڵێ (پرخەی خەوی خاو) پیاو دڵ‌و دەمارەکانی خاو
ئەبێتەوە‌و هەست بە نەرمی‌و هێمنی ئەکا .. ئەمە لە شوێنی نەرمی‌دا بەڵام
لە شوێن توندو تیژی دا « چقڵ ئەچەقێتە » دێنێ کە زۆر توندو لە جێیە .
بە کورتی رەوانی لێکچواندن لە دوو لاوەیە :
١ ــ لە رێخت‌و دارشتن‌و هێنانی ووشەی جێگر ! بە جۆرێ هەر
یەکە جێگەی خۆی بگرێ کە بە تەواوی خوێنەر سەراسیمە بکەن‌و دڵی
لێ بسێنن ..
٢ ــ لە داهێنان‌و دۆزینەوەی لەوچوونێکی دوورو گونجاو کە کەم
زەین بەدی بکات لە باری ئاسایی‌دا ، ئەمەش پێویستی بە بەهرەیەکی لە
خەرەك دراو هەیە بۆ ئەوەی باڵندەی خەیاڵ وەکو بازی چوست‌و چەش
بکەوێتە فڕین لەو پەڕی ئاسماناو لێکچوونێکی جوان‌و دروست بەدی
بکات‌و دای بهێنێ !
جگە لە مەش بیروباوەڕ کارێکی زۆر ئەکاتە سەر بەهێزی‌و بێ‌هێزی‌و
یا رەوانی‌و نارەوانی لێکچواندن چونکە ئەو شتەی کە پیاو باسی دەکات‌و
بە لێکچواندن ئەی خاتە روو تا زیاتر باوەڕی پێ بێت لێکچواندنەکە بە
هێزتر ئەبێ چونکە لە سۆزو بیرو باوەڕێکی پتەوەوە دەرهاتووەو کەف‌و
کوڵی جۆشێکی راستەقینەی دەروونێکی پڕ شۆڕو شەڕەڕە ..

بەشی دووەم

دروســتو خوازە ـ الحقیقە والمجــاز ـ

هەر ووشەیەك لە هەر زمانو شێوەیەك داو بەلای هەر نەتــەوەو هۆزێکا کە دانراوە بۆ مانایەکی تایبەتی دانراوە جا دروست ـ الحقیقة ـ بریتی‌یە لەو مانایەی کە ووشەکە لە بنچینەدا بۆی دانراوە بێ هیچ پێچو پەناو هێنانو بردنێك لە پەخشانا شاکر فەتاح ئەڵێ :

« لە گەڵێ وەختا ئافرەتی کورد پێشانی داوە کە لە چوستی چالاکی زرنیگیو دەسەلاتو فەرمانڕەوایی‌و نیشتمان پەروەری‌و خوێندەواری‌و دڵتەڕی‌یا لە پیاو کەمتر نەبووە ، قەدەم خێرو قەرەفاتم دوو سەر کۆماری ئازاو بە جەرگی‌و بە ناوبانگی کوردستانی رۆژ هەڵاتو کوردستانــی ژووروبوون ... »

ئەگەر بە ووردی سەیری ووشەکانی ئەم دەقە بکەیــن بۆمـــان دەرئەکەوێ کە هەر ووشەیەك بۆ مانای دروستو تایبەتی خۆی دانراوە .. فەرهەنگی کوردی بێنەو لێکی بکەوە ـ ئەوەی هەیە ـ سەیری ئــــەم ووشانە بکە ئەبینی لێرەدا هەمان مانا ئەگەیەنن کە لە فەرهەنگا هاتووە .. هیچ ووشەیەك بۆ مانایەکی‌تر نەخوازراوە جا ئەو مانایەی بە ووشــەی دروستو تایبەتی خۆی دەر ئەبڕێ پێی ئەووترێ (مانای دروســتی ووشە ـ المعنی الحقیقی للکلمة) لە هۆنراوەشا پیرەمێرد ئەڵێ :

کچــە ووتــی : ئەوە ئەستێــرەیەکی تــازە هـــەڵات
بە کــوردی نــاوی گەلاوێژە ، شەوقی دایـــە وولات
وەرە بە شوعلەی ئەو سوێنــد بخۆێن کە یەك دڵ بین
لــە خزمــەتی وەتەنــا هەوڵ بدەیــن هەتاکـــو دەژیــن

لێرەش ئەم ووشانەی هاتوون هەر مانای دروستی خۆیان ئەگەیەنن وبـــەس !

بەشەکانی دروست

زاناکان لەو باوەڕەدان کە دروست سێ بەشە :
دروستی زمانی ـ دروستی نەریتی ـ دروستی دەستووری ٠

١ ـ دروستی زمانی :

ئەو ووشانە ئەگرێتەوە کە لە گەڵ پەیدابوونو پێشکەوتنی هەر نەتەوەیەك هەریەکە بۆ دەربڕینی مانایەك یا شتێك دانراوە وەکو : گوڵ ، چیا ، بروسك ، باران ، ئاو ، مانگ ٠٠٠

خۆ ئەگەر ئەم ووشانە بۆ دەربڕینی منایەکیتر بێجگە لە مانای خۆیان بە کار ببرێن ئەوا ئەبێ بە خوازە ـ المجاز ـ وەکو مانگ کە ئەو جورمە ئاسمانیەیە بەدەوری زەمین‌دا ئەسوڕێتەوە بەڵام دوور نیە ئەم ووشەیە بۆ دەربڕینی مانەیەکی تر بخوازرێ وەکو (کە زولفی لاکەوت مانگی کەوتەدەر ٠) بێ گومان لێرە مانگ بۆ مانای دروستی خۆی نەهاتووە بەلکو مەبەست روخسارو کولمە !

خوازەش هەر ئەبێ لە دوای دروستەوە بێ ، چونکە لە پێشدا ووشەکە بۆ مانایەك دانراوە ، پاشان هەمان ووشە بۆ راگەیاندنی مانایەکیتر خوازراوە ٠٠ لە هەمان کاتیشا ئەگەر ئێمە ووشەیەك بە رەقو رووتی ببینین ناتوانین فەرمانی بەسەرا بدەین کە ئەم ووشەیە دروستە یا خوازە ! چونکە دروستی یا خوازەیی لە بەکارهێنانا دەرئەکەوێ ٠٠

٢ ـ دروستی نەریتی :

ئەوەش وا ئەبێ مانای دروستی ووشە لە ئەنجامی زۆر بەکارهێنانو بردنا لە ناو خەڵکا بگۆڕێو بێ بە شتێکیتر ، بەڵام نەك لەسەر حیسابی خوازە بەلکو لەسەر ئەرکی دروستەکەوە ٠ واتە ماناکە هەر دروستەو نابێ خوازە ٠٠ ئەمەش دوو جۆرە :

أ ـ نەریتی تایبەتی : ئەوەیە کە پسپۆری زانیاریەك یا کار کردەی کارێك یا خاوەنی پیشەیەك ووشەیەك لە مانای بنەڕەتی دائەبڕنێو ئەیکا

به زاراوه بۆ شتێکی تر وەکو (زەبر ـ عزم، چڕی ـ الکثافة ، بارستایی ـ الکتلـه ، توان ـ الاس) ئەم ووشانە هەر یەکە مانای دروستی خۆی هەیە بەڵام لەسنووری زانیاریدا هەر یەکەیان مانایەکی تایبەتی ئـەدا ، ئەو مانەیەش کە لە زانیاریدا ئەی دەن هەر بە دروست ئەژمێردرێ ٠

ب ـ نەریتی گشتی : ئەوەشـ دوو جۆری هـەیە یەکەم وا ئـەبێ بەکارهێنانی خوازە ئەوەندە باو بێ وەکو دروستی لێ بێت ؛ هەروەکـو فرێ دانی موزاف و دانانی موزاف الیهی لە شوێنی ئەوەوە وەکو بڵێی : « مەی حەرامە » لە راستیدا (خواردنەوەی مەی حەرامە) ، جا لەبـە، ئەوەی ئەم خوازەیە (مەی حەرامە) لە دروستەکە باوترە ، ئەم بووە بـە دروست ٠ جۆری دووەم ، بریتییە لە دابڕینی ناوێکی گشتی بەسەر یەکێ لەو شتانەی بەری ئەکەون وەکو ووشەی (ووڵاخی بەرزە) راسـتە ئەم ووشەیە هەموو ووڵاخێکی بەرز ئەگرێتەوە بەڵام وورده وورده ماناکەی گۆڕاوە تا مانای دروستی بەجێ هێشتووە و بە تایبەتی بۆ (هێـستر) بەکار دێ ، یا وەکو (رەشە ووڵاخ) کە هەموو ووڵاخێکی رەش ئەگرێتـەوە بەڵام بۆ مانگا بە کاردێ و بـەس ٠

٣ ـ دروستی دەستووری : ئەو ووشانەیە کە بۆ دەستووری ئایـن و یاساو رژێمی یاساو رژێمی ووڵات دائەنرێن ، ئەمەش وا ئەبێ خوسپ و هەڵنان هەڵئەگرێ وەکو ، ئیماندار ، گاور ، دەروێش ،٠٠٠

یا وا ئەبێ خوسپ هەڵنان ناگرێ وەکو (نوێژ ، رۆژوو ، شەشەران ٠٠)

ئەمە دەربارەی دروست ـ الحقیقة ـ وە ئێمـە کە لێرە باسمان کرد مەبەستمان ئەوە بوو کە بە هۆی ئەوەوە لە خوازە ـ المجاز ـ بگەین ـ٠٠

خوازە ـ المجـاز ـ

وەکو ووتمان خوازە بریتییە لەوە کە ووشەیەك بۆ مانای دروستـی خۆی بەکار نەبرێ بەڵکو بۆ مانایەکی تر بخوازرێ و مەبەسـتێکی تـر بگەیەنێ ٠٠ احمد مختار بەگی جاف ئەڵێ :

له خەو هەستن درەنگە میللەتی کورد خەو زەرەرتانە
هەموو تاریخی عالەم شاهیدی فەزڵو هونەرتانە

کە ئەڵێ (لە خەو هەستن) بێ گومان خەو بۆ مانای دروستی نەهاتووە کە نووستنە بەڵکو بۆ دەربڕینی مەبەستێکی‌تر بە کار هاتووە کە غەفلەتی‌و بێ ئاگایی‌یە .. خوازە بە شێوەیەکی گشتی دوو جۆرە :

١ ــ خوازەی زمانی : ئەوەیە وشەیەك نە مانای راستەقینەی دەرد بخرێتەوەو بۆ راگەیاندنی واتایەکی‌تر بەکار بیرێو پەیوەندی‌یەکیش لە نێوانی مانای دروست‌و مانای خوازەیی وشەکەدا هەبێت ، ئەوەش دوو جۆرە :

أ ــ خواستن : ئەو خوازەیەیە کە پەیوەندی‌یەکەی لێکچوون بێت .

ب ــ خوازەی بەرەڵا : هەموو خوازەیەکی تری زمانی ئەگرێتەوە کە پەیوەندی‌یەکەی وێچوون ــ مماثلة ــ نەبێ ، بۆیەش پێی ئەووترێ خوازەی بەرەڵا چونکە بە پەیوەندی‌یەکەوە نە بەستراوە ، یا لەبەر ئەوەیە کە پەیوەندی‌یەکانی ئەکەونە نێوان مانای دروست‌و مانای خوازەیی وشەکە ئەوەندە زۆرن لە ژمار نایەن .

٢ ــ خوازەی ژیری :

١ ــ خوازەی زمانی

خوازە بریتی‌یە لە بە کار هێنانی وشەیەك بۆ دەربڕینی گوزارەیەکی‌تر بێجگە لە گوزارەی تایبەتی خۆی ئەمەش سەبارەت بە پەیوەندی‌یەکەوە کە لە میانەی گوزارەی دروست‌و گوزارەی خوازەیی وشەکەدا هەیە لەگەڵ هەبوونی نیشانەیەکی زمانی ــ لغوی ــ یا ژیری ــ عقلی ــ کە بەرهەڵستی مانا دروستەکە بێت ، ئەم نیشانەیەش پێی ئەووترێ (قرینە المجاز) .. وەفایی ئەڵێ :

گوڵەکەم دەڵێن ئەوا دێ هەموو وەختێ چاوە چاوم
ئەی خودا تۆ بڵێی وەها بێتەوە رۆنایی چاوم

لێرەدا لە جیاتی ئەوەی وەفایی بە وشەی دروست‌و راستەقینە

بێ : « یارەکەم دەڵێن ئەوا دێ» بە جۆرێکی تر دەری نەبڕیایە [illegible] «گوڵەکەم دەڵێن ئەوا دێ» واتە راستەو خۆ ناوی یاری نەبردووە وای بە چاك زانیوە کە ووشەیەکی تر بە کار بێنێ ، لە (گوڵ)یش پەسندترو لە یار وەشاتری نەدیوەتەوە بۆیە ناچار بووە ووشەی (گوڵ) بەنازی بۆ دەربڕینی یار .. گوڵ دوو مانای هەیە : یەکی دروست کە ئەو کولوکە بەهاری‌یە رەنگاو رەنگو بۆن خۆشەیە کە لە گەرمەی بەهارا دەم ئەکاتەوەو بۆنو بەرامە بلاو ئەکاتەوە ، مانای دووەمیشی دڵخوازی خۆیەتی ، جا لێرەدا وەفایی مەبەستی مانا خوازەیی‌یەکەیە کە یارە نەك گوڵی راستەقینە ، نیشانەش بۆ ئەمە ئەوەیە کە ئەڵێ (دەڵێن ئەوا دێ) : هەڵبەت گوڵی راستەقینە توانای بزووتنو هاتنی نی‌یە مەگەر بە دەم شنەی باوە لە جێوە بجوولێتەوە ئەگینا هیچ .. بۆیە هاتنی زۆر ستەمە بەلاٰ هاتنی یار کە ووشەکەی بۆ خوازراوە زۆر لەگینو نزیکە ، کەواتە ئەمەیان ئەبێ بە نیشانەو رێگای ئەوەمان لێ ئەبڕێ مانای راستەقینەمان مەبەست بێتو بەرەو مانا خوازەیی یەکە رامان ئەکێشێ .

خواستن ـ الاستعارە

خواستن بریتی‌یە لە بەکار هێنانی ووشەیەك بۆ دەربڕینی مانایەکی‌تر بێجگەر لە مانای دروستی ووشەکە بە مەرجێ پەیوەندی نێوان مانای دروستو مانای خوازەیی ووشەکە وێچوون بێت ، ئەبێ نیشانەیەکیش هەبێ کە ئێمە مەبەستمان بەم ووشەیە مانا خواستراوەکەیە نەك مانا دروستەکە . (ئەدەب) ئەڵێ :

گەهێ لە باخی سینەدا سەیری دوو نارنجم دەکرد

گەهێ لە گوڵزاری جەماڵی تەماشای یاسەمین

(نارنج) مانای دروست ناگەیەنێ کە بەری دارێکە ، بەڵکو بۆ شتێکی تر خواستراوە کە (مەمك)ە . پەیوەندیش لە نێوانی (نارنج)و (مەمك) وێك چوونە ، کە مەمك زۆر بە نارنج ئەچێ .. نیشانەش بۆ ئەوەی

[illegible]
ئەلێ ، (لە باخی سینەدا) ، بێ گومان سینگی یار هەر مەمکی لەسەرە كە لە نارنج بچێ ..

ئەرەستۆ دەربارەی خواستنەوە ئەلێ : « هۆمیرۆ ئەگەر بلێ ــ ئەسپەكە وەك شێر هەڵمەتی برد ــ ئێمە بەرامبەر وێنە یا لێكچواندن ئەبین ، خۆ ئەگەر بلێ ــ ئەو شێرە هەڵمەت دێنێ ــ ئەو وەختە بەرامبەر (مینافورا) ئەبین كە مانای گواستنەوە یا خوازەیە) (١)

ئەگەر بە ووردی سەرنج بدەینە ئەم قسەیەی ئەرەستۆ ئەبینین :ــ

١ ــ ئەرەستۆ ووشەی (خواستن ــ الاستعارة) ی بەكار نەهێناوە بەڵكو (گوازتنەوە ــ النقل) یا (خوازە ــ المجاز) ی بەكار هێناوە .

٢ ــ ئەرەستۆ لێكچواندنو خواستنی بە شێوەیەكی وا دەرنەخستووە ناساندنی (مانع و جامع)بدا ، بەڵكو هەر ئەوەندەی كردووە نموونەی بۆ هێناونو بەراوردی كردوون

٣ ــ ئەرەستۆ جیاوازی یەكی ئەوتۆ ناخاتە نێوان خوازەو لێكچواندن چونكە لە شوێنێكا ئەلێ : «لێكچواندن جۆرە خوازەیەكە ، ئەم دووەش جیاوازی یان زۆر كەمە . » (٢)

٤ ــ چونكە خوازەو لێكچواندن بە لای ئەرەستۆوە زۆر لە یەك نزیكی ، ئەوزاری لێكچاندنی كردۆتە بەڵگە بۆ لێك دابڕاندنیان .. بە لای ئەوەوە ئەوزار هەبێ لێكچواندنە ، نەبێ خوازەیە ، ووتەی (ئەوە شێرە) بە رای ئەو خوازەیە نەك لێكچواندن هەر لەبەر ئەوەی ئەوزاری تیا نی یە .ئەمە بوو باوەڕی ئەرەستۆ بەرامبەر لێكچواندن بەڵام راستی یەكەی نەخواستن بە شێكە لە لێكچواندنو نە هەر تەنها ئەوزاریش دیواری دابڕی نێوانیانە چونكە ووتمان ئەو لێكچواندنەی ئەوزاری تیا نەبێ یا ئەوزارو لێكچوونی تیا نەبێ ئەبێ بە (لێكچواندنی رەوان ــ التشبیه البلیغ) لە راستی دا خواستن لەسەر لێكچواندنەوە هاتووە وەك مەسەلەی بناغەو خانوو ، بناغە نەبێ

---

(١) ، (٢): بلاغة ارسطو بین العرب والیونان ــ ابراهیم سلامه ــ

ئازاو زاکینێ ، لێکچواندنیش نەبێ خواستن نابێ !

که ووتمان خواستن لەسەر لێکچواندن هاتووە ، مەبەست لێکچواندنی بڕۆنی ــ معنوی ــ یە کە نووسەر لە دڵێ خۆیا دروستێ ئەکا بێ ئـەوەی دەری ببڕێ ، چونکە خواستن مێسلی لێکچواندنی زاراوەیی‌یە ، لێکچواندن مەرجە هەر دوولای باس بکرێ بەڵام خواستن تەنها لە یەکێکیان دروست ئەبێو بەس ٠ یا تەنها لەوچوو باس ئەکرێ یا ئەوەتە لێچوو ناو ئەبرێ‌و پەیوەستێکی لـەوچووی ئەدرێتێ ٠٠

جیاوازی خواستن‌و لێکچواندن

لێکچواندن‌و خواستن جیاوازی‌یان لەم شتانەیە :ــ

١ ــ لێکچواندن دوو بنەڕەتی هەیە ــ لێچوو ، لەوچوو ، کەچـی لـە خواستن یا تەنها لەوچوو ئەووترێ یا لێچوو ئەووترێ‌و پەیوەستێکی لەوچووی ئەدرێتێ ٠ ئەگەر بڵێی : (رووی وەکو مانگە) ئەمـە لێکچواندنە بەڵام ئەگەر بڵێی : (پەرچەمی لادا مانگێك کەوتە دەر٠) ئەمـە خواســـتنە ٠٠

٢ ــ خواستن‌و لێکچواندن هەردووکیان لەم بارەیە رێ ئەکەون کــە برێتین لە هاوبەش کردنی هەردوو لا لە شتێکەوە بەڵام رێگـــەو چۆنیەتی ئەو هاوبەش کردنە ئەگۆڕێ ٠

٣ ــ لە لێکچواندن ئەوە هەر ئەمێنێ کە پیاو هەست بکا لەوچـــوو تەواوترو گەشاوەترە لە لێچوو ، بەڵام لە خواستن هەردووکیـان تێکەڵ ئەکرێن ، ئەو تێکەڵ کردنەش دوو شتەکە پتر لێك نزیـــك ئەکاتـــەوە ٠

٤ ــ لە لێکچواندنا لێکچوون ئەشێ بووترێ‌و ئەشێ نەووترێ کەچی لـە خواستن بە هیچ جۆرێ لێکچوون نابێ دیار بێ ئەگەر دیار بکەوێ لە خواستن ئەکەوێ‌و ئەبێ بە لێکچواندن ٠٠

خواســـتن بـەم شتانـە نـەبێ نایـەتـە دی :

١ ــ فرێ دانی ئەوزارو لێکچوون ٠٠ لە دوو لاکەی تریش وەکو ووتمان

یا تەنها لەوچوو ناو ئەبرێ ، یا لێچوو دێ بەڵام پێویستێکی لەوچووی ئەدرێتێ .

٢ ـ هەبوونی پەیوەندی‌یەك كە دوو لای خواستن پێكەوە ئەبەستێ ، ئەو پەیوەندی‌یەش هەر وێچوون ئەبێ .

٣ ـ لە بیر خۆ بردنەوەی لێكچواندنی بژۆنی ، چونكە مەبەست ئەوە نی‌یە لێكچواندن دروست بكەین بەڵكو مەبەست ئەوەیە هەردوو لا لە ناو یەك قالبا دابرێژین .

٤ ـ ئەبێ نیشانەیەك هەبێ كە ئێمە مانای خراستراومان مەبەستە نەك مانای دروست ئەمەش پێ ئەووترێ (نیشانەی خواستن ـ قرینة الاستعارە) .

بنەرەتەکانی خواستن

كە ئەڵێ : (شێرێكم دی چەكی لە خۆی دابوو مەیدانی ئەخواست) خواستن لە ووشەی (شێر) دایە . واتە شێر بۆ مانای دروستی خۆی نەهاتووە كە درندەیە بەڵكو بۆ (پیاوی ئازا) خواستراوە .. نیشانەش بۆ ئەوەی خواستراوە ئەوەیە ئەڵێ :

(چەكی لە خۆی دابوو ، مەیدانی ئەخواست) ، دیارە چەك لە خۆ دان و مەیدان خواستن هەر بۆ پیاوی‌نە نەبەردە نەك شێر ، ئەگەر بەم پێ‌یە بۆی بچین بنەرەتەكانی خواستن ئەمانەن :

١ ـ بۆ خواستراو ـ المستعار لە ـ كە بەرامبە لێچووە لە لێكچواندن .

٢ ـ لێ‌خواستراو ـ المستعار منە ـ كە بەرامبەر لەوچووە لە لێكچواندن ، ئەم دووەش ـ بۆ خواستراو ، لێ‌خواستراو ـ بە دوو لای خواستن خواستن ناو ئەبرێن .. ئەمانەش تەنها یەكێكیان ناوی ئەبرێت وەك باسمان كرد

٣ ـ خواستراو ـ المستعار ـ بەرامبەر لێكچوونە لە لێكچواندن ، ئەمەیان نابێ بە هیچ چەشنێ ناوی ببرێ بەڵام ناو نەبردنەكەی لە بنەرەتایەتی ناخات ..

٤ ـ [illegible] خواستن ـ نظرية الاستعارة ـ [illegible]
یا گوزارەیی‌یە کە بەرهەڵستی ئەوە ئەکا ماناى دروستی وشەکەمان مەبەست نەبێ .. گۆران ئەڵێ :

دایە ناو زەمو ناوە جێگا نەو جنێ
هیچ نەگۆڕاوە
بەڵام سوورە گوڵێك هەیە لەم دێیە
مەنیجی ناوە

پێش ئەوەی گۆران بڵێ « سوورە گوڵێك هەیە » ویستوویە بڵێ « کچێك هەیە » لە دڵی خۆیا ئەم کچەی بە سوورە گوڵ شوبهاندووە جا راستەو خۆ ناوی سوورە گوڵی هیناوە ومەبەستیشی کچەکەیە . بەڵام کچەکە کە بۆخواستراوە ناوی نەبراوە وهەر بە نهێنی ماوەتەوە ، وە سوورە لێخواستراوە چونکە گۆران شتێکی لەو سوورە گوڵە خواستووەو کردوویە بە بەر کچەکەدا ئەویش جوانیو رەنگو رەونەق خۆشیە ، ئەم جوانیو رەنگو رەونەقەش پێی ئەووترێ خواستراو کە سێیەم بنەڕەتی خواستنە ، نیشانەش بۆ ئەوەی گۆران گوڵە سووری باخچەی بەهاری مەبەست نی‌یە بەڵکو ئەو کچەی مەبەستە کە ژوانی لەگەڵ بەستبوو ئەوەیە ئەڵێ : «مەنیجی ناوە » لێرە هەموو دوو دڵی یەك ئەبڕێتەوەو تەواوی ئەوە ساخ ئەبێتەوە کە وشەی (سوورە گول) بۆ ئەو کچە بەکارهاتووە کە مەنیجی ناوە .

هەنگاوەکانی خواستن

ئایا بۆ هێنانو دروست کردنی خواستن ئەبێ چەند هەنگاو بپرین ؟
بێ گومان ئەبێ بەم هەنگاوانەدا بڕۆین :

۱ ـ لێکچواندنی نهێنی :

لە دڵی خۆمان دوو شتەکە بە یەك ئەچوێنین بە بێ ئەوەی ئاشکرای بکەین ، چونکە لێکچواندنی نهێنی بریتی‌یە لە ئامادە کردنو دارشتنی هەر

دوولا ، وە بۆیەش نهێنی‌یە [illegible]
ئەگەر دەربڕی خواستنەکە زیندە بە چاڵ ئەبێ‌و لە شوێن ئەوەوە لێکچواندن دروست ئەبێ ۰۰ بۆیە بە هیچ جۆرێ نابێ هەردوو لای لێکچواندنەکە باس بکرێ ۰۰

٢ ـ پەیوەندی هەردوو لا

بریتی‌یە لەو پەیوەندی‌یەی کە لە نێوانی لێچوو ولەوچوودا هەیە ۰ جا ئەبێ بە ووردی تێبینی ئەم پەیوەندی‌یە بکەین کە لە لێکچواندنە نهێنی‌یەکەدا هەیە ، ئایا تا چ رادەیەك ئەم پەیوەندی‌یە گونجاوە ؟ هەر ئەم پەیوەندی‌یە یا سیفەتەشە کە ئەخواسترێ‌و ئەدرێ بە (بۆخواستراو)۰۰ وە پێی ئەووترێ (خواستراو) ۰۰

٣ ـ لە بیر خۆ بردنی لێکچواندنە نهێنی‌یەکە :

لەم هەنگاوەدا هەوڵ ئەدەین لێکچواندنە نهێنی‌یەکە لە بیرخۆمان دەربکەین‌و هەر دوو لای خواستن یا لێکچواندنەکە تێکەڵ بکەین‌و بە تەواوی ئەوە لە مێشکمان دەربکەین کە شتێکمان بە شتێکی‌تر چواندووە بەڵکو بکەوینە سەر ئەم باوەڕە کە ئەم دوو شتە هەردووکیان بە بێ کەم‌و زۆر وەکو یەك وان‌و بە یەك شت ئەدرێنە قەلەم ۰۰

٤ ـ تێکەڵ کردنی هەردوولا :

مەبەستی هەرە گەورە لە خواستن هووشەکاری‌یە ، ئەم هووشەکاری‌یەش بە تێکەڵ کرنی هەردوولا نەبێ نایەتەدی ، جا لەم هەنگاوەدا ناوی لەوچوو ـ مشبەبە ـ وەرئەگرین‌و لە شوێن لێچوو دای‌ئەنێین ، یاخود پەیوەستێك لە لەوچوو وەر ئەگرین‌و ئەی دەینە پاڵ لێچوو ، بەم جۆرە ئەم خواستنە ئەبێ بە بەڵگەو ئەوە ئەسەلمێنێ کە دوو شتەکە بە جۆرێ تێکدا رژاون کە ئەگونجێ ناویان بدرێتە یەکترو یەك بۆ ئەوی تر بخوازرێ ۰

٥ ـ نیشانـــەی خواســـتن :

چۆن خواستن پێویستی بە پەیوەندی نێوان هەردوو لا هەیە ئاواش پێویستی بە نیشانەیەك هەیە ئەوەمان بۆ روون بکاتەوە کە نووسەر یـــا قسەکەر لەم وشەیە مەبەستی مانا خواستراوەکەیە نەك مانای راستەقینەی، ئەم نیشانەیەش یا زمانی ــ لغوی ــ ئەبێ ، یا گوزارەیی ــ معنوی ــ

طاهر بەگی جاف ئەڵێ :

دڵ لــە حەسرەت غەمزەکەی دوو نەرگسی پــڕ خەوتەوە
وەك خەمــی زولفت عەزیــزم چــوو بــە روودا کەوتــەوە

طاهر بەگ (دوو نەرگسی) بۆ (دوو چاو) خواســتووە ، لێــرەدا هەستی پێ کردبێ یا نەکردبێ بە هەموو هەنگاوێکی خواستنا رۆیشتووە تا بەم خواستنە گەیشتووە ، لە دڵی خۆیا بە نهێنی دوو چـاوی بە دوو نەرگســـــی چـــوانـــدووەو پەیوەنـــــدی نێـــوانی چـــاوو نێــرگسیش کــــە نەرمی‌یــە بــە ئاشـــکرایی لــە هەردووکیـــان هەیە ، ئنجا طاهر بەگ ئەم لێکچواندنەی لە دڵی خۆیا دەرکـــــــردووەو هەردوولای کردوون بە یەك‌شتو وای داناوە کە چاو ونێرگس یەك شتن‌و موویەك جیاوازی‌یان نی‌یە ٠ ئنجا ناوی (لەوچــوو)ی وەرگرتــووە بــۆ دەربڕینی لێ‌چوو ــ چاو ــ بەو بیانووەی کە هەردووکیان ــ چـــاوو نێرگس ــ یەك شتن جیاوازی‌یان نی‌یە کە بڵێین نێرکس) یابڵێین (چاو) ٠ نیشانەش بۆ: ئەوەی طاهر بەگ مەبەستی چاوە نەك نەرگس ئەوەیە کە ئەڵێ « غەمزەکەی دوو نەرگسی پڕ خەوتەوە٠» چاو ژمارەیان دووە،ئەویش دوو نەرگسی پڕ خەوتەوە ٠ » چاو ژمارەیان دووە ، ئەویش دوو نەرگســی هێناوە ، دیسان غەمزە تایبەتی‌یە بە چاو ، جگە لەمەش خەو ناچێتــە لای نەرگسی هێناوە،دیسان غەمزە تایبەتی‌یە بە چاو ،جگە لەمەش خەو ناچێتە (دوو نەرگس) کە مەبەسە(دوو چاوە) نەك دوو گوڵی نەرگس کە لەسەر بنچێکا روابن‌و بە دەم کزەباوە بە لای یەکدا بشەکێنەوە !

بەشەکانی خواســتن

خواستن بۆ ئەم بەشانەی خوارەوە دابەش ئەکرێ :

١ ــ خواستنی ئاشکراو خواستنی درکاو (الاستعارة التصريحية والمكنية)
٢ ــ خواستنی نەژادیو خواستنی پاشکۆیی (الاصلية والتبعية)
٣ ــ خواستنی راستەقینەو خواستنی رامانی (التحقيقية والتخيلية)

دوو سەرنج :

أ ــ خواستن وەك دەرکەوت شەش بەشە ، ئەو شەشەش جووت جووت ئەوەستن ، هیچێکیان ناتوانێ لەگەڵ بەرامبەرەکەیا بێت واتە بە هیچ چەشنێك نابێ خواستنێك نەژادیبێو لە هەمان کاتیشا پاشکۆیی بێت ٠ یا راستەقینەو رامانی بێ پێکەوە ، یا ئاشکراو درکاو بێت پێکەوە ٠

ب ــ ئەگونجێ یەك خواستن دوو جۆر لەم بەشانەی سەرەوە بگرێتەوە بەو مەرجەی لەگەڵ بەرامبەرەکەیا نەبێت ، وەکو ئەوەی ئەشێ خواستنێك نەژادیو ئاشکرایی بێت لە هەمان کاتا ، یا درکاوو رامان بێ ٠٠

خواستنی ئاشکراو خواستنی درکاو

خواستنی ئاشکرا :

ئەوەیە راستەو راست وە بە ئاشکرایی ناوی (لەوچوو) وەرگیرابێو بۆ دەربرینی مەبەست خواسترابێ ٠ پیرەمێرد ئەڵێ :

ئەڵێن ساڵێك دوانزە مانگە   من مانگم دی چواردە ساڵە

(مانگی چواردە ساڵ) مەبەستی یارە ، مانگی بۆ یار خواستووەو بە ئاشکرایی ناوی لێخواستراو هاتووە کە مانگە ، نیشانەش بۆ سەلماندنی خواستنەکە ئەوەیە (چواردە ساڵە) ٠

خواستنی ئاشکرا دوو جۆرە :

١ ــ خواستنی رێك : هەموو خواستنێك ئەگرێتەوە کە هەردوولای تیا پێکەوە بگونجێن ، وەکو لەسەرەوە باسمان کرد یا وەکو حاجی قادر ئەڵێ :

بە ئومێدی دوو سێی دانەوە حاجی

بە هەرزانی دەدا دەری گرانی

دوری خواستووه بۆ قسەکانی خۆی ، قسەو دورِ زۆر جار پێکەوە ئەگونجێن کە هەردووکیان شتی بە نرخو بەهادارن لە هەمان کاتیشا لە ئاشکرا ناوی – لەوچوو – دورِ – هاتووە ، بۆیە ئەبێ بە خواستنی ئاشکرا ۰

ب – خواستنی بە پلار : ئەوەش وائەبێ کە نەشێ هەر دوولای خواستن پێکەوە کۆببنەوە چونکە دژی یەکترن وەکو رۆناکیو تاریکی کە هیچ پێکەوە هەڵناکەن : خواستنی بە پلار دوو جۆرە : ئەوەتە باسی شتێکی نایابو پەسند ئەکاتو بە ناوی شتێکی کەم ناوی ئەباوەك باسی پیاوێکی قەلەو بکات وبڵێ : (پیاوێکی رەقو لاوازە ۰۰) دووەم وا ئەبێ کە باسی شتێکی زۆر گەندو ناپەسند بکەیتو بە تەوسەوە ووشەیەکی زلی بۆ بخوازێ وەکو بە ترسنۆکێ بڵێی : (شێر بە گوێ ئەگرێ ۰)

خواستنی درکاو :

ئەم جۆرە بەرامبەر خواستنی ئاشکرا ئەوەستێ ، کە بەرامبەریش بوون ناگونجێ پێکەوە بێن ، ئەم جۆرە وا ئەبێ کە (لەوچوو) فرێ بدرێ بەڵام پەیوەست – لازم – یێکی لێ وەربگیرێو بدرێ بە لێچوو ، واتە لەم جۆرە خواستنە تەنها لێچوو ئەووترێ لەگەڵ پەیوەستێکی لەوچوو ۰ (نالی) ئەڵێ :

تا نەگریا ئاسمانو ئەم وولاتی دانەگرت

گوڵ چەمەن ئازا نەبوو هەم لێوی خونچە وانەبوو

خواستنی درکاو لە (تا نەگریا ئاسمان) دایە ۰ لێکچواندنی ئاسمانی کردووە بە ئادەمزاد ،ئادەمزادی فرێداوە کە لەوچووە، بەڵام پەیوەستێکی لێوەر گیراوە کە گریانەو دراوە بە لێچوو کە ئاسمانە ۰۰ هەر ووشەی (گریا)شە ئەبێ بە نیشانەی خواستنەکە ۰

هەندێ کەس خواستنی درکاو بە (لێکچواندنی شاراوە) ناو ئەبەن

بەم بیانووەی لێچوو ئەووترێو پەیوەستێکی لەوچووشی ئەدرێتێ ، کە بەهۆی ئەم پەیوەستە پیاو لەوچووی ئەکەوێتە مێشك .. بەلام لەگەڵ ئەوەشا چونکە لەوچوو راستەوخۆ نەهاتووە ، تەنها پەیوەستێکی وەگیراوە ، ئەم پەیوەستەش بۆ ئەوەیە خواستنەکە بسەلمێنێ .. بۆیە ئەم جۆرەش هەر خواستنەو نابێ بە لێکچواندن .

خواستنی راستەقینەو خواستنی رامانی

خواستنی راستەقینە :

بریتی‌یە لەوەی (بۆخواستراو) کە بەرامبەر (لێچوو)ە ، بەر هەست یا ژیری بکەوێ . گۆران ئەڵێ :

بۆ ماڵ وژن ، بە ژن باوکی چووکی
لە دێیەکی دوور
لە بەندی پیریکی توند کرد بەپیری
ژاکا گوڵی سوور

(ژاکا گوڵی سوور) خواستنی لێکەوتۆتەوە ، کە یاری بە گوڵ چواندووە ، سووری لە گوڵەکە (لێخواستراوە) بۆ یار خواستووە ، لێرەدا دیارە بۆخواستراو شتێکی هەستی‌یە کە یارە : بۆیە ئەبێتە خواستنی راستەقینە . یا علی کمال باپیر ئەڵێ :

بولبولی بێچارە هەستی کرد کە گوڵ باوی نەما
هات‌و سوجدەی بردە بەر باڵای گوڵی زیبای من

خواستنی رامانی :

لە خواستنی درگاو ووتمان پەیوەستێکی لەوچوو وەرئەگیرێو ناسۆری بە مرۆڤ چواندووە ، مرۆڤێکی خوێندەوار کە توانای لە هەمان کاتا ئەبێ بە خواستنی رامانی .. شێرکۆ بێکەس ئەڵێ :

راستە پەنجەی ئاسۆر ئەسەر تیلی بەنتم
هەڵبەستێکی چارەنووسی ووشکی نووسی

ئاسۆری بە مرۆڤ چواندووە ، مرۆڤێکی خوێندەورا کە توانای نووسینی هەبێ ، لەوچوو ـ پیاو ـ فڕی دراوە بەڵام پەیوەستێکی لێ وەرگیراوە کە پەنجەیەو دراوە بە لێچوو کە ئاسۆرە . ئەڵێ (پەنجەی ئاسۆر) وەك ئاسۆر خاوەن پەنجە بێت ، ئەم خواستنە وەك زانیمان ؛ خواستنی درکاوە لە پاڵ ئەمیشا (پەنجە) ئەبێ بە خواستنی رامانی

(تخیلی) چونکە خواستنی رامانی بریتییە لەوەی کە بۆخواستراو نەکەوێتە بەر هەست یا ژێری بەڵکو وێنەیەکی وەهمی رووت بێت . لێرەدا خەیاڵو رامان وێنەیەك بۆ ئاسۆر دروست ئەکا کە لە ئادەمزاد بچێ، هەر ئەو رامانەشە پەنجەیەك بۆ ئاسۆرە خەیالییەکە دروست ئەکا کە وەك پەنجەی مرۆڤ بێت . جا هاتووە (پەنجەی خەیالی وێنەی ئاسۆر)ی بە (پەنجەی راستەقینەی مرۆڤ) چواندووە ، پەنجە ئەبێ بە خواستنی رامانی ، چونکە بۆخواستراو کە وێنەی پەنجە خەیالییەکەیە دەستکردی وەهمو خەیاڵە .. لەم باسەدا بۆمان دەرئەکەوێ کە خواستنی درکاوو خواستنی رامانی زۆر جار بە یەکەوە دێن ، یا بڵێین لە هەر کوێ خواستنی درکاو هەبێ ، خواستنی رامانی هەیە ، چونکە لە خواستنی درکاو ئەبێ نیشانە هەبێ ، نیشانەکەش پەیوەستێکی لەوچووە ئەو پەیوەستەش ئەبێ بە خواستنی رامانی ، بەڵام وا ئەبێ کە خواستنی رامانی بە تەنها بێتو خواستنی درکاوی لە گەڵا نەبێت بەڵام ئەم کاتە ئەبێ لێکچواندنەکەی بەرایی ئاشکرا بکرێتو خواستنە درکاوەکە نەهێشترێ ، (بلە) ئەڵێ :

چۆن ماری دووریت تەزانی دویەتی
ئازارو دەردت رزانی دویەتی

(ماری دووریت) لێکچواندنی رەوانە ، هەروەها لەوچوو ـ مار ـ

دراوەتە پاڵ لێچوو ـ دووری ـ بەڵام کە ئەڵێ (ئەزاندوویەتی) ئـ

دراوەتە پاڵ لێچوو ـ دووری ـ بەڵام کە ئەڵێ (ئەزاندوویەتی) ئـــەم ووشەیە خواستنی لێکەوتۆتەوە ، خواستنی رامانی ـ چونکە خـــەیاڵ وێنەیەکی وەك ماری بۆ دووری‌یەکە دروست کردووە ، چۆن مار تەزاندنی هەیە ئاوا بە خەیاڵ تەزاندنی داوە بە وێنە رامانی‌یەکەی دووری، جا هاتووە (تەزاندنی دووری) بە (تەزاندنی مار) چواندووە ، تەزاندنی مـــاری راستەقینەی بۆ تەزاندنی وێنە خەیاڵی‌یەکە خواستووەو لە شوێن ئـــەوی دانـــاوە ..

خواســـتنی نـــەژادی‌و خواســـتنی پاشـــکۆیی

خواستنی نەژادی :

ئەو خواستنەیە کە (لێخواستراو ـ المستعار منه)ی تیا ناوێك یـــا شتێك بێ بەو مەرجەی ووشەکە (داتاشراو ـ مشتق) نەبێ ، بەڵکو جامد بێت .. (ئـــەختەر) ئەڵێ :

سـەرو مالـم لـە تۆ گـەر چاو بـێ چـاوم
بلـێ ئەوسـاکە ئەختـەر بـێ وەفایـە

(چاو)ی خواستووە بۆ (دوڵبەر) ، چاو کە لێخواستراوە ووشەیەکی نەژادی‌یە، واتە لە هیچ شتێکا دانەتراشاوە بۆیە ئەبێ بە خواستنی نەژادی، لە هەمان کاتیشا چونکە بە ئاشکرا ناوی هاتووە پێی ئەووترێ (خواستنی ئاشکرا) ، دیسان بەر هەست ئەکەوێ کەواتە خواستنی راستەقینەشە .

خواستنی پاشکۆیی :

ئەوەیە کە لێخواستراو ووشەیەکی نەژادی نەبێ بەڵکو داتاشراوبێ ، بۆیەش پێی ئەووترێ خواستنی پاشکۆیی چونکە بە دوای خواستنێکـی ترەوە ئەڕوا ئەویش خواستنی نەژادی‌یە .. حاجی ئەڵێ :

غـەم مەخـۆ قوربـان بۆ قوربانی عیـدی وصلی تـۆ
مودەیێکـە بـەو ئومێـدە حاجی خۆی دابەسـتووە

خواستن لە ووشەی (دابەستووە) هاتووە ، ئەمەشیان ووشەیەکـی داتاشراوە بۆیە پێی ئەووترێ خواستنی پاشکۆیی .

دابەش کردنی خواستن

خواستن بە گوێرەی هەردوولا و گونجانیان لەگەڵ شتی تر ئەکرێ بە سێ بەشەوە :

۱ ــ خواستنی پاڵپێوراو (المرشحة) :

ئەو خواستنەیە کە شتێکی وای لەگەڵا بووترێ لە رستەکەدا کە شتەکە لەگەڵ (لێخواستراو ــ المستعار منه) بگونجێ و لێی بوەشێتەوە، واتە پەیوەندی یەکیان لە نێوانا هەبێ .. (نالی) ئەڵێ :

کەس نەکا مەنعی گوڵم گەرچی دڵی کردوومە خوێن
چونکە مەعلوومە کە ئیشی خونچە هەر خوێنخواری یە

خواستن لە ووشەی (گوڵ) دایە کە مەبەستی یارە ، گوڵ لێ خواستراوە ، (یار) ، بۆ خواستراوە . لەم هۆنراوەیەدا (ئیشی خونچە هەر خوێنخواری یە) هاتووە کە بێ گومان خونچە زۆر چاك لەگەڵ (گوڵ) ــ لێخواستراو ــ ئەگونجێ .

۲ ــ خواستنی پەتی : المجردة :

ئەوەیە کە لەرستەکەدا شتێکی وای لەگەڵا ووترابێ ئەو شتە پەیوەندی بە (بۆخواستراو)ەوە هەبێ و لەگەڵیا بگونجێ .. (بەرزنجی) ئەڵێ :

لای دا سەرپۆش و پەرچەمی شەماڵ
مانگێك هاتەدەر پڕ لە خەت و خاڵ

مانگی خواستووە بۆ روو لە شەوق و پرتەودا (مانگ) لێخواستراوە ،

(ڕەوو) بۆ خواستراوە ، وە لە هۆنراوەکەدا (خەت و خاڵ) هاتووە ، کە پەیوەندی بە رووەوە هەیە ـ بۆخواستراو ـ بۆیە بەم جۆرە خواستنە ئەووترێ (خواستنی پەتی) ٠٠

٣ ـ خواستنی بەرەلا ـ المطلقة ـ :

ئەوەیە کە خواستنەکە ئەهێنرێ بە تەنیا بهێنرێ و هیچ شتێکی وای لەگەڵا نەبێ کە لەگەڵ (لێخواستراو یا بۆ خواستراو) بگونجێ و پەیوەندی دار بێت ٠٠ گۆران ئەڵێ :

هەر چەند گوڵ سیس ئەبێ بگرین
ئالتوونی دار ئەرژێ بگرین

ئالتوونی بۆ گەلای دار خواستووە وە هیچ شتێ راستەوخۆ لە رستەکەدا نەهاتووە کە پەیوەندی بە ئالتوون یا بە گەلای دارەوە هەبێ ٠٠

لەم سێ خواستنە دا ، خواستنی پالێوراو لە خواستنی بەرەلاو خواستنی پەتی بە هێزترە ، لە دوای ئەوەوە خواستنی بەرەلا دێت کە لێخواستراو وبۆ خواستراو سەربەخۆ دێن و هیچ شتێکیان لەگەڵا ناووترێ کە ئەم یا ئەو جەخت بکا ٠٠ بەڵام لە هەموویان کزتر خواستنی پەتیە چونکە ئەمەیان زۆر زۆر ئاشکرایەو بە هۆی ئەو شتەوە کە لە رستەکە دێت بۆ خواستراو زیاتر دەرئەکەوێ ٠٠

خوازەی بەرەللا

وتمان خوازەی زمانی دوو بەشە : خواستن ، خوازەی بەرەللا ، تا ئێستا باسی خواستنمانکرد ، جا تۆرەی خوازەی بەرەللایە ، لە

خوازەی بەرەللا وە نەبێ پەیوەندی نێوان شتە لێخـواسراوەکـەو ویچوون بێت وەك خواستن بەڵکو خوازەی بەرەللا بە هیچ پەیوەندی‌یەك نەبەستراوەو ئەو پەیوەندی‌یانەی کە دوو شتەکە ئەگەیەنە یەکتر ئەوەندە زۆرن ناژمێردرێن ، وا بۆ نموونە چەند پەیوەندی‌یەك باس ئەکەین :

١ ـ پەیوەندی چاوگی (المصدرية) :

کە ئەڵێی (فلان بە دەستە) ، دەست بۆ ئەندامی لەش بە کـار نەهاتووە ، بەڵکو بۆ دەسەلاتو توانای کابرا بەکار هاتووە ، کە لـەم دوو شتە ئەبینەوە (دەستی راستەقینەو دەسـەلاتو دەسـتـرۆیشتن) پەیوەندی نێوانیان لێکچـوون نـی‌یە ، بەڵکو دەسـت سـەرچاوەی دەسەڵاتەکەیە .. جا ئێمە ناوی سەرچاوەکەمان هێنـاوەو بۆ شـتەکە خوازتوومانە کە دەسەڵاتە .

٢ ـ پەیوەندی هاماوی (الكليـة) :

ئەو کاتەی ناوی شتێك بە تێکڕایی بەیتو مەبەستت پارچەیەکـی شتەکە بێت ، یاخود بڵێین هاماو ئەخوازی بۆ دەربڕینی یەك لە پاژە ـجزءـ کانی ئەم هاماوە ، وەکو بڵێی : « ئـاوی دیجلـەم خـواردەوە » لـە راستی‌دا تۆ هەر بڕێکت لەو ئاوە خواردۆتەوە نەك هەمووی .

٣ ـ پەیوەندی پاژەیی (الجزئية) :

وا ئەبێ کە ناوی شتێك بە ناوی بەشێکی‌یەوە بیەیت . واتـە بـۆ دەربڕینی شتێك ناوی بەشێکی وەربگری‌و بیدەی بەو . (نالی) ئەڵێ :

لەو شێخـە بە کەم مەگـرە کە شێخە نەمریـــدە
لـە ریشـە بـە سـەرداری رەئیسێکـی بزانـە

کە ئەڵێ (ئەو ریشە) مەبەستی شێخە .کە ریشـەکە پارچەکـە لـە وجودی شێخەکە ، واتە ناوی پارچەیەکی بۆ دەربڕینی هاماو خواستووە . یا وەکو محمد مولود (مەم) ئەڵێ : «جا هەر بۆ ئەوەی گەلەکەی بە چاکی

ئانەوەی تێدا ، بە هەناسە پڕی بکات ، لەسەر هەر یەکەی دوو چاوی دانابوون ، جوولەو بزووتنەوەی خەلکەکەیان ئەژمارد .. ؟ .. مەبەست بە دوو چاو خاوەنی ئەم دوو چاوەیە .

٤ ـ پەیوەندی شوێنی : (المحلیة) :

ئەوەیە کە ناوی شوێنێك بەیت و مەبەستیشت ئەو شتە بێت کە لەو شوێنە دایە ، گۆران ئەڵێ :

مێــوەی گەیشــتووی زەردو ســـووری بــاخ

جریــوەو جــووکەی دارســـتانی شــاخ

مەبەستی لە (جریوەو جووکەی دارستان) جریوە جریوی ئەو مەلو باڵندانەیە کە لە ناو دارستانەکــە دەنگیان تێکەڵ بــوودو ئاوازێــکی دڵفرێنیان دروست کردووە .. ود لێرەدا ناوی شوێنەکەی لخواستووە کە (دارستانە) بو ئەو شتانەی لە وێ دان کە باڵندەن .

٥ ـ پەیوەنــدی هۆیەتــی (السببیــة) :

کــە نــاوی هــۆوو ســـەبارەتێــك بیــرێو مەبەســت (بەرهۆ ـ مسبب) بێت ، وەك بڵێی : (دە دینارم خوارد) دینار خۆی کافەزەو ناخورێ بەڵام ئەبێتە هۆی کڕینی ئەم شتانەی کە ئەخورێن ... وەپەیوەندی نێوان دینار وشتە خوراوەکان پەیوەندی هۆیەتی‌یە .

٦ ـ پەیوەندی بەرهۆیی (المسببیة) :

ئەوەیە کە ناوی (بەرهۆ ـ مسبب) بووترێو مەبەســت بایس و سەبارەتی شتەکە بێت کە دەست کەوتووە . وەکو :

بــێ هــەولو تەقەلا پــارە لــە هــەوا ئــەبارێ

گیرفــانی هەموو چۆڵو چیــا پــڕ بــوو لــە درهەم

(پارە لە هەوا ئەبارێ) نەبووەو نابێ .. نەدیتراوە درهەمو دینــار

وەکو تەزرەو بەفر دابارێ • بەڵام ئەوەندە [illegible] باران [illegible]
ئەبێتە هۆی دەرچوونو پێگەیشتنی دەغڵو دان ، ئەو دەغڵو دانەش بە پارە ئەدرێ ، کە واتە پارەکە — درهەم — بە هۆی بارانەوە چنگ ئەکەوێ، باران هۆی پەیدابوونی پارەکەیەو پارە بەرهۆی بارانە ••

جا لێرە (بەرهۆ) مان وەرگرتو مەبەستیشن (هۆ)یە کە بارانە •• هەروەکو ئەوەش هەیە کە ئەڵێ (رەحمەت باری)•

٧ — پەیوەندی پەیوەستیو پەیوەستراوی (اللازمية والملزومية) :

وەکو ئەوەی دوو شت پەیوەست پەیوەستراو بن وەکو (رۆژو ڕۆناکی) (ئاگرو گەرمی) •• کە ئەڵێی (هەتاو دەرکەوت) مەبەست رۆژو هەتاو پەیوەستو پەیوەستراون • رۆژ هەبێ هەتاو هەیە ، هەتاو هەبێ رۆژ هەیە ••

٨ — پەیوەندی خاوەنێتی (المالكية) :

ئەوەیە کە یەکێ خاوەنی شتێك بێت ، جا تۆ ناوی خاوەنەکەی بەیتو مەبەستیشت شتەکە بێت ، وەك بڵێی (مەولەوی)م بە ووردی خوێندەوە مەبەست دیوانەکە یا بەرهەمەکانیەتی •• ناوی خاوەنی بەرهەمەکانسان خواست بۆ بەرهەمەکان ••

٩ — پەیوەندی هەبوونی (المملوكيه)

ئەوەیە کە یەکێك خاوەنی شتێك بێتو تۆش ناوی شتەکە بەیتو مەبەستیشت خاوەنی شتەکە بێت •• عبدالله پەشێو ئەڵێ :

لە هەر خاکێ دۆلار بژی
بژێنمەوە سەد (گیڤارا)

مەبەست بە (دۆلار) خاوەنی دۆلارە کە ئەمریکای داگیرکەرە ••

ئەمە هەندێ نموونە بۆ ئەو پەیوەندیانەی کە ئەکەونە نێوان مانای دروستو مانای خوازراو لە خوازەی بەرەلادا •• لە راستیدا ئەم

پەیوەندییەکە ئەوەندە زۆرن کە ئەژمێردرێن بەڵام ئێمە لە بەوەســـتەی
سەرەوە وازمان هێنا ئەوەمان لەبەر چـاو بـوو کە (مسـتێ نموونەی
خەرمانێکـــــە) •

٢ ـ خوازەی ژیری ـ المجاز العقلي ـ

خوازەی ژیری بریتی‌یە لەوە کە شتێك بدەیتە پاڵ شتێکی‌تر کە لـە راستی‌دا هەق نەبێ بدرێتە ئەو ، وەکو (ئەسکەندەر لەشکرەکەی دارای شکاند) ، وە نەبێ هەر بە تەنها ئەسکەندەر چەکی هەڵگرتبێ‌و دوژمنـی بەزاندبێ ، بۆی هەیە هەر شەڕیشی نەکردبێ بەڵام ئەوەندە هەیە ئـەو فەرمانی بە سەربازەکان داوە بۆ لێدان‌و رەتاندنی دوژمن • سەربازەکان دوژمنیان شکاندووە کەچی ناو بۆ ئەسکەندەرە ، کەواتە ئێمە شکاندنی لەشکرەکەمان دایە پاڵ ئەسکەندەر هەر لەبەر ئەوەی کە فەرمان‌و ژیری ئەوی تیایە • یا وەکو بڵێی : « نبوخذنصر باخچە هەڵواسرا وەکانی لـە بابل دروست‌کرد • » لێرەدا ئاشکرایە کە قۆڵی لە قوڕو قوڕەکـــاری هەڵنەکردووە بەڵکو تەنها ژیری بە کار هێناوەو فەرمانی دروستی کردنـی باخچەو کۆشکەکانی داوە ، کەچی شان بە قوڕو کرێکارە رەنجکێشـە کان تیا چەوسانەتەوەو هەڵیان نـاوە ••
بۆمان دەرکەوت کە خوازەی ژیری لە دانەپاڵ هاتـــووە ، دانـە پاڵیش (الاسناد) گەلێ زۆرە :

١ ـ دانــــە پـــاڵ هۆ (الاسناد الى السبب) :

وەك بڵێی : (کۆشکێکم دروست‌کرد) ، لە راستی‌دا تۆ خـۆت لەبەر قوڕکێشان‌و کەرپووچ هێنان نەناوە تا ئەو کۆشکە بە زۆری بازووی پۆڵایینی خۆت دروست بکەی ، بەڵکو کرێکاری ماندوو ئارەقەی روونی لەسەر رشتووەو هێزو ووزەی خۆی لەسەر تواندۆتەوە هەتا هەڵی ناوەو دروستی کردووە ، کەواتە راستی‌یەکەی کرێکارەکە کۆشکی دروسـت

بەڵام چونکە لەسەر بڕیاری تۆو بە هۆی تۆوە [illegible]
کردووە ، دروستکردنی کۆشکەکە ئەدرێتە پاڵ تۆ کە بووی بە هـۆی
بنیات نانی کۆشـکەکە •

٢ ـ دانە پـاڵ کات (الاسناد الی الزمان) :

ئەوەیە لە کاتێکا کە ئیشێ بکرێو لەجیاتی ئەوەی ئیشەکە بدەیتـە پاڵ بکەری خۆی بچی بیدەیتە پاڵ ئەو کاتەوە کە ئیشەکەی تیا کـراوە ، هـــەردی ئەڵـێ :

قەت نەدەی ئازاری گیانی مەستو بێدارانی شـــەو
خۆت نەخەیتە بـەر شەپۆلی ئەشکی بێ پایانی شـەو

کە ئەڵێ (ئەشکی بێ پایانی شەو) مەبەستی ئەشکی ئەو نائومێدو دڵسووتاوانەیە کە لەو شەوەوە لە دۆزەخی ژانو ئازارا ئەژیـنو لافاوی فرمێسکی خوێنییان هەڵئەکات ، جا چونکە ئەشك ڕشتنەکە لە شـەودا بووە بۆیە ئەشکەکەی داوەتە پاڵ شـەو کە کاتی ئەشك ڕشتنەکەیە •

٣ ـ دانە پاڵ شوێن (الاسناد الی المکان) :

ئەوەیە کە ناوی شوێنێ بهێنیتو مەبەستـت ئەو شـتـە بێت کـە لە شوێنەکە دایە • گۆران ئەڵێ :

تەبیعەت زەردو ژاکـاوە لە حاڵی گیـان کەنشتایــــە
نیشـــــانەی ماتەمی پایـــز لــە فرمێسکی درشتایە

سروشت ـ طبیعة ـ هەر سروشتەو ناگۆڕێ ، ئەوەی کە گۆڕانی بـە سەرادێت ـ زەرد ئەبێو ئەژاکێ ـ ئەو شتانەن کە لە سروشتەکـەدا هــەن ••

بەشی سێیەم

درکـــــــه ...!

درکە ئەوەیە کە راستەو راست ناوی شتێك نەبەی بەڵکو بچی ناوی شتێکی‌تر بەی کە پەیوەندی بە مانای یەکەمەوە هەبێت بۆ ئەوەی پیاو لەو مانا باسکراوە بۆ مانا مەبەستە هێما بۆکراوەکە بچێ .

یاخود درکە ئەوەیە ووشەیەك یا کۆمەڵە ووشەیەك بێنی کە واتایەکی دروستی خۆی هەبێت هەر لەو کاتەدا لە رستەکە مانایەکی تر بەدا بەدەستەوە وە مەبەست ئەم مانایەی بەم دوایی‌یە بێت ، دیسان ئەشێ واتا دروست‌و نەژادی‌یەکەت مەبەست بێ چونکە هیچ نیشانەیەك نی‌یە بەرهەڵستی ئەوە بکات کە مانا نەژادی‌یەکەت مەبەست بێت ، وەکو ئەوەی لە جیاتی ئەوەی باسی چاوتێری‌و دەسوازی یەکێك بکەیت‌و بڵێیت : « فلان چاو تێرو دەست بڵاوە لە راست هیچ کەسێکەوە خاوەن ماڵ نی‌یە » بەڵێ ئەم قسەیە راستە بەلاّم پێویستی بە بەڵگەو سەلماندن هەیە کەچی ئەگەر بە درکە دەری ببڕین‌و بڵێین « سەردەرەی دەرگایان بڵندە .. » ئەم قسەیە لەگەڵ ئەوەی سەخاوەتی‌و مێوانداری کابرا ئەدرکێنێ لەگەڵ ئەمیشا بەڵگەی سەلماندنیشی لەگەلاّیە بەلگەشی ئەوەیە کە ئەڵێ « سەردەرەی دەرگایان بڵندە » وبارو بارخانەی مێوانانی بە فراوانی تیا دێتە ژوورەوە .

جیاوازی درکەو خوازە ..!

درکەو خوازە لەم شتانە لەیەك جیا ئەکرێنەوە :

١ ــ درکە بەرهەڵستی ئەوە ناکات کە مانا نەژادی‌یەکمان مەبەست بێت کە ئەڵێی (فلان چۆك درێژە) ئەتوانی بڵێی مەبەست چۆك درێژی‌یەو هیچی‌تر بە بێ ئەوەی بۆمانا درکاوەکە بچیت‌و ئەوە وەربگریت

که مه‌به‌ستت (هێزی)یه ، که‌چی له خوازه‌دا به پێچه‌وانه‌ی ئه‌مه نیشانه‌یه‌ك هه‌یه به‌رهه‌ڵستی ئه‌وه ئه‌کا مانا راسته‌قینه‌که‌مان مه‌به‌ست بێت که ئه‌ڵێی « شێرێکی چه‌کدارم دی » هه‌ر ئه‌بێ مانا خوازراوه‌که‌ت مه‌به‌ست بێت که (پیاوی ئازا)یه ، وه ناتوانی بڵێی مه‌به‌ستم (شێری راسته‌قینه‌یه) چونکه نیشانه‌یه‌ك هه‌یه ئه‌بێ به به‌رهه‌ڵست ئه‌ویش ووشه‌ی (چه‌کدار)ه ، چونکه چه‌کداری هه‌ر بۆ پیاوی ئازایه نه‌ك شێری راسته‌قینه .. واته یه‌که‌م جیاوازی درکه‌و خوازه نیشانه‌یه ، هه‌ندێ له‌و باوه‌ڕه‌دان که درکه بۆ خواستن ئه‌چێته‌وه‌و به‌شیکه له خواستنی ئاشکرا که (بۆخواستراو)ی تیا ئه‌پێچرێته‌وه‌و دیار نابێ هه‌روه‌ها له درکه‌ش ئه‌بێ (درکاو ـ المکنی عنه) وون‌و پۆشراوبێ ، وه ئه‌ڵێن درکه شتێکی تایبه‌تی‌و خواستن شتێکی گشتی‌یه ، واته هه‌موو درکه‌یێك خواستنه ، به‌ڵام هه‌موو خواستنێك درکه نی‌یه ، راست ئه‌که‌ن ئه‌م جۆره که‌سانه که جۆره په‌یوه‌ندی‌یه‌ك له نێواز درکه‌و خواستنا هه‌یه له باره‌ی ئه‌وه‌وه که هه‌ردووکیان ماناو مه‌به‌ستیان دووتره‌و ئه‌که‌وێته په‌نا ووشه ناوبراوه‌کانه‌وه به‌ڵام چونکه نیشانه‌یه‌ك هه‌یه ئه‌م دوو پیشه‌یه لێك ئه‌کاته‌وه ، به هیچ چه‌شنێ ناتوانین بڵێین درکه به‌شێکی خواستنه ..

٢ ــ له درکه‌وه زه‌ین له په‌یوه‌ست ــلازم‌ــه‌وه بۆ په‌یوه‌ستراو ــ ملزوم ــ ئه‌چێ .. جاجی قادر ئه‌ڵێ :

هه‌تا وه‌ك ئاگری نێوکان له‌گه‌ڵ یه‌ك
ئه‌گه‌ر تۆفان بێ له‌شکرتان به پووشه‌ك
له گوێی گا نووستوون بۆیه‌کا رێوی
له‌سه‌ر نێوه وه‌ها شێرگیره وه‌ك سه‌گ

(له گوێی گا نووستوون) درکه‌یه له‌غه‌فله‌تی‌و بێ‌ئاگایی ئه‌م گه‌له .. له گوێی گا نووستن په‌یوه‌سته ، بێ‌ئاگایی په‌یوه‌ستراوه ــ وه ئێمه به‌هۆی مانای (له گوێی گا نووستوون) ئه‌توانین به مه‌به‌ست بگه‌ین که غه‌فله‌تی‌یه .. به‌ڵام له خوازه‌دا ئیش پێچه‌وانه‌یه ، زه‌ین‌و بیر له په‌یوه‌ستراو ــ ملزوم ــه‌وه ، بۆ په‌یوه‌ست (لازم) ئه‌چێ .. (حه‌ریق) ئه‌ڵێ :

هەر کەسێ دانگێ شعوری بێ شعیرێکی هەیە ‥
کە ئەڵێ : (شعیرێکی هەیە) ، شعیری خواستووە بە کەمی ، شعیر:ئە بەشێکە لەو کەمە : کەم پەیوەستە شعیر پەیوەستراوە ‥ لێرە لە پەیوەستراوەوە ئەچین بۆ پەیوەست ‥

بەشەکانی درکە

درکە یا لە سیفەت ئەبێ ، یا لە خودی شتەکە ، یا لە هاوگری ـنسبةـ ئەبێ ٠

١ ـ درکە لە سیفەتی شت : وەکو :

دوژمنی ئەو دانەیە نانی پێ ئەخوا ٠
بیکوژی پولێکی لە دەست نایێتەوە ٠
گو کولێنەوەیەکی بەراستی‌یە

ئەم سێ رستەیە ، هەریەکەیان رژدی‌و رەزیلی کابرا ئەدرکێنێ ، وە رژدی خۆی سیفەتێکی کابرایە ٠ حاجی ئەڵێ :

ممکن نی‌یە دەر بچێ لە چنگی
هەتتا رەقەم‌و خەتی فەرەنگی

ئەم دێڕە هۆنراوەیە زیرەکی کورد ئەدرکێنێ کە مومکن نی‌یە (رەقەم‌و خەتی فەرەنگی) لە دەست دەربچێ بێ ئەوەی لێکی بداتەوەو تێی بگا ، ئەم هۆنراوەیە درکەیە لە سیفەتێك کە زیرەکی‌و بلیمەتی‌یە

درکە لە سیفەتی شت دوو جۆرە :

أ ـ درکەی نزیك : ئەوەیە هیچ هۆ ـ واسطە ـی تیا نەبێ بۆ گواستنەوەی بیر لە پەیوەستەوە بۆ پەیوەستراو ، بۆیەش درکەی نزیکی پێ ئەووترێ چونکە پیاو راستەوخۆ تێی ئەگاو ودری ئەگرێ ٠ مەدهوش، ئەڵێ :

بێخەیتــــە ئاگـــــر بــۆن ســـۆی لێنایـــــە
زۆر پەشـــێمانــم ، خۆزگـــــە نـــەم دیایـــــە

ئەمەش درکەیە لە روتیو بێبەرگی کە هەر زوو گوێگر تێیئەگا ..
یـا (نـالی) ئـەڵێ :

کەللە وەك جەرەی شەرابی پڕ نشـــاطو تەڕ دەمـاخ
شێری نەڕ،ئاهووی بەڕ،گورگی سەفەر ، قامچی نەچێژ

(قامچی نەچێژ)درکەیە لە چوستو رەهوانی .

ب ــ درکەی دوور : ئەوەیە کە زەین بە هی چـەند ســـەبارەتو باسێکەوە لە پەیوەستەوە بۆ پەیوەستراو بچێ ، واتە ئەبێ بایسو هۆیەکی زۆر هەبێتو هێنانو بردێکی زۆر بکەیت تا بگەی بەو سیفەتەی کـــە رستەکە ئەیدرکێنێ ، هەر لەبەر ئەوەشە پێی ئەووترێ درکەی دوور .. چونکە ئەبێ ماوەیەکی درێژ ببڕی تا بە مەبەست ئەگەی وەکو « پیسانـی نایێ لە برسا » درکەیە لە نەبوونی کابرا چونکە ئەم رستەیە وا ئەگەیەنێ کە کابرا پیسایی نایە ، پیسایی نەهاتنەکەی لەبەر ئەوەیە مەعدەی خالی یە، بۆیەش مەعدەی بە تاڵە چونکە چی نیە بیخوا ، ئەویش لەبەر دەســت کورتی یە .. کەواتە لێکدانەوەیەکی باشی ئەوێ تا بەوە ئەگەیـن کابــرا هەژارە .. یا بــێ کەس ئەڵــێ :

بــــەلام کە وەختــێ مانگ هەشــتو نــۆی بــێ
کیســـەی چـــۆڵ ئەبــێ هەر خۆی بـــە خۆی بــێ .

٢ ــ درکە لە خودی شتەکە :

ئەوەش وا ئەبێ کە خاسەوێژێك یا پتر بینێت کە هەموویان پێکەوە بە تێکڕایی هەر خودی شتەکە بدرکێنێنو بەس .. مەولەوی ئەڵێ :

راستـش هــەر ئێـــدەن (اظهـــار)م کـــەردەن
قەســـــەم بـــەو کەســـە نـــەزاد نەمەرگـــەن

واتە سوێندم بەو کەسەی کە نەبووەو نامرێ ، لێرەدا (نەبـــووندو نەمردن) دوو سیفەتن پێکەوە خودێ خودا دەرێ ئەخەن ، تەنها خودایـە ئەم سیفەتەی لێ کۆبێتەوە ٠٠ یا گۆران ئەڵێ :

بـــە ســــــووریکی‌تـر ئەستێـــرەی ئینسـانگر
قـــەومی کۆنـــی خســـتەوە جەژنـــی ئاگـــر

(ئەستێرەی ئینسانگر) درکەیە لە (زەمین)

یاخود وەکو ئەڵێن : « نانە خۆری پێنج ئەنگوست » ئەمە درکەیـە لە ئادەمزاد ٠٠ لێرەدا دوو سیفەت هەن : یەکەم نان خۆری ، دووەم پێنج ئەنگوستی ،هەردووکیان پێکەوە خودی ئادەمزاد ئەدرکێنن چونکە ئـەم دوو سیفەتە پێکەوە لە هیچ شتێکا نین ئادەمزاد نەبێ ، بەڵێ راستە هەندێ گیانداری‌تر هەن پێنج پەنجەیان هەیە ، بەڵام ووشەی پەنجە تایبەتی‌یە بـە ئادەمزادو بۆ گیاندارانی‌تر چەپۆك یا جینجۆك بەکار ئەبرێ ، ئەوەش بـە جێی خۆی بەڵام خۆ گیاندارانی‌تر وەکو ئەو نان خۆرین ، با بـەرێ کەوت ئانیش بخـۆن ژیانیان بەو نانە نەبەستراوە ، جا دیارە ئـەم دوو سیفەتە (نانە خۆری پێنج ئەنگوست) تەنها خودی ئادەمزاد ئەدرکێنن ٠

ئەتوانین بڵێین ئەم مەیلو مەتەلانەی لە ناو کوردەواری شـــەوی درێژی زستانی پێ ئەکەنەوە هەموویان بەر ئەم جۆرە درکەیە ئەکـەون : چونکـــە ئـــەو کەســـەی مەیلـــێ یا مەتەلـــێ دێنـــێ دوو ســـێ ســـیفەتـــی وا دێنـــێ کـــە تەنهـا لـــە شـــتێکدا هەن ، ئەگەرچی تاکە تاکی ئەم سیفەتانە رەنگە باڵ بەسەر شتی تریشا بکێشن بەڵام بەتێکڕایی تەنها شتە مەبەستەکە ئەدرکێنن‌و هیچی‌تر ٠٠٠ ئـــەو مەتەلانەش زۆربەیان لە شێوەی سەرواداری رێك‌و جوان داڕێـــژراون ، ئەمەش چەند نموونەیەك لەو مەتەلە خۆماڵی‌یانـــە :

١ ـــ جۆ نەخۆری بار لە پشت ٠٠٠ ئەستێرك

٢ ـــ بە سێ برایان مێزەرەك ، بە دوو خوشکان گێزەرەك ٠٠ نەرشـــەو تیـــرۆك

٣ ــ دووی زەق ، دووی نەق ، دووی رەق ، چزری چەق .... بزن .

٤ ــ دەرخوونە ، لە دەو فوونە ، پڕی روونە ..... دروونە

٥ ــ شیری لێدەی شەق نابی ، ئاوی لێ دەی تەڕ نابی ... سێبەر .

٦ ــ هەندووکە ، بە دندووکە ، لە پێش خانمان دەڵێی بووکە .. چرا

دەرکە لە خودی شتا ئەکرێ بە دوو بەشەوە :

أ ــ درکەی نزیك : ئەوەیە کە سیفەتەکە یاسیفەتەکان راستەو خۆ شتەکە پیشان بدەن وەك بڵێی «گوێدرێژەکەم بەسەر کردەوە»، گوێ درێژ درکەیە لە «کەر» ئێمە لەگەڵ بیستنی ئەم رستەیە هەر زوو زوو بۆ لای مەبەست ئەچین چونکە گوێ درێژی خاسەوێژێکی تایبەتییە بە کەر .

ب ــ درکەی دوور : ئەوەیە کە سیفەتەکە یا سیفەتەکان راستەوخۆ بێ ووردبوونەوە خودی شتەکە نەدرکێنن بەڵکو چەند هۆو سەبارەتێك هەبێ کە ئەو سیفەتە یا ئەو سیفەتانە بگەیەنێ بە شتەکە وەکو بۆ درکاندنی ئادەمزاد بڵێی : « گیاندارێکی رەوانە » ئەمە پێویست بە لێکدانەوە ئەکا کە ئەو گیاندارە رەوانە رەوانیش لە قسەکردنەوە ئەبێت ، کە قسەکەریش بێ دیارە ئادەمزادە چونکە ئەم سیفەتە کە قسەکردنە تەنها لە ئادەمزادا هەیە ،جا لەبەر ئەمە ئەم جۆرە درکەیە پێی ئەووتری درکەی دوور .

٢ ــ **درکە لە هاوگری :**

ئەوەش وا ئەبێ کە سیفەتێك یا کۆمەڵە سیفەتێك بدەیتە کەسێکەوە یا شتێکەوە ، بەڵام وا نەبێ راستەوخۆ ناوی کەسەکە یاشتەکە بێنی کە سیفەتەکانی ئەدەیتێ بەڵکو هەموو سیفەتەکان ئەدەیتە پاڵ شتێك کە ئەو شتە تایبەتی بێ بە کابراوە ، کە سیفەتەکان لەو شتەدا هەبوون مانای وایە لە کابراشدا هەن .. بێ کەس ئەڵێ :

سەعادەت بوو بە بەرگێکو کرایە بەر هەموو فەردێ
نەمانەخباری ناخۆشی لە دڵ دەرچوو هەموو دەردێ

راستەوخۆ سەعادەت ـ بەختیاری ـ نادا بە خەلکەکە بەلکو ئەیانکا بە بەرگێکو بەرگەکە لەبەر هموو خەلکەکە ئەکا ، جا کە بەرگەکە هەبوو مانای وایە بەختیاری‌یەکەش هەیە ـ کامەران ئەڵێ :

ئەو گوڵەی خەزانی وەرانی‌و نەمرد   ئەو دڵەی ناسۆر لە هیوای نەکرد
ئەو پریشکانەی دامردنەوە   بەڵام هەمیسان گڕیان گرتەوە
ئەو ئەستێرەیەی کشا بۆ ناو چەم   لەسەرەمەرگا خەندەی لەسەر دەم
ئەو مەلەی‌بای وەشت باڵی هەڵوەران   لە بەستە ووتن نەکەوت لە ئاسمان
وان لەناو دڵی منا مێوانن   چونکە نموونەی قەت کۆڵ نەدانن.

کامەران چەند نموونەیەکمان بۆ دێنێ لە تێکڕا نموونەی کۆڵ‌نەدان‌و نەبەزین‌و خۆراگرتنە ، نموونەی سووربوونە لەسەر ژیان ، نموونەی سەرشۆڕنەکردنە ، ئەو نموونانە دێنێ‌و ئەیانکا بە مێوانی دڵێ خۆی ، کە لە دڵی ئەوا هەبوون مانای وایە لەو داهەن بەڵام کامەران راستەو راست کۆڵ‌نەدانەکە نادا بە خۆیەوە بەلکو ئەو هێزەی کۆڵنەدانە ئەدا بە چەند شتێکەوە « گوڵی وەریو کە نەمرێ ، دڵی ناسۆراوی کە هیوای نەبڕێ ، پڕیشکی دامردوو کە گڕ بکرێتەوە ، ئەستێرەی سەردو لێژبوو کە پێ‌بکەنێ ، مەلی باڵ وەریو کە بەستە نڵێ ٠٠ » جا ئەو هەموو شتانە ئەکا بە مێوانی لانەی دڵی‌خۆی ، کە ئەو هەموو شتە لە ناو دڵی ئەودا هەبوون مانای وایە دڵی خەستی کۆڵنەدانە ٠٠ یا علی کمال باپیر ئەڵێ :

خەلکی ئیمڕۆ وا لەسەر ئەوجی فەلەك جەولان ئەکەن
هەر وەکو ماسي لە دەریادا سەفاو سەیران ئەکەن
ئەگبەتی‌و بێ عەقلی داوێن گیری ئەم کوردانەیە
بۆیە تازە حەز لە زەرگ‌و تەپڵ‌و دەف لێدان ئەکەن .

تەوس ـ التعريض ـ

تەوس وا ئەبێ کە یەکێ قسەیەك یا ئیشێك بکا تۆش ئیشەکەیت بە دڵا نەبێت‌و پەندێ یا هۆنراوەیێ یاقسەیەکی وا بکەیت، کە پێچەوانەی ئیشەکەی ئەو بێت‌و رسوای بکا، ئەوەی لە ژێرەوە بۆ دەربخا کە ئیشەکەی جوان نی‌یەو پێویست بە هاتنەوە سەرخۆ ئەکا .. وەکو ئەوەی یەکێ درۆ بکات‌و فیشاڵی گرەو لە رەشەبا بباتەوە تۆش ئەمەی بەسەرا بخوێنی «درۆ پیاو سووك ئەکا»، دیارە بە تەوسەوە ئەم قسەیەی پێ‌ئەڵێی .

لەوەوە بۆمان دەرئەکەوێ کە (تەوس ـ التعریض) هەر ئەوەندەیە هێما بۆ مەبەست ئەکا، ئەو هێما کردنەش لە قسەکەوە دەر ئەکەوێ .. ئەمەشیان بە ئاکە ووشەیەك نابێ بەڵکو بە رستەو دێرە هۆنراوە دەر ئەکەوێ ..

تێبینی :

بە هیچ جۆرێ ناتوانین تەوس بە درکە دابنێین یا بە شێکی ئەوی بدەینە قەڵەم، وەکو ئەوەی هەندێ کەس (تەوس) بە بە شێکی درکەی دائەنێن، ئەو کاتەی کە بەم جۆرە درکە دابەش ئەکەن :

١ ـ التعریض ـ تەوس ـ

٢ ـ التلویح

٣ ـ الرمز

٤ ـ الایماء

فەرهەنگۆکی زاراوەکان

کوردی	عەرەبی
رەوانبێژی	البلاغة
روونبێژی	البیان
جوانکاری	البدیع
واتاشناسی	علم المعانی
درێژبڕی	الاطناب
رێسه	الاطناب
کورتبڕی	الایجاز
لێکچواندن	التشبیه
بنەڕەت	الرکن
لێچوو	المشبه
لەوچوو	المشبه به
لێکچوون	وجه الشبه
ئەوزار	الاداة
لێکچواندنی جەختاو	التشبیه المؤکد
= بەرەلا	التشبیه المرسل
= درێژه	التشبیه المفصل
= قوله	التشبیه المجمل
= رەوان	التشبیه البلیغ
= تەخت	التشبیه التسویة
= کۆ	التشبیه الجمع
= بلاو	الشبیه المفروق
= پێچراو	التشبیه الملفوف
= دووسەره	التشبیه المعکوس
= ئاوەژوو	التشبیه المقلوب

کوردی	عەرەبی
= پەسندیده	التشبیه المفضل
= وێنه	التشبیه الصورة
وەکیەکی	التشابه
ژیوار ـ دۆخ	الحال
دزێوکردن	تقبیح
تەوس	التعریض
دروستوخوازه	الحقیقة والمجاز
دروستیزمانی	الحقیقة اللغویة
دروستی نەریتی	الحقیقة العرفیة
خوازە زمانی	المجاز اللغوی
خوازەی بەرەلا	المجاز المرسل
خواستن	الاستعارة
وێچوون	المماثلە
خوازەی ژیری	المجاز العقلی
بۆخواستراو	المستعار له
لێخواستراو	المستعار منه
خواستراو	المستعار
نیشانەی خواستن	قرینه الاستعارة
خواستنی ئاشکرا	الاستعارة التصریحیة
= درکاو	الاستعارة المکنیة
= نەژادی	الاستعارة الاصلیة
= پاشکۆیی	الاستعارة التبعیة
= راستەقینه	الاستعارة التحقیقیة
= رامانی	الاستعارة التخیلیة
= پالیوراو	الاستعارة المرشحة

کوردی	عەرەبی
خواستنی پەتی	الاستعارة المجردة
= بەرەلا	الاستعارة المطلقة
چاۆوکی	المصدری
هاماوی	الکلی
پارەیی	الجزئی
شوێنی	المکانی
هۆیەتی	السببی
بەرهۆیی	المسببی
خاوەنێتی	المالکی
هەبوونی	المملوکی
درکە	الکنایة
هاوگری	النسبە

سەرچاوەکان

١ ــ اسرار البلاغة في علم البيان ــ الامام عبد القاهر الجرجاني
٢ ــ سر الفصاحة ــ للامير ابى محمد عبدالله بن محمد بن سعيد بن سنان الخفاجي الحلبى
٣ ــ مجموع المتون الكبير ــ مجموعة من العلماء (٦٣ متن)
٤ ــ التبيان في علم البيان ــ لابن الزملكان • تحقيق احمد مطلوب وخديجة الحديثي
٥ ــ الصناعتين في الكتابة والشعر ــ ابو هلال العسكري
٦ ــ البيان والتبين ــ الحاجظ
٧ ــ علم البيان ــ الدكتور بدوى طبانه
٨ ــ البيان العربى ــ الدكتور بدوى طبانه
٩ ــ البلاغة عند السكاكى ــ احمد مطلوب
١٠ــ جواهر البلاغة ــ احمد الهاشمى
١١ــ التلخيص في علوم البلاغة ــ الامام جلال الدين محمد بن عبد الرحمن القزوينى الخطيب
١٢ــ البلاغة العربية في دور نشأتها ــ سيد نوفل
١٣ــ الادب والبلاغة ــ ابراهيم على ابو الخشب
١٤ــ فن التشبيه (٣ اجزاء) ــ على الجندي
١٥ــ علم المعانى ــ درويش الجندي
١٦ــ مختصر المعانى ــ سعد الدين التفتازانى
١٧ــ البيان ج٤ ــ لجنة من وزارة التربية والتعليم المصرية
١٨ــ المثل السائر ــ ابن الاثير
١٩ــ بلاغة ارسطو بين العرب واليونان ــ الدكتور ابراهيم سلامة

٢٠ـ البديع في نقد الشعر ـ ابن المعتز
٢١ـ البلاغـــة ـ بهاء الدين الاثري [illegible]
صادق
٢٢ـ الادب والنصوص والبلاغة والعروض ـ عمر دقاق وعبد الفتاح عكاش وكامل صيف
٢٣ـ فن الجناس ـ على الجندي

٢٤ـ دفاع عن البلاغة ـ أحمد حسن الزيات
٢٥ـ دراسة في الادب المقارن والمذاهب الادبية ـ صفاء خلوصي
٢٦ـ البلاغة الواضحة ـ على الجارم ومصطفى امين
٢٧ـ رسالة الاستعارة والبيان ـ ملا ابو بكر المير روستمي (مخطوطة)
٢٨ـ الاسلوب ـ احمد الشايب
٢٩ـ المجمل في فلسفة الفن ـ ب- كروتشه : ترجمة سامى الدروبى
٣٠ـ الاحساس بالجمال ـ جورج ساتيانا : ترجمة الدكتور محمد مصطفى
٣١ـ الاديب وصناعته ـ مجموعة من المقالات : ترجمة جبرا ابراهيم جبرا
٣٢ـ البلاغة العصرية واللغة العربية ـ سلامة موسى
٣٣ـ الذوق الادبى ـ ارنولد بنيت : ترجمة على الجندى
٣٤ـ اراء واحاديث في اللغة والادب ـ ساطع الحصرى
٣٥ـ الجمال والفن ـ الدكتور ماهر كامل
٣٦ـ الواقعية في الأدب الكردى ـ الدكتور عز الدين رسول
٣٧ـ اصول النقد الادبي ـ احمد الشايب

٣٨- التوجيه الأدبي — طه حسين ، احمد امين ، عبد الوهاب عزام ، محمد عوض محمد

٣٩- شرح تحفة الخليل في العروض والقوافي — عبد الحميد الراضي

٤٠- فنون الادب — چارلتن: ترجمة الدكتورزكي‌نجيب محمود

٤١- مێژووی ئەدەبی کوردی — علاء الدين سجادي

٤٢- ئەدەبی کوردیو لێکۆڵینەوە لە ئەدەبی کوردی — علاء الدين سجادی

٤٣- دەستوورو فەرهەنگی زمانی کوردیو عەرەبی فارسی — علاء الدين سجادی

٤٤- شیعرو ئەدەبیاتی کوردی (ب ٢) — رفيق حلمی

٤٥- فەرهەنگی خاڵ (٢ جزم) — شێخ محمدی خاڵ

٤٦- فەرهەنگی رابەر — گیوی موکریانی

٤٧- آواو دەستوورا زمانی کوردی — جگەر خوێن

٤٨- فەرهەنگا کوردی — جگەر خوێن

٤٩- فەرهەنگی هەڵبەست — احمد رشوانی

٥٠- سایکولوجیەتی خوێندنەوە — حمە کریم هەورامی

٥١- زاراوەی زانستی کوردی — نەقابەی مامۆستایان - ژمارە ٦

٥٢- هەندێ زاراوەی زانستی — جمال نەبەز

٥٣- دیوانو چاپکراوەکانی کوردی

ناواخن

بابەت	لاپەرە

سوپاس

- بۆ نەقابەی مامۆستایانی کوردستان
- بۆ یەکێتی نووسەرانی کورد ـ لقی هەولیر
- بۆ مامۆستا اسماعیل حمد سلیمان ـ بەرێوەبەری قوتانخانەی سیروان ـ هەولێر
- بۆ مامۆستا فاضل رشید ـ سانەوی هەولێر ـ
- بۆ عبد الجبار عبدالله گەردی ی ئەندازیار
- بۆ کاك محمدی ملا کریم
- بۆ خۆشنووس کاك محمد زادە
- بۆ کاك ممتاز جیدری

کە هەریەکە بەپێی توانا دەستی یارمەتیان بۆ درێژکردم

- بۆ کاك محمود زامدار ـ کە سەرپەرشتی لە چاپدانی ئەم کتێبەی کرد

رقم الایداع فی المکتبة الوطنیة ببغداد ٦٢٢ لسنة ١٩٧٢